
کاروان عەلی

# رۆژنامەگەریی تایبەتمەند




گرنگترین بوارەکانی رۆژنامەگەریی کوردیی تایبەتمەند

١٩١٤– ١٩٩١

چاپی یەکەم

# ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند

کاروان عەلی

# ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند

گرنگترین بوارەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردیی تایبەتمەند

1991 -1914

چاپی یەکەم سلێمانی 2007

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)
زنجیرە: 56

ناوی کتێب: ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند
نووسەر: کاروان عەلی قادر
بابەت: ڕۆژنامەگەریی
بەرگ: عامر عوبێد
چاپ: چاپی یەکەم، سلێمانی
تیراژ: 500 دانە
چاپخانە: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی

**پێشکەشە بە**

**هەموو ئەو رۆژنامەوانانەی کە سەربەرزانە رۆژێك لەڕۆژان قسەیەکی**

**رەوایان لەکات و شوێنی خۆیدا کردبێت**

# ناوەرۆک

پێشەکی
**بەشی یەکەم**
**1-1 : هۆکارەکانی دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند**
**1-2 : رۆژنامەگەریی تایبەتمەند چییە؟**
**1-3 : ئاستەکانی تایبەتمەندبوونی میدیای نووسراو**
**1-4 : پایەکانی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند:**
یەکەم-رۆژنامەوان
دووەم-بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند
سێیەم-کەناڵ و جۆرەکەی
چوارەم- جەماوەری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند
**1-5 : ئەرکەکانی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند**
**1-6 : خەسڵەتەکانی کاری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند**
**پەراوێزی بەشی یەکەم**

**بەشی دووەم**
**2-1 : ئامرازەکانی رۆژنامەگەریی جەماوەریی تایبەتمەند**
**2-2 : بوارەکانی کاری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند**
**2-3 : سەرچاوەکانی زانیاری لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند**
**2-4 : مەرجەکانی ئامادەکردنی بابەتی رۆژنامەوانیی تایبەتمەند**
**2-5 : جۆری هونەرەکانی رۆژنامەوانیی لە میدیای تایبەتمەند**
**2-6 : نووسەرو ئامادەکاری بابەتە تایبەتمەندەکان**
**2-7 : شێوازی گەیاندنی بابەت و کەرەستە رۆژنامەوانییە تایبەتمەندەکان**

**بەشی سێیەم**
**3-1 : رۆژنامەگەریی کوردی**
**3-2 : کەناڵی میدیای کوردیی تایبەتمەند**
**3-3 : بوارو ئاستەکانی تایبەتمەندبوون لە رۆژنامەگەریی کوردیدا**
- بواری ئافرەت

- بواری منداڵان
- بواری خوێندکارو لاوان
- بواری پەروەردەیی و زانست
- بواری ئەدەبی و رۆشنبیری
- بواری تەندروستی و کاروباری پزیشکی
- بواری وەرزشی
- بواری کاروباری سەربازی
- بواری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری
-بواری هونەر
- بواری مامۆستا
-بواری کرێکاران
-بواری ئابووری
4-4: **کۆتایی**

## بەر لەدەستپێك

پێویست ناكات لەپێگەو بایەخ و ئەرك و رۆڵەكانی رۆژنامەگەری و كاری میدیایی بدوێین، چونكە بێگومان ئەوەی ئەم كتێبەی بكەوێتە بەردەست و بیخوێنێتەوە، لەسەرێكەوە بەدڵنیاییەوە خۆی لانی كەم برێك شارەزایی لەسەر ئەم لایەنانەی میدیا هەیەو لەلایەكی تریشەوە لەدوو تویێی ئەم كتێبەدا، ئاشنای كۆمەڵێك لەم لایەنانەی میدیا دەبێت، بۆیە ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت رۆژنامەگەریی كوردیی تایبەتمەندە بەتایبەتیش كەئەم كتێبە لەبەشی سێیەمیدا، تەرخانكراوە بۆ قسەكردن لەسەر رۆژنامەگەریی كوردی و ئەو بوارانەی ژیان كە كورد تێیدا كاری رۆژنامەگەریی كردووە.

رۆژنامەگەریی كوردی راستە مێژوویەكی دوورو درێژی هەیەو زیاتر لە سەدەیەكە ساڵە هەوڵی لەم بوارەدا هەیەو كاری تێدا كردووە، بەڵام ئەم كاروانەی میللەتی ئێمە لەم بوارەدا هەرگیز لەبارودۆخێكی ئاسایی و گونجاو نەبووەو بەرێڕەوێكی ئارام و بێ گرفتدا گوزەری نەكردووە لەكاتێكدا زۆربەی هەرە زۆری میللەتانی دنیا، بەوانەی دەوروبەریشەوە، چ دەوڵەت بەمكارە هەڵساوە یان لەلایەن تاك و گرووپ دەستەو حزب و رێكخراوەكانەوە، كاری رۆژنامەگەریی ئاشكرایان كردووەو لەڕووی تەكنیك و عەقڵیی بوارەكەشەوە، توانایەكی باشیان هەبووە، لەبەرامبەردا میللەتی كورد سەرەڕای ئەوەی كە تا ساڵی 1991 زۆربەی كات كاركردنی لەم بوارەدا نهێنیی بووە، لەهەمان كاتدا لەهەموو روویەكی تری فەرهەنگییەوە گەمارۆی لەسەربووەو هەر لەڕووی تەكنیك و پێداویستییەكانی ئەم بوارە بگرە تا دەگاتە توانای مرۆیی، لەنزمترین ئاستدا بووە لەچاو میللەتانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا، دەیان ئەستێرەی دیاری نێو ئاسمانی رۆژنامەگەریی كوردی، دەیان كارناسانی نێوەندی رووناكبیریی، سەرەڕای دژواریی كاری نێو ئەم بوارە، هەنگاو بەهەنگاو رووبەڕووی هەموو هەوڵەكانی ناحەزو داگیركەران

دەبوونەوەو بـەدەرکردنی هـەر بڵاوکراوەیـەك لەهـەر بوارێکدا، داسـتانێکی بـێ وێنـەیان تۆماردەکردو بەمەش ئارامییان بەدڵ و دەروونی جـەماوەری تینـوی کـورد دەبەخشـی و ئاسـۆی فەرهـەنگی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و زانسـتیان روونـتر دەکـردەوە، کەواتــە ئاســاییە لــەبارودۆخێکی وەك ئــەوەی کــورد بەدرێــژایی مێــژووی نــوێ پێیــدا تێپەڕیوە، وەك چـۆن لـە زۆربـەی بوارەکـانی دیکـەش دواکـەوتووین، لەرۆژنامەگـەرییش دواکەوتووبین. بەمپێیەش، بڵاوکراوە رۆژنامەوانییەکان نەیانتوانیوە بەپێی پێویسـت بـۆ ماوەیـەکی درێژخایـەن، مامەڵـە لەگـەڵ بـوارە جیاجیاکانـدا بکـەن، بـەڵکو تـەنها چـەند بوارێکی کەم بەپێی پێویستیی قۆناغەکان بۆتە بابـەتی کـاری رۆژنامەگـەریی و تەمـەنی زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەش کورتخایـەن بـووە ئەمەجگـە لـەوەی لـەڕووی تەکنیکیشـەوە، لاوازیی بەکارەکانەوە دیاربووە، ئەوەندە نەبێت لـەڕووی ناوەرۆکـەوە بەشـی زۆری ئـەو بڵاوکراوانە، هەوڵیانداوە لەگەڵ ویست و خواستی جەماوەرو قۆناغەکە خۆیان بگونجێنن.

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە، هەوڵێکی خێراییـە بـۆ ناسـاندنی رۆژنامەگـەریی کـوردی تایبەتمەندو پۆلێنکردن و دەرخستنی گرنگترین ئەو بوارانەی کە کارناسـانی فەرهـەنگ و رۆژنامەگەریی کوردی عیراق بەدرێژایی نزیکەی (77) ساڵ، واتا لـە سـاڵی (1914)ەوە تـا سـاڵی (1991) کاریـان تێـداکردووەو بڵاوکـراوەی رۆژنامـەوانیان بـۆ دەرکـردووەو هەروەها هەوڵێکیشە بۆ پێناسەکردن و وردکردنەوەی زۆربەی لایەنـەکانی رۆژنامەگـەریی تایبەتمەنـد بەشـێوەیەکی گشـتی، بـەهیوای ئەوەشـم، تـوانیبێتم لانـی کـەمی ئـەم دوو ئامانجـەم پێکابێـت و تـا ئەوپـەڕیش لەهەڵـەو کـەموکوڕیی بـەدووربووبم و دواجـاریش کەلێنێکی دیکەی کتێبخانەی کوردیم لەبواری رۆژنامەگەریی پڕکردبێتەوە.

**نووسەر**

2007-3-31

## هەندێ لە زاراوەکان

میدیای نووسراو: مەبەست لێی هەموو کەناڵێکی راگەیاندنی چاپکراوە وەك رۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەو کتێب و... هتد.

میدیای بینراو: مەبەست لێی تەلەفزیۆنە.

میدیای بیستراو: مەبەست لێی رادیۆیە.

رۆژنامەوان: رۆژنامەنووس، میدیاکار

رۆژنامەوانی تایبەتمەند: مەبەست لێی ئەو رۆژنامەوانەیە لەبوارێکی تایبەتمەند کاردەکات(الصحفی المتخصص)

میدیا: رۆژنامەگەریی، راگەیاندن

میدیای تایبەتمەند: رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، راگەیاندنی تایبەتمەند

وەرگر: جەماوەر یان ئەو کەسانەی پەیامی میدیای پێدەگات وەك خوێنەر، بینەر، گوێگر

پەیامی راگەیاندن: بابەتی رۆژنامەوانیی، بابەتی میدیایی

کەناڵەکانی میدیا: تەلەفزیۆن، رۆژنامەو گۆڤارو چاپەمەنییەکان، ئینتەرنێت، رادیۆ

کەناڵی میدیا: ئامرازی راگەیاندن، هۆکاری راگەیاندن

باشووری کوردستان: کوردستانی عیراق

## پێشەکی

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، بە هۆی پێشکەوتنی مەزنی ژیانی مرۆڤو ئاڵۆزبوونیو نەمانی ئەو سادەییو ساکارییەی لە سەدەکانی ناوەڕاستو پێشتردا هەبوو، هەڵبژاردنی بوارێکی دیاریکراوی ژیان لەلایەن زۆرینەی مرۆڤەوە بۆتە دیاردەیەکی تەندروستو ئاسایی تا هەر کەسەو لەو بوارەی لەگەڵ توانا و بەرژەوەندیو ئارەزووەکانی دەگونجێت، لەگەڵ ژیاندا هەڵبکات.

میدیای تایبەتمەندیش زادەو بەرهەمی ئەو پێشکەوتنە هەمەلایەنەیە کە لە ژیانی مرۆڤدا هاتۆتە ئارا، زادەی ئەو پێشکەوتنە مەزنەیە کە تەنانەت لە خودی بواری میدیادا بە سەرجەم کەناڵەکانییەوە هاتۆتە ئارا. رۆژ بەڕۆژ لە جیهاندا میدیای تایبەتمەند بەرەو پێش گەشە دەکاتو گرنگییەکەی زیاتر دەبێت، لە هەندێ شوێندا میدیای تایبەتمەند جەماوەری لە میدیا گشتیەکە زۆرترە چونکە متمانەی زۆرترە، تەنانەت کاریگەریشی زۆرترە بەو پێیەی ئەوەی لە میدیای تایبەتمەنددا بڵاوو پەخش دەکرێت، دروستترو زانستیانەو پرۆفێشناڵترە بۆیە میسداقیەتیشی تا رادەیەك زیاترە لەلای جەماوەرە تایبەتمەندەکە.

لەبەر ئەو گرنگییەی کە میدیای تایبەتمەند هەیەتیو هەروەها لەبەر نەبوونی توێژینەوەو باسێك لەسەر ئەو بوارە لەنێو کتێبخانەی کوردیداو بەهۆی ئەو بایەخو گرنگیەی کە میدیای تایبەتمەند پەیدای کردووە لەسەردەمی ئێستادا،

سەرنجی ئێمە بۆ ئەو بوارە چوو تا بەپێی توانا باسێكی لەبارەوە ئامادە بكەین بۆ بەدیی هێنانی دوو ئامانج:

یەكەم/ تێگەیشتن لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند (میدیای تایبەتمەند) بە هەموو لایەن و وردەكارییەكانییەوە.

دووەم/ ناساندنی هەوڵە دیارەكانی كوردی عیراق لە بواری رۆژنامەگەریی تایبەتمەندیدا لە سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی كوردیی لەعیراق واتا لە ساڵی 1914 تا ساڵی 1991 و دەرخستنی گرنگترین ئەو بوارەی كە رۆژنامەو بڵاوكراوەی تایبەتمەندی بۆ تەرخانكراوە.

ئەم باسەی لەبەردەستدایە، بەسەر دوو تەوەر دابەشبووە، تەوەری یەكەم ناساندنی مەفهومی رۆژنامەگەریی (میدیا) تایبەتمەندو خستنەڕووی سەرجەم لایەنەكانیەتی، لایەنی دووەمیش گرنگترین بوارەكانی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندە لەلای كورد لە سەرەتای سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی كوردی لە عیراق لە ساڵی 1914-ەوە تا ساڵی 1991 و بۆ ئەوەش هەوڵمانداوە ناوو كات و شوێنی دەرچوونی زۆربەی ئەو بڵاوكراوانە بخەینەڕوو كە خەسڵەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندییان هەبووە.

ئەنجامدانی باسێكی لەمجۆرە لە وڵاتی ئێمەدا تا رادەیەك سەخت و قورسە لەبەرئەوەی سەرچاوە بەپێی پێویست لەبەردەستدا نییە بە تایبەتی لە لایەنی پێشكەشكردنی باشترین وردەكاریی لەسەر خودی مەفهومی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندو هەروەها لەبەر كەمیی كەناڵە میدیاییە تایبەتمەندەكانیش بەڵام هەوڵمانداوە سوود تەنانەت لە هەندێ لەو توێژینەوەو بابەتانەش وەربگرین كە لە هەندێ زانكۆی عەرەبیدا پێشكەش كراون یا وەكو بابەتێكی زانستی لە پێگەكانی ئینتەرنێتدا بڵاوكراونەتەوە.

لێرەدا بەشێوەیەكی گشتی لە ناساندنی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، پشتمان بە چەندین سەرچاوەی عەرەبی بەستووە كە سەرەكی ترینیان دوو سەرچاوەن:"د. اديب خضور، الاعلام المتخصص، الطبعة الاولى، دمشق، 2003 و هەروەها د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد". هەروەها بۆ

تـەوەری دووەم کـە خسـتنەڕووی گـرنگترین بـواری ڕۆژنامەگـەریی تایبەتمەنـدی کوردییـە، پشـتمان بـە چـەندین سەرچـاوەی کـوردی بەسـتووە کـە سـەرەکی ترینیان بریتین لە:" د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی-شوێنی لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1978. نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد، ڕابـەری ڕۆژنامەگـەریی نهێنـی کـوردی، چـاپی یەکـەم، سـلێمانی، 2001. فـاروق عـەلی عومـەر، ڕۆژنامەگـەریی کـوردی لـە عیراقـدا-بەراییەکان 1914-1939، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001".

بواری میدیا ئەوەندە فراوان و پێشکەوتووە، کە وایکردووە زۆر دامـەزراوەو ڕێکخراوو شوێنی ڕەسمیی و تەنانـەت زۆر شاروشارۆچکەو دواجاریش لـەزۆر بواری بچوکیشدا، کەناڵێکی بۆ دامەزرێ جا نووسراو، بینراو یان بیستراو بێت.

ژیــانی ئــاڵۆزو فراوانبــووی ئێســتا، گەیشــتۆتە قۆناغێــك کــەدیاردەی تایبەتمەنـدێتیی لەهـەموو بوارێکـدا بەسـەر مرۆڤایەتیـدا سـەپاندووە، هـەر لـە کـاری ڕۆژانـەو خوێنـدن و تەنانـەت حـەزو مـەیل و ئارەزووەکـان و ...هتـد، هـەر بوارێکیش لـەم بوارانـە بـەڕادەی زۆر فـراوان بووەو ئەمـەش بەدوای خۆیـدا ئـەو پێویستییەی هێناوەتـە ئارا کـە کـەناڵی تایبـەتی بـۆ تـەرخان بکرێـت بـۆ ئـەوەی دواجـار بتوانرێـت پەیوەنـدی و بـەردەوامبوونی بوارەکـە لەگـەڵ جەماوەرەکـەی پتـەوترو درێژخایـەنتر بێـت لـەڕووی ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری و ئاگـاداربوون لـەدوایین هـەواڵ و ئاشـنابوون بەلایەنـە شـاراوەو نێگـەتیڤ و پۆزەتیڤـەکانی بوارەکە.

لـەکاتی قسـەکردن لـەبارەی میـدیای تایبەتمەنـد، ئـەوە دەهـێنێ ئاوڕێـك لەمیـدیای تایبەتمەنـدی کـوردی بدرێتـەوە، بەتایبـەتیش کـە ڕۆژنامەگـەریی کـوردی لەچـاو خـۆی تەمـەنێکی زۆری هەیـەو لـەزۆر ڕووشـەوە فـراوان و پێشکەوتووە، هـەروەك لەسـەرەتاو ناوەڕاسـتی تەمـەنی ڕۆژنامەگـەریی کـوردی زۆرجار بڵاوکراوەی تایبەت بەبوارێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵ دەرچووە بێئـەوەی تـا ئێسـتا بەشـێوەیەکی جـدی بەسـیفەتی بڵاوکراوەیـەکی تایبەتمەنـد قسـەی لـەبارەوە بکرێـت و تەنانـەت خـودی بڵاوکـراوە تایبەتمەنـدەکان و بوارەکانیـان

دیــاریی بکــرێن، لــەنێو ئــەو بوارانەشــدا هەنــدێك بــوار بەدرێــژایی کــاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی بڵاوکراوەی زیاتری لەبارەوە بۆ دەرکراوە، واتا بەپێی گرنگیی بوارەکە لە قۆناغە جیاجیاکاندا، بڵاوکراوە بۆ بوارە گرنگەکە دەرکراوە.

گرنگــی و لایەنــە زانســتییەکان و مێــژووی میــدیای تایبەتمەنــدی کــوردی پێناچێت وەکو پێویست لای خەڵك و تەنانەت لای بەشێکی ڕۆژنامەنووسانیش ئاشکرا بێت، بەتایبەتیش کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان هێشتا نەگەیشتووینە ئەو ڕادەیەی بازاڕێکی تایبەت بە میدیای تایبەتمەند یاخود تەنانەت بەمیدیا گشتییەکەش دروستبکەین.

# بەشی یەکەم

## هۆکارەکانی دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند

دەتوانین بڵێین سەرەتاکانی دەرکەوتنی کاری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، هاوکاتە لەگەڵ سەرەتای پەیدابوونی چاپخانەو رۆژنامەگەریی هاوچەرخ[1]، چۆن؟

لایەنێك لەسەرەتاکانی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی خۆی لەو بڵاوکراوانەدا دەبینییەوە کە لە سەدەکانی رابردوودا لە دەرباری پادشاو ئیمپراتۆرو قەیسەرەکان دەردەچوون، ئەو بڵاوکراوانە تایبەت بوون بە هەواڵو چالاکییەکانی پادشاو قەیسەرو هەروەها ئاگادارییەکانو ئەو بڕیارانەش کە لە کۆشکەکانی دەربارەوە دەردەچوون، ئەو بڵاوکراوانە خۆیان بە ناوەرۆکێکی تایبەتمەندەوە دەردەچوون.

لەسەدەکانی 13، 14و 15و دواتریش، لە شاری ڤینیسیای ئیتاڵیا کە سەنتەرێکی گەورەی بازرگانیی ئەو سەردەمەی جیهان بوو لەگەڵ چەندین شوێنی دیکەی بازرگانیی ستراتیژیتر وەك ئەفیزی لە ئیتاڵیاو سایتۆنگ لە ئەڵمانیا[2]، خەڵکانێك خۆیان بە فرۆشتنی هەواڵی بازرگانییەوە خەریك کردبوو، ئەو خەڵکە بڵاوکراوەو نووسراوی تایبەتیان دەردەکردو تێیدا تەنها هەواڵو زانیارییان لەبارەی رێڕەوو کاتی گەیشتنی کەشتییە بازرگانیەکانو بوونو نەبوونی چەتەو رێگریی دەریاییو باری کەشوهەواو گەلێ جاریش نرخو جۆری کاڵاکانیان بڵاودەکردەوەو بە بازرگانانیان دەفرۆشت، ئەم کارە کە جۆرێك بوو لە میدیا، خۆی لە خۆیدا سەرەتای بازرگانیکردن بە رۆژنامەگەریی بوو هەروەها تەواویش تایبەتمەندبوون، چونکە ناوەرۆکەکەی تەواو لەبارەی

بازرگانیی‌یه‌وه بوو، له‌به‌ر ئه‌وه هه‌ڵه نابێت ئه‌گه‌ر بڵێین سه‌ره‌تای ده‌رکه‌وتنی میدیای تایبه‌تمه‌ند هاوکاته له‌گه‌ڵ سه‌ره‌تاکانی په‌یدابوونی رۆژنامه‌گه‌ریی له‌مێژووی هاوچه‌رخدا.

تایبه‌تمه‌ندی له کاری رۆژنامه‌گه‌ریدا، ئه‌گه‌رچی له قۆناغه سه‌ره‌تاییه‌کانی ده‌رکه‌وتنی رۆژنامه‌نووسی، له ساده‌ترین شێوه‌یدا بووه، له دوو بوارو سێ بواردا خۆی بینیوه‌ته‌وه، وه‌ك هه‌واڵی بازرگانی یا هه‌واڵه‌کانی کۆشکی ده‌رباری پادشاو قه‌یسه‌ره‌کان، به‌ڵام گرنگ ئه‌وه‌یه تایبه‌ت بوون به بوارێکی دیاریکراو، بۆیه ئه‌گه‌ر سه‌رپه‌رشتیارو ئاماده‌کارانی ئه‌مجۆره بڵاوکراوانه، به به‌رنامه‌و به‌مه‌به‌ستیش بڵاوکراوه‌کانیان تایبه‌تمه‌ند نه‌کردبێت، ئه‌وا به‌پێی ناوه‌رۆکه‌کانیان، بوونه‌ته بڵاوکراوه‌ی تایبه‌تمه‌ندو سروشتی بڵاوکراوه‌یه‌کی تایبه‌تمه‌ندییان هه‌بووه‌و به‌شێوازی جیاواز بابه‌ته تایبه‌تمه‌نده‌کانی چاره‌سه‌رکردووه[3].

که باس له هۆکاره‌کانی ده‌رکه‌وتنی رۆژنامه‌گه‌ریی تایبه‌تمه‌ندو پێشکه‌وتنی ده‌که‌ین، یه‌کراست ئاماژه به‌وه ده‌که‌ین که ژیانی کۆمه‌ڵی مرۆڤایه‌تی ئاڵۆزو فراوان بووه، مرۆڤ خۆی له ژیانی رۆژانه‌یدا له کارو کاسبیی و ته‌نانه‌ت حه‌زو ئاره‌زووه‌کانیشی تایبه‌تمه‌ندێتی وه‌رگرتووه، بۆیه کاری رۆژنامه‌وانییش وه‌ك به‌شێك یا بوارێك له ژیانی مرۆڤایه‌تیی و پیشه‌یه‌ك بۆ توێژێکی ئه‌و کۆمه‌ڵه، به هه‌مان شێوه تایبه‌تمه‌ندێتی وه‌رگرتووه. دکتۆر ادیب خضور له کتێبێکیدا به ناوی "میدیای تایبه‌تمه‌ند"[4] له چه‌ند خاڵێکدا به وردی هۆکاره‌کانی ده‌رکه‌وتنی میدیای تایبه‌تمه‌ندی خستۆته‌ڕوو، به‌مشێوه‌یه:

1-میدیای تایبه‌تمه‌ند ده‌رئه‌نجام و ره‌نگدانه‌وه‌ی دابه‌شبوونی کۆمه‌ڵایه‌تیی ئیش و کاره‌کانه، که ئه‌مه‌ش په‌یوه‌ندیی به ئاستی پێشکه‌وتنی شارستانیانه‌ی گشتیی کۆمه‌ڵ و پێشکه‌وتنی هێزو په‌یوه‌ندییه‌کانی به‌رهه‌مه‌وه هه‌یه.

2-فراوانبوونی ئه‌و سنووره جوگرافیه‌ی که رووماڵکردن و په‌خشی میدیا ده‌یگرێته‌وه، سنووری جوگرافیای په‌خشی میدیاو رووماڵکردنی بابه‌ته‌کانیش

پەیوەندیی بە ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە هەیە لە بواری راگەیاندندا.

بێگومان بەرفراوانبوونی سنووری جوگرافیای پەخش و رووماڵکردنی میدیاش، رەنگدانەوەی زیادبوون و فراوانبوونی بایەخ و پێداویستیەکان و سەرهەڵدانی جۆرێك لە بەرژەوەندییە کە میدیای گشتی ناتوانێ بچێتە ژێر بارییەوە.

3-بەرفراوانبوونی لەرادەبەری بوارەکانی مەعریفەو زانین بە شێوەیەکی بێ وێنە کە ئەو بابەتانەشی لەخۆگرتووە کە رۆژنامەکان پێشکەشی دەکەن.

لە خۆرئاوادا، رۆژنامەگەریی لەسەرەتای سەرهەڵدانیدا، وەك زۆربەی شوێنەکانی تری جیهان پەیوەست بووە بە بابەتەکانی بواری ئابووری و سیاسی، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتر، بوارەکان زیاتربوون و وەرزش و تەندروستی و زانستەکان و تەکنەلۆژیاو روناکبیری و چەند بواری تریشی لەخۆگرت، ئیتر رۆژنامەگەریی گشتی لەسەر شێوازە تەقلیدییەکە بەپێی پێویست توانای خزمەتکردن و گرنگیدانی تەواوی بەم بوارە تازانە نەما.

4- رووداوو پێشهات و دیاردەکان، لە چوارچێوە سادەو ساکارەکانی پێشوویاندا نەمان، بەهۆی هۆکاری خودیی و بابەتی جیاوازەوە، زیاتر ئاڵۆزو فرەو ئاڵۆسکاو بوون، میدیای گشتی لە ئاست ئەو پێشهاتەشدا وەك پێویست نەیتوانی کاربکاو مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

5-فراوانبوون و پێشکەوتنی چینی ناوەندی کۆمەڵ و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەنێویداو هەمەچەشن بوونی بایەخەکانیان و ئاست و بواری پسپۆری و تەنانەت بەرژەوەندیی دەستەو گرووپە جیاوازەکانی ئەو چینە گرنگەی کۆمەڵ.

6-زیادبوونی پێداویستییەکانی چین و توێژە خوێندەوارو تێگەیشتووەکانی کۆمەڵ لەرووی میدیاوە، بە جۆرێك کە میدیای گشتی چیتر توانای ئەوەی نەما حەزو ویست و ئارەزووەکانیان تێر بکات، بەرزبوونەوەی ئاستی فێربوون و

رۆشنبیری بووە هـۆی زیادبوونو فرەبوونو ئاڵۆزبوونی پێداویستییەکانیش، کە ئەمەش تەنها لەڕێگەی میدیایەکی تایبەتمەندەوە جێبەجێ دەکرێت.

7-پێشـکەوتنو دەوڵەمەنـدبوونی بـوارو چـالاکییە مـەعریفیو زانسـتیو کۆمەڵایەتییەکان.

بۆ نموونە بواری سیاسی بە جۆرێکی وا فراوان پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوەو دەوڵەمەنـد بـووە کـە وەك ژیـانێکی تـەواو سـەربەخۆی لێهـاتووەو لەسـەر ئـەم بنەمایـەش دەبێ مامەڵـەی لەگەڵدا بکرێت. بە هـەمان شـێوە بـواری ئـابووریو زانستو وەرزشو چەند بوارێکی دیکەش، زۆر بەرفراوان بوون.

8-خـاڵێکی تـری گـرنگ لـە هۆکارەکـانی سـەرهەڵدانی میـدیای تایبەتمەنـد، پەیوەندیی بە خودی رۆڵو کاریگەریی میدیا هەیە لەسەر ژیـانی تـاكو کۆمـەڵ، بـۆ زیـاتر کاریگـەربوونی ئـەو رۆڵـەی راگەیانـدن لەسـەر کۆمـەڵو قووڵبوونـەوەو سـەرتاپاگیربوونی کاریگەرییەکـەو کـارکردن لەسـەر ئاڕاسـتەکردنو بنیاتنـانی بـــەهاو هەڵســـوکەوتەکان، هاتنەکایـــەی رۆژنامەگـــەریی تایبەتمەنـــد بـــووە پێویسـتییەکی لـەبن نـەهاتوو، چـونکە باشـترین ئـامرازە بـۆ موخاتەبـەکردنی گـرووپو دەسـتە بچـووکەکانو گونجـان لەگەڵیانـدا لـەڕووی حـەزو ئـارەزوو، تەمەنو پیشەو رەگەزو ..هتد.

9-ململانێـی نێـوان کەناڵـەکانی میـدیا هۆکـارێکی دیکـەی سـەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی یاخود میدیای تایبەتمەندن کە هەریەکەو لەلایەن خۆیـەوە هـەوڵ دەدات شـێوازو بـواری دیکـەی نـوێی کـاری راگەیانـدن دابهێنـێ بەمەبەسـتی سـەرکەوتن لـە ململانێی کاریگـەریی کـردن لەسـەر تـاكو کۆمـەڵ لـە بوارەکـانی سیاسی بۆ ململانێی سیاسیو لە بواری ئابووری بۆ ململانێی ئابووریو لە بـواری بازرگـانی بـۆ ململانێـی بازرگـانیو هـەروەها رێنمـاییو پڕکردنـەوەی پێداویستییەکانی وەرگر لە هەموو بوارەکاندا.

10- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە بواری میدیادا.

بەشـێوەیەکی گشـتیش دەتـوانین بڵـێین دوو هۆکـاری سـەرەکی هـەن کـە وا دەکەن بەردەوام میدیا بەرەو تایبەتمەندبوون بچێت:

يەكـەم: هۆكـاری كۆمەڵايـەتی: ئـيش و كـارو پسـپۆڕی و شـارەزایی مـرۆڤ رۆژ لەدوای رۆژ بەشێوەیەكی بـەردەوام بـەرەو تایبـەتمەنـدبوون دەچێت لـە بوارێكی دیـاریكراودا كـە ئەمـەش وا دەكـات تاكـەكان لـە بـوارە دیاریكراوەكەیانـدا كـە خۆیـان بـۆی تـەرخان دەكـەن، زیـاتر شـارەزایی پەیـدا بكـەن بـەهۆی ئـەوەی كـە خۆیان تەنها لەو بوارەدا دەبیننەوەو تەواو دەچنە بنج و بناوانی[5].

دووەم: هۆكـاری تەكنـەلۆژی: ئـەو شۆڕشـە مەزنـەی لـە بـواری تەكنـەلۆژیادا هاتـەئاراوە بـە تایبـەتی لـە بـواری تەكنـەلۆژیای پـەخش و پەیوەنـدی و میـدیادا، وای لە مرۆڤ كرد كاتی زیاتر تـەرخان بكات بۆ بینین و بیستن و خوێندنـەوە بـە تایبـەتی لـەو بوارانـەدا كـە لەگـەڵ مـەیل و ئارەزووی ئـەو كەسانەدا دەگونجێت. پێشـكەوتنی تەكنـەلۆژیای بـواری میـدیا وای لـەمرۆڤ كـردووە لـە مـاڵی خۆیـەوە ئاگـاداریی وردەكارییـەكانی نرخـی كەلوپـەل و بـاری ئـابووری و تەندروسـتی و ژینگەو هەموو بوارەكـانی دیكـە ببێـت، دواجـار هـەر ئـەوەش وایكرد كەناڵـەكان پەیامـەكانیان لـەڕووی بوارەكەیـەوە جیابكەنـەوەو خۆیـان فـراوانتر بكـەن و پاشـكۆی تایبـەت یـا مـاوەی تایبـەت بـە بـوارێكی دیـاریكراو تـەرخان بكـەن یـا كـەناڵی نـوێ بێتـە ئـاراوە كـە لـە بـوارێكی دیـاریكراودا تایبەتمەنـد بێـت و پێویستییەكانی وەرگر تێر بكات.

ئــەم تایبەتمەندبوونــە كاریگــەریی زۆرو گــەورەی لەســەر جــەماوەر دروستكردووە بە جۆرێك كە دەتوانین بڵێین بۆتـە واقعێك كـە نـاكرێ نكـۆڵی لـێ بكرێت، بەڵكو رۆژ بەڕۆژ ئەو تایبەتمەندبوونە چڕو خەستتر دەبێتـەوەو هـەموو ژیانی كۆمەڵ وێڕای میدیا، بەرەو تایبەتمەندبوون دەچێت.

تایبەتمەنـدبوون لـە رۆژنامەگەرییـدا لـەم چـەند خاڵـەی خـوارەوە رەنگـی داوەتەوە:

1–ناتوانرێ لەیەك كاتدا بە ئاسانی موخاتەبەی جەماوەرێكی فراوان بكرێت بەهۆی دابەشبوونی جەماوەر بەسەر چەندین توێژو گرووپ كە ئاست و جۆری تێـڕوانین و مەعریفـەیان جیـاوازە[6]، هـەروەها جـۆری پێداویستییەكانیشـیان جیاوازە.

2–تایبەتمەنــدبوون بۆتــە هــۆی دەســتەبەرکردنی پێگەیــەك بــۆ گرووپــە لۆكاڵییەكانو كەمینەكان بۆ دەربڕینی ئەوەی لە ناخیاندا هەیە لە كاتێكدا كە لەســەردەمی میــدیای گشــتیدا ئەمــە ئەســتەم بــوو، بــۆ نموونــە زۆر كەمینــە نەتەوەكان لە جیهاندا رادیۆو رۆژنامەو تەلەفزیۆنی تایبەت بە خۆیان هەیە لەكاتێكدا لەسەردەمی میدیای گشتیدا تەنها لە تەلەفزیۆنو رادیۆكان ماوەی دیاریكراویان بۆ تەرخان كرابوو، بەڵام ئێستا هەریەكەو كەناڵێكی میدیا یا زیاتریــان هەیــەو لەڕێگەیــەوە دەتــوانن داواكارییــەكانیو پێداویســتیو تایبەتمەندییەكانیان دەربڕنو پەرە بە تواناكانیان بدەن.

3–پەنابردنــە بــەر تەكنــەلۆژیای پێشــكەوتوو، بــووە هــۆی ئــەوەی ژمــارەی كارمەندانی نێو دەزگاكانی میدیا كەمتر ببێتەوە.

# رۆژنامەگەریی تایبەتمەند چییە؟

بە هـۆی ئـەوەی ژیـانی مرۆڤایـەتی بـەهۆی پێشـکەوتنە سەرسـوڕهێنەرەکان لەسەرجەم بوارەکاندا بە تەواوی لەلایەك بەرەو ئاڵۆزی چووەو لەلایەکیش بەرەو فراوانبوون چووە، ئـەوا خـودی مرۆڤ پێویسـتی بـەوە هەیـە لـە کـارو پسـپۆڕیی و تەنانەت حەزو ئارەزووەکانیشیدا، تایبەتمەندێتی خۆی هەبێ و خۆی لە بوارێك یا ئەوپەڕی دوو بواردا بدۆزێتەوە. لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو و زووتریش، لـە کاتێکدا لـە شـار یـا لادێیـەك پزیشـکێك هـەوڵی چارەسـەرکردنی هەموو جۆرە نەخۆشییەکی دابێت، ئەوا ئەمڕۆ ئەوە نەماوەو کارەکە وردبۆتـەوە بۆ چەندین جۆری نەخۆشی و تەنانەت جەستەو لەشی مرۆڤیش وردکراوەتەوەو هەر بەشێك و ئەندامێك پزیشـك و شـارەزای تایبـەتی خـۆی هەیـە. هـەر بـە تـەنها ئـەو بـوارە بـەرەو تایبەتمەنـدبوون نەچـووە، بـەڵکو لـە بوارەکـانی تریشـدا تایبەتمەندبوون بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونـە لـە بـواری بازرگانیدا، بازرگـان هەیـە بـە تـەنها لـە بوارێکدا بازرگـانی دەکـات، کاسـبکار بـە تەنها جۆریـك کاسـبی دەکـا کـە خـۆی شـارەزایی لـێ پەیـدا کـردووە، کرێکـار بـە هەمان شێوەو.. هتد. بواری زانستیش زیاتر لە بوارەکانی تر وردبۆتەوەو دەیان لـق و پـۆپی لـێ بۆتـەوەو هـەر لقێکـیش بـۆ خـۆی زانسـتێکی گـەورەو تایبـەت پێکدەهێنێ و یاساو رێسای خۆی هەیە.

رۆژ بـەڕۆژ بـە هـۆی فراوانبـوون و ئـاڵۆزبوونی ژیـانی مـرۆڤ و پێشـکەوتنی شارسـتانی و بـە مـەدەنی بـوونی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی، سـەرجەم بوارەکـانی ژیانیش بێ جیاوازی بەرەو وردبونەوەو دابەشبوون دەچێت.

كەواتە تايبەتمەندبوون، پەيوەندیی بە پێشكەوتنی ژیانی كۆمەڵگەوە هەیە، تا پێشكەوتن لە بوارە جیاجیاكاندا پەرە بسەنێت، مرۆڤیش ناچارە بۆ فریاكەوتن و كۆنترۆڵكردنی ژیانی رۆژانەی، پەنا بەرێتە بەر شارەزایی وەرگرتن لە بوارێكی دیاریكراوی ژیاندا كە بەلای ئەوەوە چێژێكی هەیە یا شارەزایی تێدا زیاترە وەك لە بوارەكانی تر.

لە باسی میدیای تایبەتمەنددا، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ كە بە شێوەیەكی گشتی ژیانی مرۆڤایەتی خۆی بەرەو تایبەتمەندبوون دەڕوا یاخود چووە، چونكە ئێستا لەسەردەمێكدا دەژین كە تایبەتمەندێتی و شارەزایی پسپۆری لە بوارێكی دیاریكراودا، زاڵ و باوە.

میدیای تایبەتمەند، ئاسایی بەرهەمی ئەو ئاڵۆزبون و بەرفراوانبوونەی ژیانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە كە باسمان لێكرد، میدیای تایبەتمەند بۆ چینێكی تایبەت، توێژێكی تایبەت، گروپێكی تایبەت و نوخبەی تایبەت دەردەچێت، ئەمەش بە پێچەوانەی رۆژنامەگەریی یاخود میدیای گشتییە كە بێ جیاوازی بۆ سەرجەمی خەڵك دەردەچێت.

دابەشكردنی ئیش و كاری میدیای تایبەتمەندیش دیاردەیەكی تازە نییە، بەڵكو دەیان ساڵە بەهۆی پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای بواری راگەیاندن و هەروەها لە ئاكامی پێویستیی زۆر بۆ رۆچوونە نێو قوڵایی واقیعی كۆمەڵ كە تا دێت ئاڵۆزتر دەبێت، سەری هەڵداوە.

سیستمی نوێی میدیای جیهانی، ئەوەی سەلماندووە كە میدیا لە شێوە كلاسیكەكەی دەرچووەو ئێستا لەدوو رووەوە بەئاراستەی تایبەتمەندبوون دابەش بووە، لەڕووی شێوازو ئامرازی میدیاكەو لەڕووی ئەو بوارەی كە كاری تێدا دەكاو پەیامەكە دەگەیەنێت.

بەرهەمی رۆژنامەوانی چ لە رۆژنامەدا یا لە هۆكارەكانی دیكەی پەخشدا، پابەندی رێسایەكی گشتییە كە ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە خوێنەر "وەرگر" بەردەوام داوای زیاترو بەرزترو گەورەتری هەیە كە پێویستیی بەتێركردن هەیە بەشێوەیەكی باشترو بە تێچوویەكی كەمتریش، ئیتر ئەگەر

رەچاوی ئەم خاڵەش نەکرێ ئەوا مەترسی لەدەستچوونو کەمبوونەوەی وەرگر لە ئارادایە یاخود کاریگەری میدیا لەسەری کەمتر دەبێتەوە، بەڵام هەوڵو تەقەڵلای بێوچانیش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە رۆژنامەوانییەکانو کارکردن بۆ زیادکردنی کاریگەریی میدیا لەسەر وەرگر، دواجار دەبێتە هۆی تایبەتمەندێتی خودی رۆژنامەنووسان[7].

تایبەتمەندبوون مانای دەستنیشانکردنو دیاریکردنی بوارەکانی کار دەگەیەنێ کە کەسێك کاری تێدا دەکاو بەهۆی کاری بەردەوامی لەو بوارەداو سەرقاڵبوونی پێیەوە، پسپۆڕیو شارەزایی لە بوارەکەیدا زیاتر پەیدا دەکاو هەروەك بەردەوام ئەو بوارەش کە کاری تێدا دەکات پەرەی پێدەداو پێشی دەخات[8].

ئەگەر سەرنجی رۆژنامەو کەناڵە پێشەنگەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو بدەین، دەبینین هەریەکەیان ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسی شارەزاو پسپۆڕیان هەیە لە زۆربەی بوارەکاندا، رۆژنامەنووسی شارەزا لە بواری سیاسەتدا، لە بواری رەخنەی ئەدەبو هونەریدا، لە زانستەکان، لە ئابووریو پیشەسازیو رووناکبیریو ..هتد. ئیشو کارەکان دابەشکراون، کاتێك مەسەلەیەکی فەرهەنگیو رووناکبیری دێتە پێش، ئەو رۆژنامەنووسەی پسپۆڕە لە بواری رووناکبیریو رووناکبیراندا، ئەو دێ قسە لەو بوارە دەکات نەك ئەوەی لە سیاسەت یا لە بوارێکی جیا شارەزایە، تا رۆژنامەنووسە شارەزاکەی بواری رووناکبیری وەستابێت، شارەزایانی تری بوارەکانی تر قسە لەمەسەلەکە ناکەن، ئەمەش لە چەند روویەکەوە سوودی دەبێت:

یەکەم: کەمتر کات بەفیڕۆ دەڕوات.

دووەم: ئاسانیو رێکوپێکی لە بەڕێوەچوونی کارەکان بە جۆرێك هەرکەسەو ئەرکەکانی بوارەکەی خۆی رادەپەڕێنێو نایخاتە ئەستۆی کەسانی تر.

سێیەم: قورساییو سەنگێکی زیاتر دەدرێتە بابەتەکەو دەوڵەمەندتر دەبێت چونکە لەلایەن کەسێکەوە کاری لەسەر دەکرێت کە شارەزاییو باکگراوندی زانیاریی لەسەر بابەتەکە کە لە چوارچێوەی بوارەکەی ئەودایە، زۆرە. بە

زانیاریی و پێشینەکانی بابەتەکە کە لە هزرو مێشکی رۆژنامەنووسەکەدا هەیە، بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەبێت.

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند وەك دیاردەیەکی دەرهاویشتەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کە پرۆسەیەکی ئاڵۆزەو بەدرێژایی مێژووی میدیا هاوشان لەگەڵ ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووەو پێشکەوتووە، پێناسەیەکی چەند دێری یا تەنانەت چەند پێناسەیەکی کورت ناتوانێ هەقی خۆی پێبدات، بەڵکو پێویستە ئەم پرۆسە ئاڵۆزە بەشێوەیەکی وا روون بکرێتەوە کە سەرجەم لایەنەکانی ئەم پرۆسە گرنگە بخاتەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەتوانین وا میدیای تایبەتمەند بناسێنین کە: پرۆسەیەکی پێشکەوتنی کاری میدیاییەو پەیوەستە بە پێشکەوتن و ئاڵۆزبوون و فراوانبوونی ژیانی مرۆڤایەتی کە دەخوازێ بۆ ئاسانکردنی گەیاندنی پەیامەکان بە خوێنەرو زیاتر دروستکردنی کاریگەریی، لەڕێگەی قوڵبوون و چڕبوونەوە لە بوارێکی دیاریکراودا رۆچێتە قوڵایی ژیانی کۆمەڵەوە.

رەبیع غەیس لە موحازەرەیەکدا کە لە ساڵی 1975 لە خولی چوارەمی پەیمانگای نەتەوەیی سەر بە یەکێتی رۆژنامەنووسانی عەرەب لە بەغدا پێشکەشی کرد، پێناسەی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند دەکاو دەڵێ: رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند هەموو ئەو رۆژنامانەیە کە تەنها هونەرێکی دیاریکراوی ژیان لەخۆدەگرێت و قسەی لەسەر دەکات، هەروەها ئەو رۆژنامەنووسییەی کە موخاتەبەی دەستەیەك یا کۆمەڵێك یا چینێك دەکات[9].

بۆیە ئەو کەسەی کارکردن لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، دەبێ دوو بنەما لەبەرچاو بگرێت: بابەتێکی دیاریکراوو ئامانجێکی روون. هەروەها دەبێ شارەزا بێت بەو بوارە یا ئەو تایبەتمەندێتییەی کاری تێدا دەکات.

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، تایبەتمەندبوون لە کاری میدیادا، زادەی پێشکەوتن و تایبەتمەندبوونی خودی ژیانی مرۆڤایەتییە، بۆیە تا ئەم کاروانەی پێشکەوتن و ئاڵۆزبوون و فراوانبوونە لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤدا

بەردەوام بێت، بێگومان میدیاش کە بوارێکی زیندووی ژیانی مرۆڤە، لەگەڵ کاروانەکەدا بەردەوام دەبێت و رۆژ بەڕۆژ وردترو چڕتر دەبێتەوەو بابەتەکانی ژیانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەکاو دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ.

## ئاستەکانی تایبەتمەندبوونی میدیای نووسراو

بەشێوەیەکی گشتی میدیای نووسراوی تایبەتمەند دوو جۆری هەیە کە بریتین لە[10]:

أ–ئەو بڵاوکراوانەی کە ماددەیەکی تایبەتمەند پێشکەش بە خوێنەرێکی تایبەت دەکات، وەك رۆژنامە یا گۆڤاری پزیشکی، ژنان، ئەندازیاری، منداڵان و ژینگەو یاسا کە ماددە پێشکەش بە خوێنەرێکی تایبەتمەند دەکەن و بابەتەکانیش لەو بوارانەدا بابەتی چڕوپڕو دەوڵەمەندن چونکە ئامانج لێی تێرکردنی پێویستییەکانی خوێنەرە تایبەتیەکانیەتی.

ب–ئەو بڵاوکراوانەی کە ماددەیەکی تایبەتمەند پێشکەش بە جەماوەرێکی گشتیی دەکەن وەك رۆژنامەو گۆڤاری وەرزشی، ئەدەبیو سیاسیو.. هتد. ئەمجۆرە رۆژنامانە جەماوەرێکی فراوانیان هەیە کە پزیشكو ئەندازیارو مامۆستاو فەرمانبەرو کرێکارو جوتیارو..هتد لەخۆدەگرێت، ئامانجێکی هاوبەشیشیان هەیە کە بریتییە لە تێرکردنی حەزو ئارەزووی هاوبەشی ئەو جەماوەرە فراوانە کە بە زۆری بیرکردنەوەو مەیلو خواستیان جیاوازە. ئەمجۆرە رۆژنامەنووسییە تایبەتمەندە بەشێوەی سەربەخۆی وەك گۆڤارو رۆژنامە هەیەو هەروەها لە رۆژنامەو گۆڤارە گشتیەکانیشدا پاشکۆ یا لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە، بەم پێیەش لە رۆژنامەنووسیی تایبەتمەنددا سێ ئاست هەیە[11]:

ئاستی یەکەم:

خۆی لە لاپەڕە تایبەتمەندەکاندا دەبینێتەوە کە لە رۆژنامە رۆژانەو هەفتانە گشتیەکانو هەروەها گۆڤارە هەفتانەییەکاندا هەیە، ئەم لاپەڕانە بە تایبەتی ئاراستەی خوێنەری ئاسایی نا تایبەتمەند کراوە کە زیاتر لەڕێگەی بەدواداچوونو خوێندنەوەی رۆژنامە رۆژانەو گشتیەکاندا خۆیان بە زانیاری دەوڵەمەند دەکەن لەسەرجەم بوارەکانی مرۆڤایەتی وەك سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتیو ئەدەبو زانستو ئایینو ..هتد. لێرەدا زانیارییەکانی ئەو لاپەڕە تایبەتمەندانە وەك بنەمای جەوهەری کەلتوری گشتیین کە خوێنەری ئاسایی بەدەستی دەهێنێ.

ئاستی دووەم:

لە رۆژنامەو گۆڤارە تایبەتمەندەکاندا کە هەفتانە یا مانگانە دەردەچن، تێبینی دەکرێت ئەوانەش بابەتەکانیان بۆ خوێنەرێك تایبەت کراوە کە خاوەنی ئاستی رووناکبیریو فەرهەنگیی مامناوەندییەو بە زانیارییەکانی رۆژنامەی گشتیی رۆژانەو هەفتانە تێر نابن.

ئاستی سێیەم:

له رۆژنامەو گۆڤارە زانستییە تایبەتمەندەکاندا خۆی دەبینێتەوە کە رەنگە مانگانە یا نیومانگی یا وەرزیو سالانە دەربچن، ئەم بلاوکراوانەش بە زۆری توێژینەوەو لێکۆلینەوەی نویێ بلاودەکاتەوە کە زانستەکان پێی گەیشتوون، بابەتەکانی ئاراستەی خوێنەرێك دەکرێ کە ئاستی رووناکبیریی بەرزبێت. جیاوازیی ئەم رۆژنامەنووسیەش لەگەل کتێبدا ئەوەیە کە نرخی هەرزانترەو هەروەها بابەتەکانیشی نوێو گەرموگوڕترن، هەر بۆیە ئەم گۆڤارو رۆژنامانە زۆر بەربلاون، بۆ نموونە رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت لە بوارەکانی پزیشکیدا، لە ئەندازیاری، یاسا، کشتوکال، ئیدارەو ئابووریو هونەرو میدیاو..هتد.

# پایەکانی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند

بەشێوەیەکی گشتی، رۆژنامەگەریی تایبەتمەند چەند پایەیەکی سەرەکیی هەیە کە وەك پێکهاتەن لە دروستبوونو پێشکەوتنی کەناڵە تایبەتمەندەکانو هۆکاری سەرەکین لە بەرفراوانبوونو کاریگەربوونی میدیای تایبەتمەند لەنێو میدیای گشتیدا، ئەوانیش بریتین لە[12]:

**یەکەم: رۆژنامەوان**

**دووەم: بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند** (بواری تایبەت، شێوازی چارەسەرکردنی پەیام)

**سێیەم: کەناڵ و جۆرەکەی**

**چوارەم: جەماوەری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند**

## یەکەم: رۆژنامەوان:

رۆژنامەوان یا نووسەر "محرر"ئەو کەسەیە کە پەیامی رۆژنامەگەریی ئامادە دەکاو بەشێوازێکی گونجاو دایدەڕێژێتو وەك پارووییەکی حازر لەڕێگەی کەناڵێکەوە "ئامرازی راگەیاندن" دەیداتە وەرگر.

لەگەڵ سەرهەڵدانی میدیای نووسراو کە تاڕادەیەکی زۆر بۆ وەرگری ئاست مامناوەندی پەیامەکانی ئامادە دەکرد، رۆژنامەگەریی گشتیش هاتەئاراو توانی بەشێوەیەکی گونجاو لە زۆر بواردا پێداویستیو حەزو ئارەزووەکانی وەرگرە ئاست مامناوەندییەکە تێربکات، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنە مەزنەکانی ماوەکانی ناوەڕاستو دواتری سەدەی رابردوو لە دامەزراوەکانی میدیاو فراوانبوونو هەروەها ئاڵۆزبوونو هەمەڕەنگبوونی رووداوو پێشهاتو

دیاردەکان و هاتنەکایەی کەناڵی میدیای جەماوەریی نوێ، ئیش و کاری ڕاگەیاندنیش چەندین جۆری بەخۆوە بینی لەڕووی تایبەتمەندبوون بەپێی ئامراز، بابەت، هونەری ڕۆژنامەنووسی، توێژی کۆمەڵایەتی یا ناوچەی جوگرافی. بۆ باشتر گونجان و تێگەیشتن لەو پێشکەوتنانەو گونجان لەگەڵ پێداویستییەکانی واقیعەکەو وەرگرانیش بە جۆرێك کە ڕاگەیاندن ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ، ئەوا پێویستی بەوە هەبوو کە ڕۆژنامەوانێکی تایبەتمەند بێتە ئاراوە. وەك د. ادیب خضور لە کتێبەکەیدا "میدیای تایبەتمەند"ئاماژەی پێداوە، ئەستەمە ڕۆژنامەوان یا بە گشتی کارمەندی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند دروست بێت ئەگەر بێتو ئەم دوو مەرجەی نەبێ[13]:

یەکەم/ ڕاهێنان و ئامادەکردنی زانستیانە "ئەکادیمیانە":

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا کە میدیا خۆی بۆتە زانستێکی فراوان و پەیمانگاو کۆلێژو دەزگای خوێندن و ڕاهێنانی باڵای بۆ تەرخان کراوەو دامەزراوە، ئەوا ئەو کەسەی لە میدیادا کاربکات، پێویستە بەلایەنی کەمەوە لەڕووی زانستیەوە تا ئاستێکی باش خۆی دەوڵەمەند کردبێت.

ڕاهێنانی زانستیانەی ڕۆژنامەوانانیش لەسێ ئاستدا خۆی دەبینێتەوە:

أ-ڕاهێنان و ئامادەکردنی ڕۆژنامەوان بەشێوەیەکی گشتی بە جۆرێك کە زانیاریی لە بارەی بنەماکانی زانستی میدیای گشتی و تیۆرو هونەرەکان و کەناڵەکان و..هتد دەدرێت بە ڕۆژنامەوان.

ب-ڕاهێنان و ئامادەکردنی تایبەتمەندانەی ڕۆژنامەوان کە ئەوەش قۆناغێکی پێشکەوتووترەو تایبەتمەندە. لێرەدا ڕۆژنامەوان ئاشنا دەکرێت بە وردەکاریی لایەنەکانی بوارێکی دیاریکراوی گرنگ و سەرەکی، تایبەتمەندبوونەکەش لەسەر بنەمای بابەتەکەیە وەك "میدیای وەرزشی، میدیای تەندروستی، میدیای ئابووری، میدیای کەلتوری و.. هتد" یا لەسەر بنەمای ئامرازو کەناڵەکەی ڕاگەیاندن دەبێت وەك "تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامەو گۆڤار، ئینتەرنێت، ئاژانسی دەنگوباس".

ج–ئامادەکردنو ڕاهێنانی بەرتەسك: بەهۆی پێشکەوتنی مەزنی زانستو کاری میدیا لەلایەكو بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەلایەکی دیکەوە، ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێ لە ژیانی کۆمەڵ کە خۆی بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەوە دابەشبووە بۆ چەندین گرووپو پێکهاتەی جیاوازەوە، لێرەدا ڕاهێنانو ئامادەکردنی ڕۆژنامەوان لە لقێکی دیاریکراوی بوارێکدا دەبێت، واتا بوارێکی فراوان کە دابەشبووە بەسەر چەندین لقدا، ڕۆژنامەوانەکە بە لقێکی ئەو بوارە ئاشنا دەکرێت. بۆ نموونە لە بوارێکی گرنکی وەك وەرزش، تەنها تۆپی پێ یا مەلە یا تۆپی دەست یا هەر لقێکی تری بوارەکە وەردەگیرێت، بە هەمان شێوە لە بواری پزیشکیدا لە لقێکی بوارەکەدا دەبێت، لەبوارە فراوانەکانی تریش بەهەمان شێوە.

دووەم/ڕاهێنانی زانستییانە لە بوارێکی تایبەتمەنددا:

پێگەیاندنو ڕاهێنانی زانستییانەی ڕۆژنامەوان لە بوارێك یا چەند بوارێکی سنووورداری تایبەتمەنددا، بەمەش ئەو ڕۆژنامەوانە خۆی تەنها بۆ ئەو بوارە تەرخان دەکات کە شارەزاییەکەی تێدا پەیدا دەکاتو کاری داهێنەرانە دەکات بەو پێیە ڕۆژنامەوان ناتوانێ لە هەموو بوارێکدا بنووسێو کاری ڕۆژنامەوانی بکات، بۆ نموونە ئەو ڕۆژنامەوانەی لە بواری وەرزشدا پێدەگاتو ڕادەهێنرێ، ناتوانێ لە بواری سیاسەت، ئابووری یا هەر بوارێکی دیکەدا بنووسێتو کاربکات.

پێگەیاندنی ڕۆژنامەوان لە بوارێکی دیاریکراودا، بۆتە دیاردەیەکی بەرفراوانو تەندروست بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەی کە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤدا بەدیی هاتووە کە پێویستیی پێگەیاندنێکی ئەکادیمیانەی ڕۆژنامەوانی لە بوارێکی دیاریکراودا کردۆتە شتێکی حەتمی.

## دووەم: بابەتی رۆژنامەگەریی تایبە تمەند:

مەبەست لە بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند ناوەرۆکی ئەو پەیامەیە کە ئاراستەی وەرگرەکە دەکرێت کە دەبێ لە هەمان چوارچێوەی ئەو بوارەدا بێت کە کەناڵەکە تێیدا تایبەتمەندبووە.

بابەتێکی بوارێکی دیاریکراویش لەگەڵ بابەتێکی بوارێکی دیکە جیاوازی زۆرە لەڕووی شێوازی چارەسەرکردنو مامەڵەکردن لەگەڵیداو هەروەها لەڕووی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر وەرگرو فراوانیی جەماوەرەکەیو چۆنیەتی گەیاندنیو هەڵسەنگاندنیو..هتد.

گرنگە ئامادەکاری بابەتەکە بەر لەئامادەکردنی ناوەرۆکی پەیامەکە بزانێ ئامانج لە گەیاندنی ئەو بابەتەیو دەرئەنجامەکانی چییەو چۆنیشو بەچ جۆرە دارشتنێکیشو بەکام هونەری رۆژنامەگەریی"هەواڵ، وتار، ریپۆرتاژ، راپۆرت، گفتوگۆ" دەیخاتەڕوو، هەروەها بزانێ جەماوەرەکەی "وەرگر" کێیە؟ ئایا منداڵە، پیرە، گەنجە، ئافرەتە، جوتیارە، کرێکارە، خوێندکارە یا هەر جۆرێکی دیکەیە.

لە بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەنددا، کێشەو گرفتو پێشهاتو پێشکەوتنو زانیاریی نوێ لەبارەی بوارەکەوە پێشکەش دەکرێت، جیا لە بابەتی گشتی، بابەتی تایبەتمەند بەوە دەناسرێتەوە کە زیاتر رۆدەچێتە قوڵاییو بنجو بناوانی باسەکەو بە قوڵی لێی دەدەوێت، ئامارو خشتەو ژمارەو زانیاریی نوێ پێشکەش دەکات.

بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندیش لەلایەن خۆیەوە چەند پێوەرێکی هەیە:[14]

1-سروشتی بابەتەکە: ئایا بابەتەکە مادییە یا مەعنەوییو دەروونییە، خودییە یا بابەتی، گشتییە یا تایبەتی، بۆ گرووپێکی بچووکە یا فراوانو..هتد.

2-ناوەرۆکی بابەتەکە: ئایا ناوەرۆکی باسەکە زانیارییو راستیو رووداوی راستەقینەن یا بیروبۆچوونو سۆزو هەڵچوونە؟

3–سەرچاوەکانی بابەتەکە: گەلێجار سەرچاوەکە سەرچاوەیەکی رەسمییەو رەنگە هی کەسێك یا دامەزراوەیەك بێتو هەندێ جاریش ئەهلی، یا سەرچاوەیەکی ناوخۆیی یا دەرەکییە.

4–ناوەرۆکی گونجاو: لەسەر چ بنەمایەك بابەتەکە هەڵدەسەنگێنرێتو گونجاویو بایەخی بابەتەکە دیاریی دەکرێت، رادەی بایەخدانی پێویست چەندبێو هەروەها کاریگەریو دەرئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی چین؟

5–هونەری رۆژنامەگەریی پێویست بۆ چارەسەرکردنو گەیاندنی بابەتەکە کامەیە"هەواڵ، راپۆرت، ریپۆرتاژ، وتار".

6–شێوازو جۆری کەناڵی راگەیاندن "تەلەفزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، ئینتەرنێت".

7–جۆری پەیوەندییکردنەکە بە وەرگر بۆ گەیاندنی بابەتەکە، ئایا پەیوەندییەکی شەخسییە یا کۆمەڵو جەماوەرییە؟

8–بە چ شێوازێك بابەتەکە دادەڕێژرێو پێشکەش دەکرێ.

9– ئامانج لە ئامادەکردنو گەیاندنی پەیامەکە بە جەماوەر چییە؟

بابەتەکان بەپێی ئەو بوارەی خۆیان تێدا دەبیننەوە، تایبەتمەندیو پێوەرەکانیشیان جیایە، بە هەمان شێوە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر لە ناو هەمان کۆمەڵگەدا دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی لە هەر بابەتێکی سەرکەوتوو لە هەر بوارێکدا دەبێ رەچاوی ئەوەی تێدا بکرێت کە روونو ئاشکرا بێتو پابەندی ئەو ستراتیژو سیاسەتو بەرنامەو پلانە شیاوانە بێت کە خاوەنانی دەزگاکانی میدیای تایبەتمەند دایاننناوەو لەسەری دەڕۆن، هەروەك پێویستە رەچاوی واقیعەکە بکرێو دیراسەی هێزە کاریگەرەکانو سروشتی قۆناغەکەو توانا بەردەستەکانو ئەو ئەرکانەش بکرێت کە پێویستە بەدیی بهێنرێن[15] . بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندیش، لەسەر دوور بنەما دیاریدەکرێن و دێنەئاراو کاری لەسەر دەکرێت:

أ-بواری تایبەت:

بــەهۆی پێشــکەوتنی شارســتانیەتو ئــاڵۆزبوونی مرۆڤایــەتی، لــەڕووی پێکهاتــەی کۆمەڵایەتییــەوە ژیــانی مــرۆڤ بەســەر چــەندین بــوارو ئــیشو کــارو تایبەتمەندێتیــدا دابەشــبووە، هــەر بــوارێکیش لــەم بوارانــە لەگــەڵ ئــەوی تریــان جیاوازی هەیەو ڕێژەی جەماوەرو کاریگەریو گرنگییو بایەخیشی جیاوازە.

بوارێك لەگەڵ بوارێکی دیکە، لـە چـەندین ڕووی وەك بایـەخی خـەڵكو ئاسـتی پێشکەوتنیو پێگەکەی لەناو خەڵکدا جیـاوازیی هەیـە، هـەر بـوارێکیش لەسـەر بنەمای چەندین خاڵ خەسڵەتو پێوەری تایبەت بە خۆی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دیاریی دەکرێت:[16]

1- ئاستی پێشکەوتنی بوارەکە.

2-قورسایی بوارەکە لە ژیانی تاكو کۆمەڵ.

3-جـۆرو سروشـتی یاسـاکانی نێـو بوارەکـەو پـەیڕەوکردنی لـە ڕێکخسـتنی ژیانی کۆمەڵ.

4-جۆرو سروشتی هێزە کاراو بزوێنەرەکانی ژیان لە بوارەکەدا.

5-تێڕوانینی کۆمەڵو هەڵسەنگاندنی بۆ بابەتەکە.

6-شێوازی دەرکردنی بڕیارەکان لە بوارەکەدا.

7-جۆری کەسایەتییە کاراکان لە بوارەکەدا.

8-جۆرو سروشتی پێداویستییەکان کە بوارەکە هەوڵی تێرکردنیان دەدات.

9-قەبارەی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەی کە بوارەکە لە خۆی دەگرێت.

**ب-شێوازی چارەسەرکردن و داڕشتنی پەیام:**

چۆنیەتی چارەسەرکردنی پەیام بە جۆرێك کە لەگـەڵ ئـەو بـوارەی خـۆی تێـدا دەبینێتــەوە بگــونجێ، لــەڕووی زمــانو داڕشــتنو خســتنەڕووی زۆر گرنگــە، بــە تایبەتیش چونکە بابەتەکانی هەر بوارێك لەگـەڵ بـوارێکی تـر جیـاوازە لـەڕووی خــودی بابەتەکــە، زمانەکــەی، ئــەو ڕۆژنامەوانــەی ئامــادەی دەکــاتو هــەروەها جەماوەرکەیشی.

بــۆ نموونــە ئامــادەکردنی پــەیامێکی ئــەدەبی، پێویســتی بــە زمــانێکی جوانکاریو جۆرێك لە فەنتازیا هەیە، لە کاتێکدا بواری زانستی وەك پزیشکیو

ئەندازیاری زمانێکی زانستیان پێویستە کە زاراوەی زانستیی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە بواری پێشکەشکردنی هەواڵیش، دەبێ زمانێکی سادەو ساکار بەکاربهێنرێت‌و لە بواری سیاسەتیشدا پەیامەکە دەبێ شێوازێکی راڤەکردن‌و شیکردنەوەی پێشهاتەکان لەخۆبگرێت. بە بۆچوونی د. ادیب خضور ژمارەیەك خەسڵەتی شێوازی چارەسەرکردنی پەیام لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەندا هەیە:[17]

1- چارەسەری سەرتاسەریی‌و قوڵ: یەکێك لە خەسڵەتەکانی راگەیاندنی تایبەتمەند کە جیای دەکاتەوە لە راگەیاندنی گشتی، ئەوەیە کە پەنا دەباتە بەر شێوازی سەرتاپاگیرو قوڵ بۆ چارەسەرکردنی رووداوو پێشهات‌و بابەتەکان لەو بوارو چوارچێوەیەدا کە بابەتەکە خۆی تێدا دەبینێتەوە.

2-زاڵبوونی شێوازی شیکاریی بۆ بابەتەکان: رۆژنامەگەریی تایبەتمەند پەنا دەباتە بەر رێبازی شیکاریی زانستیانە بۆ دیاردەو رووداوو پێشهاتەکان بە جۆرێك کە هەوڵ دەدات خوێندنەوەیەکی هێمنانە پێشکەش بکات لەسەر بنەمای ئەو شیکردنەوەیەی کە بەڵگەی زانستی‌و لۆژیك‌و ژمارەو ئامار بەکاردەهێنێت.

3-چارەسەری هاوسەنگ: لەم شێوازەدا رۆژنامەوانی تایبەتمەند هەوڵ دەدات دیدێکی هاوسەنگی رووداوو پێشهات‌و بابەتەکان پێشکەش بکات کە لەسەر بنەمای خستنەڕووی راستییەکانی سەرجەم لایەنە جیاوازەکانی رووداو یا بابەتەکە بێت، لە هەمان کاتدا بیروبۆچوون‌و هەڵوێستە جیاوازەکانیش بەرامبەر بە رووداوو بابەتەکە پێشکەش دەکات.

4-کاریگەری دروستکردن لەسەر هزرو مێشکی وەرگر لەڕێگەی پێشکەشکردنی دەروازەیەکی رۆژنامەگەریی کە ببێتە هۆی قەناعەت پێهێنان‌و کاریگەری دروستکردن لەسەر وەرگر چ لەڕێگەی بزواندنی هەست‌و سۆزی وەرگر بێت یا لەڕێگەی پێشکەشکردنی بەڵگەو ئاماری لۆژیکی زانستی بێت.

## سێیەم: کەناڵو جۆرەکەی:

گەلێجار هەندێ هەواڵو رووداوو پێشهات، بە جیاوازیی ئەو کەناڵەی بە هۆیەوە دەگەیەنرێتە وەرگر، کاریگەرییەکەیشی جیاواز دەبێت.

بابەتێکی ئەدەبی وەك چیرۆك یا شیعر، ئەگەر لەڕێگەی کتێب یا رۆژنامەو گۆڤارەوە پێشکەش بکرێت، رەنگە بەلای وەرگرەوە گونجاوتر بێت وەك لەوەی لەڕێگەی رادیۆ پێشکەش بکرێت، بە هەمان شێوە یارییەکی وەرزشی یا پێشهاتێکی زانستی کە پێویستی بە خستنەڕووی راستییەکانو زیاتر روونکردنەوەی وردەکارییەکان هەیە، لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پێشکەش بکرێت کاریگەریی زیاتر دەبێتو بەلای وەرگرەوە گونجاوترە.

## چوارەم: جەماوەری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند:

رۆژنامەگەریی گشتی بێ رەچاوکردنی چینێکی جیاوازی وەرگر دەردەچێو هەوڵ دەدات حەزی هەموو جۆرەکانی وەرگر تا رادەیەکی بەرز تێر بکات، بەڵام رۆژنامەگەریی تایبەتمەند تەواو پێچەوانەیە.

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە تەواوی رەچاوی جۆرێکی تایبەتی وەرگر دەکاو بابەتەکانی ئاراستەی ئەو جۆرە تایبەتییە دەکات، خواستو ئارەزووەکانی ئەمجۆرە لەبەرچاو دەگرێو کار بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری دەکات.

کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەهۆی ئاڵۆزبوونو فراوانبوونی، خۆی دابەشبووە بۆ چەندین چینو گرووپی جیاواز، ئەندامانی ئەو چینو گرووپە جیاوازانەش بێ ئەوەی یەکتر بناسنو یەکتریان بینیبێو هەندێ جاریش تەنانەت هەست بە بوونی یەکتر ناکەن، کەچی لەوە یەکدەگرنەوە کە هەمان کارو پیشە یا حەزو ئارەزوویان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر دەیان هەزار بازرگان لەجیهاندا هەبن، هەموویان مەیلیان بەلای بابەتە ئابوورییەکانە، بەڵام هەست بە بوونی یەکتریش

ناکەن، لە بواری پزیشکی و تەندروستیشدا بە هەمان شێوە، لە بوارەکانی زانست و کشتوکاڵ و ئافرەت و منداڵ و سەرجەم لایەنەکانی دیکەشدا هەروایە.

جەماوەر بەدوای زانین و تێگەیشتن و ئاگاداربوونی ئەو شتانەدا دەگەڕێ کە بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی هەیە، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەو شتانە دەخوێنێتەوە کە لەگەڵ حەزو ئارەزوو، بەرژەوەندی، ئیش و کاری یەکدەگرێتەوە.

بەپێی دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر پسپۆڕی و تایبەتمەندبوونی تاکەکانی لە ئیش و کارو حەزو ئارەزووی جیاواز، بەرژەوەندییەکانیشیان دابەشبووەو هەر کەسەو بە تەنیا یا لەگەڵ کۆمەڵە کەسانی دیکەدا، لە بوارێکی ژیاندا خەریکن، بۆیە زیاتر بایەخ بەو هەواڵ و زانیاری و بابەتانەش دەدەن کە پەیوەندیی بە بوارەکانی خۆیانەوە هەیە، ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە سروشتی مرۆڤایەتی وایە.

بۆ نموونە پزیشکێك ئەوەندەی بایەخ بە زانینی وردەکارییەکانی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکی گرنگ دەدات، ئەوەندە بایەخ بە زانینی وردەکاریی کەمیی بەرهەم و بەروبوومی دانەوێڵە نادات، بە پێچەوانەشەوە جوتیارێك بەلایەوە گرنگ نییەو پێویستیشی بەوە نییە وردەکاریی نەشتەرگەرییەك بزانێ، لە کاتێکدا بەدوای ئاشنابوون بە دوای وردەکارییەکانی هۆکارەکانی کەمیی بەرهەمی دانەوێڵە یان مەسەلەی کەمیی باران بارین وێڵ و پەرێشانە.

جەماوەر لە روانگەی میدیاوە، کەرەستەی خاوە، ئەو توێژو پێکهاتە کۆمەڵایەتیانەیە کە کەناڵەکانی راگەیاندن هەوڵ دەدەن لەڕێگەی پەیام و بابەتەکانیەوە کاریگەریی لەسەر دروست بکەن و بەپێی ئامانجێکی دیاریکراو بیجولێنێ.

جەماوەر "خوێنەر، گوێگر، بینەر"، پایەی یەکەم و هەرە سەرەکیی کارو تەنانەت هۆکاری بوونی کەناڵەکانی راگەیاندنە، مەیدانی ئیشی میدیایە، چونکە ئەگەر خوێنەر نەبێ، رۆژنامە پێویستی بە دەرچوون نییە، گوێگرو بینەریش نەبێ، ئەوا بە هەمان شێوە رادیۆو تەلەفزیۆنیش بوونیان چ

سوودێکی نییە، بۆیە پێوەری ئاستی باشی و خراپیی ڕۆژنامە یا هەر کەناڵێکی دیکەی ڕاگەیاندن، ڕادەی ئەو جەماوەرە دیاریی دەکات کە سەیری کەناڵەکە دەکەن یا ڕۆژنامەکە دەخوێننەوە، تا جەماوەرەکە زۆر ڕۆژنامەکە بخوێننەوە یا سەیری کەناڵەکە بکەن و گوێی لێبگرن، ئەوا ئەو کەناڵانە سەرکەوتوون لەبەر چەند هۆکارێك:

1-ڕۆژنامە ئەگەر خوێنەری زیاتر بێت، ئەوا پەیامەکەی دەگاتە خوێنەری زیاترو کاریگەری زیاتریش دروست دەکات لەسەر ڕێژەی زیاتری خەڵك چونکە زیاتر پێداویستییەکانی وەرگر پڕ دەکاتەوە، بە هەمان شێوە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، تا گوێگرو بینەریان زیاتر هەبێ، مەیدانی کاری کەناڵەکان فراوانتر دەبێ و ئاستی کاریگەریشی لەسەر جەماوەر فراوانتر دەبێ، بەم پێیەش کەناڵەکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی نزیك دەبێتەوە.

2-لە ڕووی مادییەوە سوودی زۆری بۆ ڕۆژنامەو کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن هەیە. لە جیهانی ئەمڕۆدا زۆر کەناڵی ڕاگەیاندن "ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ئینتەرنێت" بەڕێژەی جیاوازو بە کرێی دیاریکراو ڕێگە بە جەماوەر "وەرگر"دەدات سوودی لێ ببینێ، ئەم کرێیەش داهاتێکە بۆ کەناڵەکەو وەك پڕۆژەیەکی ئابووری سوودی هەیە بۆ ئەوانەی کار لە کەناڵەکەدا دەکەن. بەڵام ئەو داهاتەش لە کاتێکدا دەستەبەر دەبێ بۆ کەناڵەکە کە بابەت و ناوەرۆکی باش پێشکەش بە وەرگر بکات، واتا پەیامەکەی بەلای وەرگرەوە گرنگ و بایەخدار بێت، چونکە لە جیهانی ئەمڕۆی فرە کەناڵدا، لە جیهانی ململانێی داهێنان و پێشبڕکێی پێشکەوتن و تەکنەلۆژیادا، کەس ئامادەنییە کاتی خۆی تەرخان بکات یان پارە بدات بە کەناڵێك کە کەمترین زانیاری گرنگی پێشکەش دەکات ئەگەر ئەو زانیاری و بابەت و پەیامەکەی کە دەیگەیەنێت، بەلای وەرگرەوە گرنگ و سەرنج ڕاکێش نەبێت، خاسیەتی کەناڵی میدیای سەرکەوتوو ئەوەیە لەڕێی ناوەڕۆك و شێوازو تەکنیکی باشەوە جەماوەر بۆ خۆی پەیدا بکاو فراوانتری بکات، چونکە هەر کەناڵێك تا جەماوەرەکەی زۆرتر بێت کە ئەمەش وەك ئاماژەمان پێدا لەڕێگەی ناوەرۆکی باش و تەکنینکی

نـــوێوه بـــەدیی دێـــت، ئـــەوا داهـــاتی ئابووریشـــی زیـــاتر دەبێـــت و بـــە پێچەوانەوەشەوە.

گرنگییەکـەی جـەماوەر روون و ئاشـکرایە بـۆ کەناڵـەکانی راگەیانـدن، بۆیـە هـەموو هـەوڵ و تەقـەڵلای ئـەو کەناڵانـەو تەنانـەت خـەمی گـەورەو سـەرەکییان، فراوانکردنی  جەماوەرە"وەرگر".

جگـە لـەو داهاتـەی لـە ئـەنجامی بەشداریی وەرگـر لـە کەناڵـەکانی راگەیانـدن "کڕینی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان، کرێی سەیرکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی" بۆ ئەو کەناڵانـە دەسـتەبەر دەبـێ، لـە هـەمان کاتـدا بـەرفراوانیی کەناڵـەکان وادەکـات هاووڵاتی بەشێوەیەکی گشتی رووبکاتە ئەو کەناڵەی زۆرترین جـەماوەری هەیـە بـۆ بڵاوکردنـەوەی ریکـلام و ئاگـاداری و هـەر بابـەتێکی دیکـەی بازرگـانی کـە لـە بەرامبـەردا پارەیـەکی بـاش دەداتـە کەناڵەکـەی راگەیانـدن، تـا کەناڵەکـە زیـاتر جـەماوەری بێـت، کرێـی بڵاوکردنـەوەی ریکـلام و ئاگادارییـە بازرگانییـەکانیش تێیـدا گـرانترە چـونکە جـەماوەرێکی فـراوانتر دەگرێتـەوە، ئەمـەش داهـاتێکی گەورە بۆ کەناڵەکە پێکدەهێنێ.

3-تێگەیشـتن لـە جـەماوەرو ئاشـنابوون بـە بیروبۆچـوون و خواسـت و داواکارییـەکانیان لەڕێگـەی بـەردەوامیی هـەڵکردنی میـدیا و وەرگـر بەیەکـەوە، پەیوەنـدیی پتـەوی نێـوان کـەناڵ و جـەماوەری زۆرو فـراوان، وا دەکـات مـەیل و ئاڕاستەو تەنانەت هەندێ جار شێوازی بیرکردنەوەی زۆرینەی خەڵك دەرکەوێت و ئاشکرا بێت.

**پێوەرەکانی جەماوەر**

بەشێوەیەکی گشتی جـەماوەری کەناڵـەکانی راگەیاندن لەسـەر بنـەمای چـەند پێـوەرێکی دیـاریکراو جیادەکرێتـەوەو دەستنیشـان دەکـرێ و هەنـدێ جـاریش هەڵدەسەنگێنرێت و ئەو پێوەرانەش جۆری جەماوەری کەناڵەکە دیاری دەکەن و هـەروەها لەڕێگـەی ئـەو پێوەرانـەوە، دەتـوانرێ نـاوەرۆکی پەیامـەکانی میـدیا دیـاری بکرێـت لـەڕووی ئـەوەی بایـەخ بـە چ مەسـەلەیەك بـدات و چ ناوەرۆکێـك

بگەیەنێتو هەروەها چ ئامانجێکی هەیە، هەروەك ئاستو شێوازی گەیاندنو شێوەی پێشکەشکردنی پەیامەکانیش دیاری دەکاتو ئامرازەکانی قەناعەت پێهێنانو کاریگەریش دەستنیشان دەکات:[18]

1− پێوەری چەندایەتی: واتا رێژەی زۆریی جەماوەری کەناڵەکە دەگەیەنێت، ئەمەش لەسەر لایەنی فیکریو رۆژنامەوانیی کەناڵەکە دەوەستێ، لێرەشدا پێوەری پێوانەی جەماوەری کەناڵێکی میدیای گشتی، لە پێوەرەکانی پێوانەی جەماوەری کەناڵێکی تایبەتمەند جیاوازیی هەیە.

2−پێوەری جۆرایەتی: واتا جۆری جەماوەرو پێگەی لەڕووی ئاستی زانستیو ئابووریو رووناکبیریو کۆمەڵایەتی، چ کارێك دەکات ئایا کرێکارە، فەرمانبەرە، قوتابیە، جوتیارە یا هەر کارێکی دیکەی هەیە. جۆری جەماوەرەکە راستەوخۆ پەیوەندیی بە کەسایەتیی کەناڵەکە هەیە.

3−پێوەری شوێنی جوگرافی: مەبەست لە شوێنی بوونی جەماوەری کەناڵەکەیە، لە چ شوێنێك دابەشبوون؟ ئایا جەماوەرەکە لە یەك ناوچەی دیاریکراوە یا لە چەند شارێكو ناوچەیەكو وڵاتێکدان؟

4−پێوەری تەمەنی جەماوەر: ئایا ئەو جەماوەری بابەتەکانی بۆ ئامادە دەکرێو ئاڕاستە دەکرێ، منداڵە، گەنجە یا پیرە یا تێکەڵەیەکن لەو تەمەنە جیاوازانە؟

5−پێوەری جێندەر: رەنگە جەماوەری کەناڵەکە تەنها ئافرەت یا تەنها پیاوان بن، یا رەنگە تێکەڵەیەك بێت لە هەردووکیان.

6−پێوەری ئاستی هوشیاری: دەبێ بزانرێ جەماوەری کەناڵەکە چ ئاستێکی زانینو مەعریفەیان هەیەو ئاستی تێگەیشتنو تێگەیشتوویيان چەندەو باکگراوندی زانیارییەکانیان لە چ ئاستێکدایە.

7−مەیلو هەڵوێست: ئاشنابوون بە هەڵوێستو مەیلە باوەکانی ناو جەماوەری کەناڵی میدیایی زۆر گرنگە بۆ شێوازی کاری کەناڵەکەو ئاڕاستەی.

8–ئاستی دارایی: جەماوەری کەناڵەکە بەشێوەیەکی گشتی سەر بە کام توێژی داهات نزم، یا ناوەند یا بەرزن، کە ئەمەش توانای کڕین لای جەماوەرەکە دیاریی دەکات.

جەماوەری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند هەر کۆیەك بن و هەرچۆنێك بێت، کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر ئاڕاستەو کاری کەناڵەکە، چونکە کەناڵەکە خۆی بە تایبەت بۆ ئەو جەماوەرە دیاریکراوە کاردەکات و پەیام و ئامادە دەکات و دەینێرێت، بۆیە دەبێ پەیامەکەو شێوازی گەیاندنەکەی تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ ویست و مەبەست و توانستی دەروونی و عەقڵیی جەماوەرەکە بگونجێنێت، ئەمەش تا ئاستێك پێچەوانەی کەناڵ و رۆژنامەی گشتییە، لە کەناڵی میدیایی گشتییدا بەم رادەیە رەچاوی پێکهاتەکانی جەماوەر ناکرێت کە پەیامەکەی ئاڕاستەدەکرێت، چونکە لە زۆر حاڵەتدا کەناڵی گشتی پەیامەکانی بۆ فراوانترین جەماوەرە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، بۆیە بابەت و پەیامەکانیشی بە زۆری بەلای زۆرینەوە گرنگ و جێی بایەخن، پەیامەکان بە زۆری هەواڵی سیاسیی گرنگ و رووداوە گەورەو سروشتییەکان و بابەتەکانی ناوخۆن.

جەماوەری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، هەمیشە سنووردارەو گشتگیر نییە، چونکە کەناڵەکە خۆی بەپێی ئەو پەیامەی کە بەریتمێکی بەردەوام دەیگەیەنێت، جەماوەرەکەی دیاریی دەکات و فراوانی و کەمییەکەشی لەسەر خودی ئەو کەناڵە وەستاوە، بۆ نموونە بڵاوکراوەیەکی زانستی گشتی جەماوەرەکەی زۆرترە لە بڵاوکراوەیەك کە زیاتر تایبەتمەند بووبێت و تەنها لەسەر یەك لقی زانستی کار بکات وەك زانستی گەردوونناسی، ئەوانەشی کە دەبنە جەماوەری بڵاوکراوە گەردوونناسییەکە، رەنگە لەنێو جیهانی زانستدا زیاتر بایەخ بە گەردوونناسی بدەن، بەهەمان شێوە ئەو جەماوەرە تایبەتمەندە ئەگەرچی ژمارەی لە ژمارەی جەماوەری رۆژنامەگەریی گشتیی کەمترە بەڵام کاریگەریی و رۆڵیان زیاترە چونکە بە زۆری خەڵکانی شارەزاو پسپۆر کاری تێدا دەکەن.

د.ادیب خضور له کتێبی راگەیاندنی تایبەتمەنددا کە باسی تایبەتمەندییەکانی جەماوەری کەناڵی راگەیاندن دەکات[19]، ئاماژە بەوە دەکات کە جەماوەری راگەیاندنی تایبەتمەند بە زۆری جەماوەرێکی بەرتەسکە، چونکە جەماوەرەکە تەنها خۆی لە بوارێکدا دەبینێتەوە کە ئەویش بواری تایبەتمەندییەکەیە، بۆ ئەوەش نموونەی ئەوەی هێناوەتەوە کە گۆڤارێکی تایبەتمەند بە دەرمانخانە، جەماوەرە هەمیشەیی و بەردەوامەکەی تەنها ئەو کەسانەن کە لە بوارەکەدا کاردەکەن یا مەیلیان بۆ بوارەکە هەیە.

هەروەك پێیوایە کە جەماوەری کەناڵی تایبەتمەند پێشوەخت دیارو ئاشکرایە، بە زۆری کەناڵی تایبەتمەند جەماوەرەکەی خۆی دەناسێ بۆیە ئاسانتر پەیام ئامادە دەکاو هەوڵ دەدا بیگەیەنێتێ، بەڵام کەناڵی گشتی گەلێ جار جەماوەرەکەی ناناسێ و لەسەر بنەمای گریمانە دیاریی دەکرێت، بە هەمان شێوە جەماوەری تایبەتمەند جەماوەرێکی جدیو بە پەرۆشە بۆ پەیامەکانی ئەو کەناڵە، بەمەبەستی کات بەسەربردن و خۆشباری پەیامەکە وەرناگرێت، بەڵکو زۆر بەدیقەت و جدییەوە مامەڵە لەگەڵ پەیامەکە دەکات، لە کاتێکدا لە کەناڵی گشتی، بەشێکی زۆری خەڵك بەمەبەستی کات بەسەربردن پەیامەکان وەردەگرن.

جەماوەری تایبەتمەند زۆر لە جەماوەری گشتی پەرۆشترە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، چونکە پێویستی زانینی زۆرترەو زیاتر حەز بە زانینی زانیارییەکانی بوارەکەی دەکات، ئەمەش وای لێدەکات مامەڵە لەگەڵ زۆربەی کەناڵەکان بەهەموو شێوازەکانی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ئەو جەماوەرە بەهۆی جدیەت و ئەو شارەزایی و پسپۆرییەی لەبوارەکەدا هەیەتی، بەردەوام هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی دەبێ بەرامبەر بەو پەیام و زانیارییانەی کە پێی دەگات و ئەو کەموکوڕییانەی کە رەنگە تێیاندا هەبێت.

## ئەركەكانی رۆژنامەگەریی تایبە تمەند

میدیا بەشێوەیەكی گشتیو بەم شێوازەی كە ئێستا لە ئارادایە، گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی دەكاتو لەمڕووەوەش هیچ جیاوازییەك لەنێوان تاكەكاندا ناكات، چونكە لە بنەڕەتدا میدیا بۆ ئەوە خولقاوەو كار دەكات تا بگاتە زۆرترین كەسو لە دوورترین شوێنی سەر زەویدا.. بۆ ئەوە پەیدا بووە كاریگەریی لەسەر زۆرترین رێژەی جەماوەر دروست بكاو پەیامەكەی بە دروستترین شێوەو ئاسانترین رێگا بەیەكسانی دابەش بكات. هەموو هۆكارێكی راگەیاندنی گشتی بە تەلەفزیۆن، رۆژنامە، رادیۆو سایتەكانی ئینتەرنێتیش كە دێتە دروستبوونو دەست بەكار دەبێ، كۆمەڵێك ئامانجی هەیە كە دەكرێ لەم چەند خاڵەدا بخرێنەڕوو:[20]

1- پێشكەشكردنی هەواڵو زانیاری: میدیا وەك خزمەتگوزارییەكی زانیاری كاردەكات بۆ پەیداكردنو دۆزینەوەی زانیاری لەسەر رووداوو شتە شاراوەكانو راستییەكان لە بارەی پێشهاتەكان لەشێوەی هەواڵی داڕێژراوو ئاسانكراو ئامادە دەكاو پێشكەشی جەماوەری دەكات.

2-پەروەردەكردن: لەڕێگەی بڵاوكردنەوەی بەهاو خەسڵەتە باڵاكانی نێو كۆمەڵو دابونەریتە رەسەنەكان، ئەركی پەروەردەكردنی جەماوەر بە تایبەتی توێژی منداڵو لاوان بەدی دەهێنێت.

3-فێركردنو پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی: ئاشناكردنی جەماوەر بە شتی نوێو دەوڵەمەندكردنی باكگراوندی فەرهەنگیو كەلتوریو بەرزكردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی جەماوەر لەبەرامبەر زۆربەی لایەنەكانی ژیانو پێشهاتەكاندا.

4–هوشـیارکردنەوەو ئاڕاسـتەکردن: جۆشـکردنی جـەماوەر بەمەبەسـتی ئاڕاستەکردنیان بـەرەو ئامـانجێکی دیـاریکراو بـۆ دروسـتکردنی بۆچـوونێکی گشتی (رای گشتی) لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو.

5– چاودێریو رەخنەگرتن: کارکردن بۆ خولقاندنی متمانە لە نێوان گەلو دەسـەڵاتو هـەروەها تـاکو تـاک لـەنێو کۆمەڵـدا لەڕێگـەی رەخنـەگرتنو خسـتنەڕووی کەموکورتییـەکانو هەڵسـەنگاندنی ئـیشو کـارو دیاردەکـان. هەروەها لە جیهانی دیموکراسیدا چاودێریکردنی ئیشو کارەکانی حکومەتو دەسەڵات کە دەبێتە هۆی هێنانەکایەی ئیدارەیەکی شەفافو دوورکەوتنەوە لە کەموکوڕیو دیاردەکانی گەندەڵیو نایەکسانی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

6–راڤەکردنو شیکردنەوە: روونکردنەوەو پێشکەشکردنی وردەکارییەکانی بابـەتو مەسـەلە گرنگـەکانو خسـتنەڕووی دوورایـیو هۆکارەکـانیو پێشـبینیکردنی دەرئـەنجامو ئەگـەرەکان لەسـەر بنـەمای خوێندنـەوەی پێشوەختو لۆژیکییانەی پێشهاتو رووداوەکان.

7–دەستکەوتی ئابووریو دۆزینەوەی بازاڕ: لەڕێگەی بانگەشەکردن بۆ کاڵاو کەلوپەلـەکانو هـەروەها پڕوپاگەنـدەکردن بـۆ شـوێنە بازرگـانیو کەلوپـەلو بڵاوکردنەوەی ئاگاداریو رێنوێنیو چەندین بابەتی تر بەرامبەر بە کرێیەکی دیاریکراو، داهاتێکی باش بۆ کەناڵەکانی میدیا دەستەبەر دەبێ کە سوودی دەبێ بۆ دابین کردنی خەرجییەکانی کاری راگەیاندنو دابینکردنی کرێی کارمەندانو پێویستییەکانی تری کەناڵەکان. لە جیهانی ئەوروپاو خۆرئاوا بە گشتی، کاری میدیا دەستکەوتێکی زۆر بۆ خاوەنەکانیو ئەو کەسانەش هەیە کە کاری تێدا دەکەن.

8–کـات بەسـەربردنو خۆشـباری: لەڕێگـەی پێشکەشـکردنی بابـەتی هەمەڕەنگو سەرنج راکێش، بابەتی سەیرو سەمەرە کە دەبێتە هۆی حەوانەوەو پشوودانی عەقڵیو دەروونی مرۆڤ "وەرگر"و لەبیرچوونەوەی کێشەو گرفتو قورسایی ژیانی سەردەمو دروستکردنی خەندەو نیشانەی سەرسوڕمان لەسەر لێوو روخساری جەماوەر.

ئـەم ئـەرك‌و ئامانجانـە لـە هـەمان کاتـدا بەسـەر میـدیای تایبەتمەندیشـدا جێبـەجێ دەبێـت، ئـەو پەیامانـەی لـە میـدیاو ڕۆژنامەگـەریی تایبەتمەنـددا پێشکەشی جەماوەری دیاریکراو "تایبەت"دەکرێت، بە ئامانجی خزمەتکردنی جەماوەرە لەڕووی تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانییەتی لەڕێگەی پێشکەشکردنی بابـەتی ئامـادەکراوی تایبەتمەنـد کـە وەرگـر بـە دوا پێشـکەوتن‌و داهێنـان‌و پێشـهاتەکانی جیهـان لـە بـوارێکی دیـاریکراودا ئاگـادار دەکاتـەوە، میـدیای تایبەتمەند زیاتر لە بوارێکی دیاریکراودا ڕۆدەچێتە قولایی‌و بەهۆی وتارو گفتوگـۆو لێکۆڵینـەوەو وەرگرتنـی بیروبۆچـوونە جیاوازەکـان، پڕۆسـەی ڕاڤەکردنی شیکردنەوە بەجێ دەهێنن.

دەکرێ ئـەرك و ئامانجـە گشـتییەکانی میـدیای جـەماوەریی تایبەتمەنـد لـەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:[21]

1-پتەوکردنی فەرهەنگی زانستی:

لەڕێگـەی پێشکەشـکردنی زانیـاریی بـەردەوام‌و نـوێ لـەبارەی زانسـت‌و تەکنەلۆژیای سەردەم لە بوارێکی دیاریکراودا، ئەو باکگراوندە زانستییەی تاك دەوڵەمەنـدترو پتـەوو بـەهێزتر دەکـات کـە لـە قۆناغـەکانی خوێندنـدا پەیـدای کردووە.

2-بڵاوکردنەوەی هوشیاری‌و فەراهەمکردنی مەعریفە بۆ جەماوەر:

بڵاوکردنـەوەی هوشـیاری خـۆی لـە گواسـتنەوەی پەیامـە تایبەتمەندەکانـدا دەبینێتـەوە کـە بـۆ وەرگـر دەنێردرێـت لەڕێگـەی ئـامرازێکی ڕاگەیاندنـەوە. ئـەم پڕۆسـەیەش لەڕێگـەی گەیانـدنی زانیارییـەکانی دوا پێشـهات‌و ڕووداوەکـان‌و شیکردنەوەو لێکدانەوە جۆراوجۆرەکان‌و داهێنانـەکان‌و ئاسانکردنی پڕۆسـەی ناسـاندنی‌و خستنەبەردەسـتی وەرگـر خـۆی دەبینێتـەوە بـە تایبـەتیش کـە لـە دنیای ئەمڕۆدا جەماوەر ناتوانێ ئەو زانیارییانـە لـە سەرچاوە بنەڕەتییـەکانی خۆیەوە بەدەست بهێنێت، بۆیە میدیای تایبەتمەند ئەم ئەرکە دەگرێتە ئەستۆو بەمـەش یاریـدەدەر دەبێـت بـۆ ئامـادەکردنی مـرۆڤ بەشـێوەیەکی کـارا لـەڕووی دەروونی‌و عەقڵییەوە بۆ بەشداریی کردنی لە پڕۆسەی شارستانی‌و درك کـردن

به سلبیات و مەترسییەکان و سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکان کە بەرهەمی شارستانییە. پرۆسەی بڵاوکردنەوەو پەخشکردن رۆڵ دەبینیێ لە روونکردنەوەی شتە سەرەکییەکانی ژیان و یاریدەدەریش دەبێت بۆ تێگەیشتن لە دیاردە سروشتییەکان و سەرجەم داهێنان و پێشهاتەکان و بنەما گشتییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا.

3–ناساندنی زاناو داهێنەرەکان:

پرۆسەی بڵاوکردنەوەو پەخشکردن یارمەتیی داهێنەرو زاناکان دەدات کارو چالاکی و بەرهەمەکانیان پێشبخەن و زیاتر هاندەدرێن لەسەر کارەکانیان ئەویش لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەنجامی توێژینەوەکانیان لە بوارەکانی تیۆری و پراکتیکی و هەروەها داهێنان و کارە دەگمەن و نایابەکانیان. ئەم هەنگاوە یارمەتیدەریش دەبێ بۆ توێژەرو زاناو داهێنەرەکان بۆ بیرکردنەوە لە بابەتی نوێ لە خزمەت مرۆڤایەتیداو هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ئەو لایەنانەی کە بە گونجاوی دەزانن بۆ باشکردنی بارودۆخی کۆمەڵگاکانیان. جگەلەوانە ناساندنی زانایان و توێژەران و داهێنەران، دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان خۆیان لەسەر ئاستی نیشتمانی و جیهانیدا بە جۆرێك کە راگەیاندن ئەو دابڕانەی نێوان زاناو هونەرمەندو وەرزشوان و ئەدیب و هەروەها زاناو خەڵك بە گشتی، ناهێڵێت، ئەویش لەرێگەی داننان بە بەهاو نرخی راستەقینەی ئەو بیروبۆچوون و تێڕوانینانەی کەسی تایبەتمەند پێشکەشی دەکات و لە کەناڵێکی میدیادا پێشکەش دەکرێت کە دەبێتە هۆی ناساندنی و ناوبانگ دروست کردن بۆ ئەو کەسە وەکو خۆی و لەنێو جەماوەردا پێگەیەکی دیار بۆخۆی دەستەبەر دەکات. لە بەرامبەریشدا پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی زاناو داهێنەران، دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەر بە تەواوی ئاشنای ئەو بەرهەمانە بێت و دواجار سوودی دەبێت و جەماوەریش هاندەدات هەوڵ بدەن بۆ کاری بەردەوام و داهێنان و چاو لە زاناو داهێنەران بکەن تا وەك ئەوان پێگەی دیار لەناو کۆمەڵگاکەیان دەستەبەر بکەن، بەهەمان شێوە سوودی بۆ

دامەزراوە زانستیو بەرهەمێنەرەکانیش دەبێت کە ئاگاداری ئەو بەرهەمانە بن بۆ ئەوەی سوودی لێ ببینن بۆ باشترکردنی کاروبارەکانیان.

4-بڵاوکردنەوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینی زانستییانەو دروستکردنی عەقڵیەتی زانستییانە:

بیرکردنەوەی زانستیانە تەنها پەیوەست نییە بە کێشەیەکی تایبەتمەندەوە یاخود کۆمەڵێك کێشەی تایبەتمەند کە زانایان لێی دەکۆڵنەوە، بەڵکو مەبەست لە بیرکردنەوەی زانستیانە ئەو بیرکردنەوە رێکخراوەیە کە دەکرێ لە ژیانی رۆژانەدا بەکاربهێنرێت وەك چالاکییەکانی کارو پیشەو هەروەها پەیوەندیی لەگەڵ دەورەبەرەکەدا، مەرجیش ئەوەیە بیرکردنەوە بەشێوەیەکی رێکخراو بێت نەك هەرەمەکی، واتا لەناو مێشكو هزری مرۆڤدا بەرنامە بۆ دارێژراو بێتو لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پرەنسیپ بنیاتنرابێت. بیرکردنەوەی زانستییانە یا عەقلیەتی زانستییانە کۆکردنەوەی زانیاریی زانستی یا زانینی رێگاکانی توێژینەوە لە بوارێکی دیاریکراوی زانستیشدا ناگەیەنێت، بەڵکو بریتییە لە شێوازی روانین بۆ بابەتو پێشهاتەکان کە لە بنەڕەتدا پشت بە عەقڵو بەڵگەی قەناعەتپێکەر دەبەستێت کە ئەمەش رەنگە لەلای کەسانێکیشدا هەبێت کە هیچ مەشقو راهێنانێکی تایبەتیان نەکردووە لە هیچ بوارێکی زانستیی تایبەتداو هەروەك رەنگە لەلای کەسانێکیشدا نەبێت کە هەگبەیەکی زۆریان لە بواری زانستی پێیەو بەدەستهێناوە.

بە کورتی مەبەست لە عەقڵیەتی زانستی ئەوەیە کە کەسێك کاتێك پێویستی پێ دەبێت، پشت بە زانیارییە سادە خەزنکراوەکانی مێشکی دەبەستێت بۆ چارەسەرکردنی بابەتێك کە لە ژیانی رۆژانەیدا رووبەڕووی دەبێتەوەو لەرێگەیەوە چارەسەری گونجاوو مامەڵەی پێویستی لەگەڵدا دەکات.

5-دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتی رۆژانەیو هی ئایندەشی:

ئەو بابەتە زانستیانەی کە بڵاودەکرێنەوە بە جۆرێك بن کە پێداویستییە کۆمەڵایەتییە گشتیەکانی مرۆڤ فەراهەم بکەنو هەروەها ئەوە نیشانی جەماوەر

بدات کە ڕێبازو داهێنانە زانستییە نوێکان دەتوانن چ ڕۆڵێك ببینن لە ژیانی پراکتیکیی ڕۆژانەدا، هەروەها بۆ ئەوەی زانست ببێتە بەشێکی جیانەکراوە لە پێشکەوتنی شارستانیو ئەوەش لەبەرچاوی جەماوەر ڕوون بکرێتەوە کە ئەگەر بێتو پێشکەوتنی زانستیو تەکنەلۆجی بخرێتە واری جێبەجێکردنو کاری پێبکرێت، ئەوا مرۆڤ دەتوانێ بەسەر زۆر لە کێشەو پێداویستییە سەرەکییەکانی زاڵ بێت بە تایبەتیش کە شارستانیەتی نوێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشێوەیەکی تەواو پشت بە پێشکەوتنو داهێنانە زانستییەکان دەبەستێت. ئاڕاستەکردنی چالاکیی زانستی بۆ بەدیی هێنانی ئەم ئامانجانە سوودی بۆ هەموولایەك دەبێت، هەرچەندەش ئامرازەکەی ڕاگەیاندن"کەناڵ" پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکان بەدیی بهێنێت، ئەوەندە کاریگەریی زیاتر لەسەر جەماوەر جێدەهێڵێتو پەسەند دەبێت. گرنگە لە میدیای تایبەتمەندا بنەماکانی زانستو تەکنەلۆژیا لە بوارە تایبەتمەندەکان بەشێوەیەکی سادەو ئاسانکراو پێشکەشی مرۆڤی سادە بکرێت.

6–خێراکردنی پڕۆسەی گەشەپێدان:

باشترین هۆکار بۆ خێراکردنی پڕۆسەی گەشەپێدان میدیایە ئەویش لەڕێگەی پێشنیازکردنو خستنەڕووی پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵو ئەو هەنگاوانەی پێویستن بنرێن بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤایەتی.

ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەو بوارانەی کە بۆی تەرخان دەکرێت، بە وردیو تەفسیلی پێشنیازی پڕۆژەی جیاجیا دەکات کە دەبنە مایەی گەشەپێدان لەو بوارەدا.

7–گواستنەوەی پێشهاتە زانستییەکان:

ئەگەرکەناڵە تایبەتمەندەکانی میدیا نەبن، ئەوا جەماوەر ئاگاداری وردەکاریی ئەو هەموو پێشهاتە زانستییانە نابن کە ڕۆژانە لە جیهاندا دێنە بەرهەم، مرۆڤ ئەمڕۆ بێ جیاوازی لەڕێگەی ڕاگەیاندن ئاگاداری پێشهاتو داهێنانە زانستییەکانی هەر کوێیەك دەبن، ئەگەر میدیای گشتی تەنها

بەشـێوەیەکی رووکـاری‌و خێـرا مـرۆڤ لـەو پێشـهاتانە ئاگـادار بکاتـەوە، ئـەوا میدیای تایبەتمەند بە تەواوی ئەرکی ئاشناکردنی وەرگر بەجێ دەهێنێت بەو پێشهاتانە چونکە هەر یەکێك لە کەناڵە تایبەتمەندەکان لـە بوارەکانی خۆیانـدا، کاتێکی زیاتر یا رووبەڕێکی زیاتر تەرخان دەکات بۆ ئەو پێشهاتانەو زیاتر رۆدەچـێتە قـووڵایی‌و وردەکـاری‌و لایەنــە جیاوازەکـانی پێشـهات‌و رووداوە زانستییەکان.

8-پێگەیاندنی لاوان‌و ئامادەکردنی منداڵ‌و مێردمنداڵان:

بـەکارهێنانی رۆژنامەگـەری‌و هۆکارەکـانی راگەیانـدن لـە بڵاوکردنـەوەی هوشـیاریی زانسـتی‌و بیرکردنـەوەی زانسـتییانەو پەخشـکردنی مەعریفـەی زانسـتی، پێویسـتە تـەرکیز بکاتـە سـەر لاوان بـۆ ئـەوەی بتـوانن فەرهـەنگی زانستیی خۆیان‌و تێڕوانینی زانستییانەیان پێشبخەن کە یارمەتیان دەدات بۆ گونجـــان لەگـــەڵ دەوروبـــەریان‌و هـــەروەك هوشـــیارییان بەرامبـــەر بـــە پێداویستییەکانی سەردەم گەشە دەکات. گرنگیدان بە فەرهەنگی زانستی لای گـەنجان، توانسـتیان گەشـە پێـدەدات لـەباری ئاگـاداربوون‌و بەدواداچـوون‌و خۆرۆشـنبیرکردن‌و یارمەتیشـیان دەدات بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو زاراوەو یاسـا زانستیە گشتیانە کە کە تواناکانیـان زیاتر دەکات بۆ بینین‌و دركکردنـی ئـەو دیمەنەی زانست وێنای دەکات.

9-گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی‌و نیشتمانی:

گەشــەپێدانی هەســتی نەتەوایــەتی‌و نیشــتمانی لای جــەماوەر لەڕێگــەی خســتنەڕووی ســەرجەم ئــەو داهێنــان‌و پــڕۆژە زانســتی‌و کــارو بەرهــەمی چالاکییەکانی زاناو توێژەرەکانی ناوخۆی وڵات‌و ناساندنیان دەبێت کە دەبێتە مایــەی شــانازیی کردنــی تاکــەکانی ئــەو وڵاتــەو متمانــەکردنیان بــە پێشـکەوتنەکانی وڵاتەکـەی خۆیـان. دروسـتکردن‌و گەشـەپێدانی هەسـت‌و هوشــیاریی نەتــەوەیی‌و نیشــتمانی لای جــەماوەر لەڕێگــەی ناســاندن‌و خسـتنەڕووی توانسـتەکانی نـاو نیشـتمان‌و نـاو نەتـەوەو هـەوڵ‌و تێکۆشـانی بێوچانی رۆڵەکانی گەل دێتەدی.

10-وەبیرخستنەوەی کەلتوری زانستی:

وەبیرخستنەوەی ئەو داهێنانو هەوڵو بەرهەمە زانستیو فەرهەنگیانە کە نەتەوە بەدرێژایی مێژوو، خاوەنی بووە.

هەموو نەتەوەیەك خاوەنی چەندین کەسی بە توانان لە زۆر بواری ژیاندا، لە بواری زانست، فیکر، ئەدەبو هتد، ناساندنو وەبیرخستنەوەی ئەو زاناو کەسە بەتواناو داهێنەرانەش، یەکێکە لەو ئامانجانەی کە لەڕێگەی میدیای تایبەتمەند بەدیدێت.

11-وریاکردنەوە لە هەندێ مەترسییەکانی زانستو تەکنەلۆژیا:

ئاگادارکردنەوەو وریاکردنەوەی جەماوەر بە هەندێ لەو مەترسییانەی کە ڕەنگە بەکارهێنانی هەندێ ئامێری تەکنەلۆژیای نوێ لە بوارەکانی زانستو ئیشو کاردا دروستی بکاتو هەوڵدان بۆ دەستنیشانکردنو دیاریکردنی ئەو ڕێگایانەی کە دەبنە مایەی پاراستنی مرۆڤ لەو مەترسیانەو کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی. هەروەها ئاگادارکردنەوە لە بەکارهێنانی نادروستی هەندێ بەرهەمو ئامێری تەکنەلۆژیاو دیاریکردنی باشترین شێوازی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە بە جۆرێك کە ببنە مایەی نەهێشتنی مەترسییەکان لەسەر مرۆڤو هەروەها پاراستنی ئامێرەکانیش بەشێوەیەکی گونجاو.

12-گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی نوێو ڕێنوێنی کردن بۆ بەکارهێنانی لە ڕەفتارو ئیشو کاردا:

خەڵك دەتوانێ کەناڵە جیاوازەکانی راگەیاندنی جەماوەری وەك سەرچاوەیەك بەکاربهێنن بۆ دەستکەوتنی ڕێنوێنیو ئامۆژگاری بۆ ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانیان کە یارمەتیان دەدات بۆ گونجان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا ئاڵۆزانەی تێیدا دەژین، سوود وەرگرتنیش لەو کەناڵانە بۆ ئەو مەبەستە، ڕەنگە بە مەبەستو ڕەنگە بێ مەبەستو بێ پەی پێبردنی وەرگر بێت، چونکە لەڕێگەی وەرگرتنی پەیامەکانی کەناڵەکانی راگەیاندن، بڕێکی باش زانیاریان لا کەڵەکە دەبێت کە دواتر مرۆڤ لەکاتی هەڵسوکەوتو ڕەفتارەکانیدا بەکاریان دەهێنێتو پشتی پێدەبەستێت.

## خەسڵەتەکانی کاری ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند

کەناڵەکانی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ جەماوەرەکەیاندا لە شێوازی گەیاندن و ئامادەکردنی سروشتی پەیام و بەپێی بارودۆخ و ئامانج و جیاوازیی پەیامەکەو تەنانەت کۆمەڵگاش دەگۆڕێت، بەشێوەیەکی گشتی خەسڵەت و سروشتی کەناڵی ڕۆژنامەگەری و میدیای تایبەتمەند لەم چەند خاڵەدا دەردەکەوێت:[22]

1-ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە زۆری پەنا دەباتە بەر شێوازی چارەسەرکردنی شیکاری و بەکارهێنانی بەڵگەو ئامارو یاساکان، هەروەها ڕووماڵکردنی سەرتاسەریی و قوڵی هەواڵەکان بەکاردەهێنێت و شییاندەکاتەوە.

2-ئەو شێوازو جۆری کاری ڕۆژنامەگەرییانەی کە بە زۆری لە ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەنددا کاری پێدەکرێت، زیاتر شێوازی فیکرین کە بەهاو بیرۆکەی جیاجیا لەخۆ دەگرێت.

3-سروشتی زاڵ لە میدیای تایبەتمەنددا سروشتی ڕۆشنبیریی کردنە نەک هەواڵ بەخشین.

4-ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند هەوڵ دەدات ستراتیژو پێشەکیی قەناعەت پێکەری گونجاو لەگەڵ جەماوەرەکەی بەکاربهێنێ بۆ هوشیارکردنەوەیان.

5- ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند کار دەکات لەسەر جیاکردنەوەی زانیاری لەگەڵ بیروبۆچوونەکان و هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات.

6- ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند ئالیاتی کاریگەریی گونجاو بۆ بابەتەکەی و جەماوەرەکەی بەکاردەهێنێ کە جیایە لە ئالیاتی ڕاگەیاندنی گشتی.

7–تــەنها بايــەخ بــە نــاوەرۆكی پەيامــەكان نــادات، بــەڵكو رۆژنامەگــەريی تايبەتمەند گرنگی بە شێوازەكانی پڕۆسەی پێشكەشكردنی ئەو ناوەرۆكانەو هەروەها شێوازی دەرهێنان و پێشكەشكردنەكەش دەدات.

## پەراوێزەكانی بەشی يەكەم

1–موحازەرەكـانی وانــەی تيـۆری راگەيانـدن (سـەرهەڵدانی رۆژنامەگـەری)، بەشـی راگەياندن، كۆليژی زانستە مرۆڤايەتيەكانی زانكۆی سلێمانی، د.موەفـەق دەرگەڵـەيی، 2004، لاپەڕە 3

2–لــە مێــژووی رۆژنامەگــەريی جيهانييەوە"لەســەرەتاوە تــا ســاڵی 1815.. ســەرەتاكانی رۆژنامەگــەريی كــوردی، وەرگێڕانــی عەبدولكــەريم شــێخانی، گۆڤــاری رۆژنامەڤانی، ژمارە 1، 22–نيسان–2000، لاپەڕە 98

3-ظلاديمير هوديتس، المرشد في علم الصحافة، منظمة الصحفيين العالميـة، براغ، 1987، لاثةرِة 156

4-د. اديب خضور، الاعلام المتخصص، الطبعـة الاولى، دمشق، 2003، لاثـةرِة 7

5-عونی عبدالفتاح عزام، الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها، دراسة، شبكة الاستراتيجية، لاپەڕە 15

6–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 16

7- فلاديمير هوديتس، المرشد في علم الصحافة، سەرچاوەیەکی پێشووترە، لاپەڕە 152

8- عزيز السيد جاسم، مبادىء الصحافة في عالم المتغييرات، بغداد، 1985، دار آفاق العربية، لاپەڕە 96

9-مائة عام على تحرير المرأة، سلسلة ابحاث المؤتمرات، الاشراف: أ.د.جابر عصفور، الجزء الاول، 1989، لاثةرِة 143

10- عونی عبدالفتاح عزام، الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها، سةرضاوةيةكى ثيَشووترة، لاثةرِة 2

11- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، دراسة، بغداد، لاپەڕە 5

12-بڕوانە د. اديب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەیەکی پێشووترە. هەروەها د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، دراسة، بغداد، لاپەڕە 2

13– هەمان سەرچاوە، بڕوانە لاپەڕە 42

14– هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 19

15–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 21

16–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 14

17– هەمان سەرچاوەی پێشوو، بڕوانە لاپەڕە 48

18- د. اديب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 33

19- د. اديب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 37

20-البعد المعاصر للاتصال والاعلام، أ. نبيل زكار، دراسة، الشبكة الاستراتيجية، لاپەڕە 1

21- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، لاپەڕە 5

22- د. اديب خضور ، الاعلام المتخصص، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 39

# بەشی دووەم

## ئامرازەكانی رۆژنامەگەریی جەماوەریی تایبەتمەند

ئامرازەكانی راگەیاندنی جەماوەری كە لەرێگەیەوە بەرهەمی رۆژنامەوان و پەیامنێرو ئامادەكاری پەیامەكان و هەروەها هەواڵ و دوا پێشهاتەكانی سەر گۆڕەپانی جیهان لەسەرجەم بوارەكانی سیاسی، ئابووری، زانست، فەرهەنگ و فیكرو ..هتد دەگەیەنرێتە وەرگر، یەكێكە لە كۆڵەكە سەرەكییەكانی كاری میدیا بە گشتی. لە جیهانی ئەمڕۆدا بە هۆی ئەو پێشكەوتنە مەزنانەی كە لە سەدەی رابردوو بە تایبەتیش لە دوا بیست ساڵی سەدەی رابردوو لە تەكنەلۆژیای بواری راگەیاندندا هاتەدی، ئامرازەكانی راگەیاندنیش فراوانترو كاریگەرتر بوون و شێوە تەقلیدییەكەی جارانی تێپەڕاند ئەگەرچی لەهەندێ رووەوە دەستبەرداریشیان نەبوو. گرنگترین ئەو ئامرازانەی ئەمڕۆ لە راگەیاندنی جەماوەریی بە تایبەتمەندو گشتیش پشتی پێ دەبەسترێ دابەش بووە بەسەر چەند جۆرێكدا: "بیستراو، بینراو، نووسراو، ئەلیكترۆنی(ئینتەرنێت)". ئەوانیش بریتین لە[1]:

1–تەلەفزیۆن: گرنگترین ئامرازی راگەیاندن و كاریگەرترینیانە چونكە ئەم ئامرازە بۆ موخاتەبەكردنی جەماوەر پشت بە وێنەو قسەو جولە دەبەستێت و هەروەها لەرێگەی سەتەلایتەوە دەگاتە هەموو كەسێك لە دوورترین شوێنی جیهان و بەپێی جیاوازی كۆمەڵگەو شوێنەكان، هیچ ئەستەم و كۆسپێكی لەبەردەمدا نییە كە لەبەردەم ئامرازەكانی دیكەی راگەیاندندا هەیە وەك رۆژنامە كە هەمیشە كێشەی دابەشكردنی هەیە، خەرجیی تاڕادەیەك كەمی تێدەچێت بۆ وەرگر، هەواڵ و رووداوەكان راستەوخۆ لە گۆڕەپان رووداوەكانەوە بەشێوەیەكی زیندوو دەگوازێتەوە.

بەهۆی تەلەفزیۆنەوە وای لێهاتووە مرۆڤی ئەمڕۆ پێویستی بەوە نەبێت بچێتە دەرەوە بۆ بینینی فیلم یا شانۆگەرییەك یا بۆ زانینی هەواڵێكی نوێ، بەڵكو لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە دەتوانێ لە ژووری نوستنەكەی خۆی ئەم شتەی بۆ بێتەدی.

سەبارەت بە كاریگەریی تەلەفزیۆن دەگوترێت كە كاریگەریی تەلەفزیۆن سێ بەقەد كاریگەریی رادیۆیە[2] چونكە بەرنامەكانی تەلەفزیۆن هەستێك دەدا بە وەرگر كە بەرنامەكانی رادیۆ ئەو توانایەی نییە لە وەسفكردن و وێناكردنی شتەكان و ئەمەی بۆ بەدیی نایەت.

ئامرازی تەلەفزیۆن كە لە هەندێ حاڵەتدا وەك یەكێك لەئەركەكانی خۆی رۆڵی مامۆستا دەبینێت لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، بۆتە هۆی پێشكەوتن و گەشەسەندنی پەروەردەو رۆشنبیری كردنی خەڵك و هوشیاركردنەوەیان لەڕێگەی ئەو بەرنامەو ئاگادارییانەی تەلەفزیۆن بڵاوی دەكاتەوە لە هەموو بوارەكانی سیاسی، تەندروستی، ئابووری، فەرهەنگی و پەروەردەیی و هتد[3].

پێشكەوتنی تەلەفزیۆن لەڕووی تەكنەلۆژیا و هەرزانیی نرخ بۆ وەرگران و تێچووی و هەروەها كاریگەریی لەسەر خەڵك و تەرخانكردنی كاتێكی زۆر لەلایەن جەماوەرەوە بۆ بینینی تەلەفزیۆن و لە هەمان كاتیشدا پێشكەوتن و ئاڵۆزبوونی ژیانی سەردەم و دابەشبوونی ژیانی مرۆڤ بەسەر چەندین بواردا، وایكردووە تەلەفزیۆنی تایبەتمەندیش بێتە ئاراو لە چەندین بواردا خۆی ببینێتەوە وەك: تەلەفزیۆنی وەرزشی، پەروەردەیی، هونەری، تەندروستی، ژینگە، ئاژەڵ، سروشت و كشتوكاڵ، سێكس و كۆمەڵایەتی و چەندینی تر.

2–رادیۆ: ئامێری رادیۆ بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی میدیای جەماوەریی و دەتوانین سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی رادیۆ وێستگەكانی رادیۆ بەسەرەتای میدیای جەماوەریی نوێ دابنێین چونكە لەخاسییەتەكانی رادیۆ ئەوەیە خێراترین و ئاسانترین ئامرازە بۆ گواستنەوەی دوایین هەواڵ و رووداو بۆ مرۆڤ لە دوورترین شوێنی جیهان بێ هیچ كۆسپ و تەگەرەیەكی ئەوتۆ (هەندێ جار بەمەبەست تەگەرە لەبەردەم پەخشی رادیۆ دروست دەكرێت)،

وەرگر دەتوانێ لە ماڵەوە، لەناو ئوتومبێلەکەی، لەسەر کارەکەی‌و لە هەموو شوێنێك گوێ لە رادیۆ بگرێت[4].

هاوشێوەی تەلەفزیۆن، بەهۆی پێشکەوتن‌و ئاڵۆزبوونی ژیانی سەردەم‌و دابەشبوونی ژیانی مرۆڤ، رادیۆش تایبەتمەندیی بەخۆیەوە بینیوە، لە پاڵ رادیۆی گشتی، رادیۆی تایبەتمەندیش بە بوارێکی دیاریکراو هاتۆتەئارا، وەك رادیۆی بازرگانی "ریکلام"، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، هونەر "گۆرانی‌و مۆسیقا"، هەواڵی و سیاسی‌و ..هتد.

3–رۆژنامە: رۆژنامە بەر لە هەموو ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن سەری هەڵدا، بیروبۆچوونەکان سەبارەت بە پەیدابوونی یەکەم رۆژنامە جیاوازە، هەندێك پێیان وایە رۆژنامەی "کین بان"ی چینی کە لە ساڵی 911ی پێش زایین دەرچووە، کۆنترین رۆژنامەیە، هیتر پێی وایە کە رۆژنامەی " Acta Doria"ی رۆمانی کە لە ساڵی 58ی پێش زایین دەرچووە، کۆنترینە. هەر کامێکیان لەوی تریان کۆنتر بێت، گرنگ ئەوەیە کە رۆژنامە لە بنەڕەتدا بۆ گواستنەوەی هەواڵەکان‌و ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوونەکان و دەستکەوتی ئابووری هاتۆتەئارا، هەروەك لەلایەك بیروبۆچوونی دەسەڵاتی گەیاندۆتە خەڵك‌و لەلایەکیش هی خەڵکی بە دەسەڵات گەیاندووە[5].

لە سەدەی سیانزەدا بڵاوکراوەی تایبەت بە هەواڵ لە ئینگلتەڕاو دواتریش لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا سەری هەڵدا کە بەدەست نووسرابوون، بەڵام دوای داهێنانەکەی زانای ئەڵمانی "گۆتەنبێرگ" لە سەدەی پازدەدا بە دروستکردنی ئامێری چاپ، وەرچەرخانێکی گەورە لە جیهانی چاپەمەنی هاتەئارا بە جۆرێك کە رێگەی خۆشکرد بۆ چاپکردنی زۆرترین ژمارەی بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکان، ئەمەش وایکرد رۆژنامە لە بڵاوکراوەیەکی سنووردارو نرخ گران، ببێتە بڵاوکراوەیەکی بەربڵاوو هەرزانتر. ئامێری چاپ بووە هۆی پێشکەوتنی چاپەمەنی، لە سەدەکانی شازدەو حەڤدەدا رۆژنامەکان زۆرو هەمەجۆر بوون تا وای لێهات لە کۆتایی سەدەی حەڤدەدا ژمارەیان گەیشتە 140 رۆژنامە.

هەر لەسەرەتاوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی لە ساڵی 1837 پۆل جیراودان ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی ریکلامی بازرگانیی لە رۆژنامەدا بڵاوکردەوە، ڕۆژنامە بەرەو تایبەتمەندبوون چوو، پێشکەوتنی شارستانی و رۆژنامەگەریی وایکرد خێرا ڕۆژنامەی تایبەتمەند پەیدا بێت و لەسەرجەم بوارەکاندا خۆی ببینێتەوە بە تایبەتی لە بواری بازرگانی، فەرهەنگی و کەلتوری، وەرزشی، تەندروستی و فیکری و ..هتد.

سەرهەڵدانی ئامێری چاپ تەنها پێشکەوتنی ڕۆژنامەی لێنەکەوتەوە، بەڵکو بەهەمان شێوەی ڕۆژنامە، بووە مایەی پێشکەوتنی بەرفراوانی گۆڤار، بڵاوکراوە وەرزی و دەورییەکان و کتێب، ئەگەرچی کتێب هەر لە بنەڕەتدا سروشتی تایبەتمەندێتی وەرگرتووەو لەسەر بواری جیاجیای ژیان نووسراوە، بەڵام گۆڤار بە هۆی پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤ وەك ڕۆژنامە بەرەو تایبەتمەندبوون چوو.

4- ئینتەرنێت: یەکێکە لەو ئامرازە گرنگانەی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هێنایە ئارا، بەو تۆڕە پێناسە دەکرێت کە لە هەناویدا ملیۆنان سیستمی کۆمپیوتەرو تۆڕەکانیان لە وڵاتانی دنیادا پێکەوە دەبەستێت و بۆ پێکەوە بەستنی سەرجەم ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو تۆڕەکانیان لەگەڵ یەکتردا، بە یارمەتیی هێڵە تەلەفۆنە ئاساییەکان یا بە شێوازی بێتەل، بە شێوەیەکی بەردەوام لە کاردایە بۆ دەستەبەرکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان سەرجەم لایەنەکانی تۆڕەکەدا[6]، ئینتەرنێت ئەگەرچی لە ساڵانی حەفتاکان و پێشتر لە ئەمریکا سەری هەڵداو بۆ هەندێ ئامانجی تایبەت بەکاردەهێنرا، بەڵام لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان لە ئەوروپادا پەیدا بوو کە ئەو دەمە تەنها بۆ مەبەستی زانستی لە سنوری زانکۆدا بوو، بەڵام پێشکەوتنی خێراو مەزنی ئەم بوارەو هەروەها بواری تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر، وایکرد لە ساڵی 1989دا تۆڕەکە فراوانتر بێت و بەکارهێنەرانیشی زیاتر بێت و ببێتە ئامرازێك بۆ میدیای گشتی و تایبەتمەندیی جەماوەریی[7]. لەسەروبەندی ساڵی 2000 ئینتەرنێت لە کوردستانیش بەشێوەی بەرچاو سەری هەڵداو وردە وردە تەشەنەی سەند تا

ئێستا وای لێهاتووه بەشێکی زۆر لەهاووڵاتیان لەماڵەکانی خۆیان بەکاری دەهێنن. گرنگیەکەی ئینتەرنێت لەوەدایە کە جگەلەوەی ئامرازێکی گواستنەوەشە، لە هەمان کاتدا ئامێرێکی دوو لایەنەیەو هەروەها دەتوانێ رۆڵی تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامەش بگێڕێ، دەتوانێ لە ئینتەرنێتەوە، گوێ لە زۆر رادیۆ بگریت، هەروەک دەتوانێ سەیری زۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی بکەیت و رۆژنامەش بخوێنیتەوە، ئەمە جگەلەوەی کە دەتوانێ رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکانیش "سایتەکان" بخوێنیتەوە کە ئێستا بە شێوەیەکی بەربلاو تەشەنەی سەندووە. هەروەها هۆکارێکی گرنگی پەیوەندییەو نرخی کرێی هەرزانەو بەکارهێنانیشی ئاسان و خێرایە، ئینتەرنێت بە جۆرێک گەشەی کردووە کە تایبەتمەندێتیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەرگرتووە هەر لە سێکس بگرە تا دەگاتە ریکلامی بازرگانی و بۆ بچووکترین شت.

جگە لەو ئامرازانە، دەتوانرێت سینەماو شانۆش وەک ئامرازێکی راگەیاندن لەقەڵەم بدەین، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەو ئامرازانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، شانۆ بە تایبەتی و سینەماش تا رادەیەک، رۆڵیان کەمتر بووەو ئەو ئەرکەی کە لەسەدەی رابردوو و ناوەڕاست و پێشتر بەدییان دەهێنا، ئێستا نەیانماوەو ئەرکێکی ئەوتۆ جگە لە کات بەسەربردن و خۆشباریی و هەندێ ئەرک و ئامانجی دیکەی سنووردار نەبێت، هیچی تری ئەوتۆ بەدیی ناهێنن.

## بوارەكانی كاری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند

لە كاتێكدا كە ژیانی مرۆڤ بە هۆی پێشكەوتن‌و فراوانبوون‌و ئاڵۆزبوونی سەرجەم لایەنەكانی كۆمەڵایەتی‌و زانست‌و تەكنەلۆژیا لە هەموو بوارێكدا، دابەش بووە بەسەر چەندین بواری جیاواز، ئەوا رۆژنامەگەرییش بە گشتی بۆ كۆنترۆڵكردن‌و گونجان‌و بەدیهێنانی ئەركەكەی بە باشترین شێوەو لە هەمان كاتیشدا بۆ پاراستنی جەماوەرەكەی‌و فراوانكردنی، خەسڵەتی تایبەتمەندێتی وەرگرتووە. ئەگەرچی وەك لە بەشەكانی پێشەوە ئاماژەی پێدرا، رۆژنامەگەریی لەگەڵ سەرەتای دەركەوتنی، لە هەندێك بواردا تایبەتمەندیی بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی لە بوارەكانی هەواڵ یا بازرگانی، بەڵام تا هاتنەئارای پێشكەوتنەكان لە بواری تەكنەلۆژیای میدیا‌و بوارەكانی ترو هەروەها ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤایەتی، بایەخ‌و پێویستیی تایبەتمەندبوونی رۆژنامەگەریی هاوچەرخ بۆ هاوتەریب بوون لەگەڵ ئەو پێشكەوتنە گەورانەی لە ژیاندا هاتۆتەئارا، دەرنەكەوت.

بوارەكان بەپێی گرنگیان‌و رۆڵ‌و بایەخیان لە ژیاندا كە لە زۆری‌و فراوانیی جەماوەری كەناڵەكە دەردەكەوێت، لەلایەن میدیا بە گشتی بایەخی پێدەدرێ‌و كات‌و رووپەری زیاتری بۆ تەرخان كراوە. بوارێك لەگەڵ بوارێك گرنگی‌و بایەخییەكەی لە روانگەی جەماوەرەوە جیاوازە، كەناڵەكانیش لەسەر بنەمای ئاراستەو بیروبۆچوونی جەماوەر بەرنامەو كارەكانیان رێكدەخەن‌و گرنگیی بە

بوارەکـانی ژیـان دەدەن. بـۆ نموونـە بـوارێکی گرنگـی وەك وەرزش لەلایـەن کەناڵەکانی میدیاوە گرنگیی زیاتری پێدەدرێ وەك لە بوارێکی وەك فەلسەفە یا کۆمەڵناسی، بە هەمان شێوە بواری تەندروستیو پەروەردەیی گرنگییەکەی لە بوارێکی وەك ژینگە بەلای جەماوەرەوە گرنگترە، یان بواری منداڵان یا ژنان یا پـەروەردەیی لـە بـوارێکی وەك پـیرو پەککەوتـەکان بـەلای جـەماوەرو میـدیاوە تاڕادەیەك گرنگترە.

میدیا بە گشتی، زۆر تایبەتمەند بووەو تەنانەت لە بوارەکانیشدا، لقو پۆپی لـێ بۆتـەوەو کـەناڵی تایبەتمەنـد لـە بـواری هـەر لقێکـی بـوارە سـەرەکییەکەش تـەرخان کـراوە، تەنانـەت هەنـدێ لـەو لقانـەش لقـی تریـان لـێ بۆتـەوەو ئـیتر بەمجۆرە، بۆ نموونـە بـوارێکی وەك زانسـت دابـەش بـووە بەسـەر چـەندین لقدا، زۆر لەو لقانە خۆیشیان لقی تریـان لـێ بۆتـەوەو کـەناڵی میدیای تایبـەتیان بۆ تەرخانکراوە، بە هەمان شێوە بواری وەرزش دابەش بووە بەسەر چەندین لقی وەك تـۆپی پـێ، باسـکە، مەلـە، تێـنسو ..هتـد. بوارەکـان زۆربـەیان بـە هـۆی فراوانبوونیانو ئاڵۆزبوونی ژیانیش، لقی تریان لێ بۆتەوە، لە بوارێکی گرنگـی وەك ژنانیشـدا، دەتوانرێـت لـە چـەندین رووەوە بـاس لـەو بـوارە بکرێـت، بـە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەکەی ئێمـە کـە هێشتا مـافو ئەرکـەکانی ئافرەت لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆ نموونە دەتوانرێت لەڕووی خوێندەواری، نەخۆشـیو رێنمـایی تەندروسـتی، مافـەکانو چەوسـاوەیی، جوانکـاریو پەروەردەو هوشیارکردنەوەو چەندین لایەنی تر باس لە بواری ژنان بکرێت.

ئـەو بوارانـەی کـە بـە زۆریـی بـەلای خـەڵكو لـە ژیـانی هاوچـەرخدا گرنگـەو بـە هەمان شێوە کەرەستەیەکی میدیایی باشە بۆ کەناڵـەکانی میدیای جەماوەری، زۆرن، لــە جیهــانی ئــەمڕۆدا بەشــێوەیەکی زۆرو بەرچــاو کــەناڵی تایبــەت چ نووسراو یان تەلەفزیۆن یا ئینتەرنێتی بۆ ئەم بوارانە تەرخان کراون:" وەرزش، هـەواڵ و سیاسـەت، ئـەدەب و هونـەر، ئافرەت، منـداڵ، لاوان، فیکـرو فەلسـەفە، زانســتو تەکنــەلۆژیا، تەندروســتیو دەرمانســازی، ســەربازی، کشــتوکاڵ،

تاوانکاری، یاساو ئابووری، سێکس، ڕاگەیاندن، ژینگە، سروشت، گەشەپێدان، زمانەکان، پەروەردەو هی تریش".

## سەرچاوەکانی زانیاری لە ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند

ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند دەتوانێ پشت بە زۆر سەرچاوە ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی و هەواڵو بابەتی نوێو گرنگ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، هەر کەناڵێکی میدیا بەڕێژەی جیاواز پەنا دەباتە بەر سەرچاوەکان بۆ دەستکەوتنی بابەتو هەواڵ، بۆ نموونە هەندێ کەناڵ زیاتر پشت بە پەیامنێرە ناوخۆییو دەرەکییەکانی خۆی دەبەستێت، کەناڵی تر هەن زیاتر پشت بە هەواڵی ئاژانسەکانی هەواڵ دەبەستێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین چەند سەرچاوەیەك دەستنیشان بکەین کە دەبنە سەرچاوە بۆ میدیای تایبەتمەند:[8]

1- پەیامنێر: توانای زۆربەی کەناڵەکانی میدیا لە جۆرو ژمارەی پەیامنێرەکانیدا دەردەکەوێت، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی کەناڵە جەماوەرییەکان بە تایبەتی کەناڵە تایبەتمەندەکان، پشت بەو هەواڵو وێنەو

دیدارو بابەتە رۆژنامەوانییانە دەبەستن کە لەلایەن پەیامنێرانی خۆیانەوە بۆیان دەنێـردرێن، پــەیامنێر وەك چـۆن کۆڵەکەیــەکی ســەرەکیی میـدیای گشـتییە، بەشــێوەیەکی زیــاتر کۆڵەکــەی ســەرەکیی میــدیای تایبەتمەنــدە، دەبــێ پەیامنێرەکـە ئامـادە بکرێـت بـۆ ئـەو بـوارەی کـە کـاری تێـدا دەکـاو رووداوو رووماڵی دەکاتو هەروەها شارەزای نەریتو کەلتورو مێـژووی خـەڵکی ئـەو شـوێنە بێـت کە مەیدانی کارەکەیەتی.

پـەیامنێریش لـەڕووی شـێوەی کارکردنیانـەوە دوو جـۆرن، جـێگیرو گـەڕۆك، ئەوانـەی کـە جـێگیرن لـە شـارێك، شـوێنەکانی خۆیـان جـێ نـاهێڵنو هـەر لـەو شارەدا هەر شتێك رووبدات رووماڵی دەکات، پەیامنێر کاتێك جێگیر دەبێـت کـە شوێنەکەی زۆر گرنگ بێتو ناوەندێکی گرنگی هـەواڵو پێشـهاتەکان بێـت وەك پەیامنێری تایبەت بە پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دەرەوە یان هەر نێوەندێکی دیکەی گرنگی لۆکاڵیو نێودەوڵـەتیی وەك نەتەوەیەکگرتووەکان و هــی تــریش، بــەڵام بــە پێچــەوانەوە پــەیامنێری گــەڕۆك بــەپێی پێویســت لــە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر دەجـولێ[9]، ئـەو شـوێنانەی کـە پـەیامنێرێکی گــەڕۆکی بــۆ دادەنرێــت، رەنگــە زۆر گــرنگ نــەبێت لــەڕووی زۆریو چــڕیی پێشـهاتو هەواڵـەکان یـا رەنگـە گرفتـی ئـارامی و ئـەمنیی هـەبێت کـە ئەمـەش دەبێتـە مایـەی مەترسیی دروستکردن لەسـەر سـەلامەتی پـەیامنێر، بۆیـە تـەنها پەیامنێرێك بۆ ئـەو شـوێنە تـەرخان دەکرێـت، بـۆ نموونـە لـە رەوشـی ناوچـە نـا ئارامـەکانی عیراق، کـەناڵو ئاژانسـەکانی میـدیا وەك کەناڵـە نێودەوڵەتییـەکانی (CNN, BBC)و ئاژانسەکانی رۆیتەرو ئەسیۆشێیتید پرێس و فرانس پرێس و چـەندینی تـریش بەوەنـدە ئیکتیفایـان کـردووە کـە پـەیامنێرێك یـا دووان رەوانـەی ئـەو ناوچـانە بکـەن یـا لەناوچـەیەکی شـاری بەغـدا بمێننـەوەو ئـەوێ بکەنـە بنکـەی وەرگـرتنو پەیـداکردنی هـەواڵو بابەتـە رۆژنامەوانییـەکانیان و تـەنها لـەکاتی پێویسـتدا بچـنە شـوێنەکانی تـرو دوای تـەواوبوونی کارەکـانیش بگەڕێنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی رۆژنامە دەوڵەمەندو بەرفراوان و گرنگەکانی جیهان، لە هەواڵ و بابەتەکانیاندا پشت بەو شتانە دەبەستن کە پەیامنێری خۆیان دەینێرن، بۆ نموونە رۆژنامەیەکی وەك نیویۆرك تایمز یا واشنتۆن پۆست-ی ئەمریکایی، زۆرترین ژمارەی پەیامنێریان لە جیهاندا هەیە، پەیامنێرەکانیان لە زۆربەی شوێنە گرنگەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە.

2- ئاژانسەکانی هەواڵ: ئاژانسەکانی هەواڵ بۆ کەناڵەکانی میدیای جیهانی تازە پێگەیشتوو سەرچاوەی یەکەمی هەواڵن چونکە ئەو کەناڵانە توانای داراییان کەمترەو وەرگرتنی هەواڵیش لەم ئاژانسانە پارەی زۆر کەمتری تێدەچێت بە بەراوردکردنی لەگەڵ خەرجییەکانی پەیامنێرێك لە دەرەوەی وڵات، ئاژانسەکان سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ هەواڵ و بابەت و وێنەو جۆرەکانی دیکەی کاری رۆژنامەگەریی، کەناڵە تایبەتمەندەکانی میدیای جەماوەری سوودێکی زۆر لە ئاژانسەکانی هەواڵ دەبینن، بابەت و هەواڵەکانیان لێوەردەگرن و بەشێوەیەکی گونجاو کە ئەو کەناڵانە خۆیان بە باشی دەزانن، دایدەڕێژن و هەندێجار هەموو زانیارییەکان وەك خۆی و هەندێجاریش زانیارییەکان پوخت دەکەنەوە یا تەنانەت گەلێجار ئامادەکاری پەیامەکە کە دەبێ کەسێکی شارەزا بێت لەو بوارەی کە پەیامەکەی تێدا ئامادە دەکات، بەهۆی ئەو باکگراوندە زانیارییەی کە خۆی وەك کەسێکی پسپۆر هەیەتی، بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکات و فراوانتری دەکات لە بابەتە بنەڕەتییەکە کە لە ئاژانسەکە وەرگیراوە.

دابەشبوونی پەیامنێرانی ئەو ئاژانسانەی هەواڵیش بەپێی ناوەندی بڕیاردانی نێودەوڵەتی و گۆڕەپانەکان و گەرموگوڕیی بازاڕی سیاسەت و ئابووری و بوارە گرنگەکانی ژیان، جیاوازیی هەیە، لە وڵاتێکی وەك ئەمریکا زۆرترین رێژەی پەیامنێران هەیە، چونکە ئەم وڵاتە تاکە جەمسەری جیهانەو کۆنترۆڵ و کاریگەریی هەیە لەسەر زۆرینەی وڵاتانی جیهان، ئەو بڕیارانەی لە کۆشکی سپییەوە دەردەچن، هەر بە تەنها تایبەت نین بە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە، بەڵکو بەشێکی زۆری تایبەتە بە شوێنە جیاوازەکانی جیهان، دەستی

سیاسەتی ئەمریکا لە زۆربەی شوێنەکانی دنیادا هەیەو رۆڵ و کاریگەری لە هەموو ناوچەیەکدا هەیە، بۆیە زۆر لەو بڕیارانەی کە لە پایتەختی ئەو وڵاتەوە دەردەچێت، پەیوەندیی بە زۆر ناوچەی جیهانەوە هەیە، کە ئەمەش بەلای کەناڵەکانی میدیاوە زۆر گرنگەو وەرگریش بەدوایدا دەگەڕێت. جگەلەوە لە ئەمریکادا بارەگای زۆربەی رێکخراوو دامەزراوە سیاسیی و ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان هەن بە تایبەتی بارەگای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

دوای ئەمریکا، ئەوروپا شوێنێکی گرنگە بۆ کاری رۆژنامەگەریی، بۆیە رێژەیەکی زۆری پەیامنێری ئاژانسەکان لەو کیشوەرەشدا هەن. ئینجا لە دوای ئەوانە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای باشوورو ئوستورالیا دێن.

3-خزمەتگوزاریی میدیایی تایبەت: ئەم خزمەتگوزارییە بە زۆری لە شوێنو دامەزراوە تایبەتمەندەکاندا دابین دەکرێت، وەك دامەزراوەیەکی زانستی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی یا یاسایی و کۆمەڵایەتی و هەر بوارێکی دیکە.

ئەو شوێنانە سەرچاوەی یەکەمی هەواڵو زانیارییەکانن بۆ کەناڵە میدیاییە تایبەتمەندە جەماوەرییەکان. شێوەی وەرگرتنی زانیاریو بابەت لەو شوێنانە لەلایەن نوێنەری کەناڵەکانی راگەیاندن گەلێجار لەسەر ئاستی شەخسیی دەبێت، واتا بە هۆی پەیوەندیی تایبەتەوە، هەندێ جاریش بەپێی رێککەوتنێك دەبێت لەنێوان دامەزراوە تایبەتمەندەکەو کەناڵەکەو زۆرجاریش دامەزراوە تایبەتمەندەکە خۆی لە بەیاننامە یا کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریی یا بە شێوازی تر هەواڵەکان بڵاودەکاتەوە.

4-کەناڵو رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی تر: زۆرجار ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەو کەناڵەکانی میدیای تر بڵاودەکرێنەوە، دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ رۆژنامە یا هەر کەناڵێکی تر. بە تایبەتی رۆژنامەو کەناڵە بیانیی و نێودەوڵەتییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵو بابەتن بۆ زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەو کەناڵە تایبەتمەندەکان بە تایبەتی لەسەر ئاستی لۆکاڵدا.

سوود وەرگرتنیش لەو کەناڵە بیانییانە پێویستی بە وەرگێڕان هەیە، چونکە زۆربەی کات زمانی ئەو کەناڵە بیانییانە جیایە لە زمانی ئەو کەناڵە

**تایبەتمەندەی دەیەوێ سوودی لیٚ وەربگرێت، مەرجیش نییە ئەو بابەتانەی کە وەردەگیرێن دەقاو دەق وەربگێڕدرێن، بەڵکو باشترە پوختەیەکی لیٚ ئامادە بکرێت کە گرنگترین زانیارییەکان لەخۆ بگرێت.**

5–**نێردەکانی راگەیاندن(میدیایی): لەگەڵ پێشهاتێکی گرنگدا یا لەگەڵ پێشبینی کردنی رووداوێك، زۆربەی کەناڵەکانی میدیا رۆژنامەوانێك یان چەند رۆژنامەوانێك وەك تیمێك رەوانەی شوێنی رووداوو پێشهاتەکە دەکات بۆ رووماڵکردنی. ئەو نێردەیە تا کارەکانی تەواو دەکات کە لەگەڵ تەواوبوونی پێشهاتو گەرموگوڕیی رووداوەکەدایە، لەو شوێنەدا دەمێنێتەوەو کەناڵەکەی لە هەموو وردەکارییەکانی پێشهاتەکە ئاگادار دەکاتەوە.**

6–**هاوکاریی شارەزایان: زۆرجار هەندێ لە شارەزایانی بوارێکی دیاریکراو، لە بوارەکەیاندا هەنگاوێگی گرنگ دەنێن کە مایەی گرنگیو بایەخەو بەلای جەماوەری وەرگریشەوە گرنگە، هەروەك راوبۆچوونیشان لەسەر مەسەلەیەك گرنگیی خۆی هەیە. بڵاوکردنەوەی ئەو راوبۆچوونانەو هەواڵو زانیاریی لەبارەی ئەو هەنگاوانەی ئەوان، دەبێتە داهاتێکی دیکەی بابەتو هەواڵو زانیاریی بۆ کەناڵەکانی میدیای تایبەتمەند.**

## مەرجەکانی ئامادەکردنی بابەتی ڕۆژنامەوانیی تایبەتمەند

ئامادەکردنی ناوەرۆکی پەیامە تایبەتمەندەکان لە هەر بوارێکدا، جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئامادەکردنی پەیام لە میدیای گشتیو بۆ وەرگری گشتی، بە هەمان شێوە ئەو کەسەی پەیامێك لە بوارێکی تایبەتمەنددا ئامادە دەکات دەبێ شارەزاییەکی باشی لەو بوارەدا هەبێتو لە هەموو ڕوویەکی زانیاریی، زمانەوانیو پەنابردنە بەر بەکارهێنانی زاراوەکانی ئەو بوارە، توانای هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەکاتی ئامادەکردنو نووسینی بابەتێکی تایبەتمەند لەهەر بوارێکدا وا باشە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکرێت:[10]

1-پەنابردنە بەر بەکارهێنانی زۆرترین زاراوەی تایبەت بەو بوارەی کە بابەتەکەی لێ ئامادە دەکرێت، هەروەها هەوڵدان بۆ دانانی زاراوەو وشەی گونجاو بۆ ئەو زاراوەو وشە بێگانانەی کە لەسەرجەم بوارە زانستی، سیاسی، فیکری، ئابووریو فەرهەنگیو کەلتورییەکاندا هەن بە جۆرێك کە بگونجێن لەگەڵ زمانو فەرهەنگی زمانی لۆکاڵیی کەناڵەکە.

2-سادەو ساکاریو ئاسانیی لە پێشکەشکردنو خستنەڕووی هەموو ئەو شتانەی کە لە بوارە جیاوازەکاندا دەنووسرێنو ئامادە دەکرێن، پێویستە سادەییو ساکاریی لە پێشکەشکردنی بابەتەکانو هەروەها ئاسانکردنی بابەتەکە ببێتە ڕێبازێکی هەمیشەیی بۆ میدیای تایبەتمەند هەرچەندە ئەم مەسەلەیە ئەرکێکی ئەوەندە ئاسان نییەو پێویستی بە کاری جددی هەیە. ئەم ئەرکە لە جیهانی تازە پێگەیشتوودا قورسترو فراوانترە بە تایبەتی چونکە ئاستی زانستیو ڕۆشنبیریی نزمترە وەك لە جیهانی خۆرئاوای پێشکەوتوودا،

توانـای وەرگـرتن‌و هەرسـكردنی بابـەتی قـورس بـە گشـتی‌و تایبەتمەنـد بـە تایبەتی لای وەرگر لە جیهانی سێ كەمترە.

3–خۆبەدوورگرتن لە بەكارهێنانی زاراوەو زمانی زانستیانەی وشك‌و قورس بە مەبەستی نیشاندانی توانا‌و شارەزایی‌و لێهاتوویی كەناڵە تایبەتمەندەكەو ئامادەكارانی پەیامـە تایبەتمەنـدەكان، لـەبری ئـەوە پێویسـتە پـەنا ببرێتـە بـەر دەستەواژەی ساناو ئاسان كە مانای ئەو زاراوە زانستیانەی هەر بوارێك دەدەن، بە تایبەتیش چونكە زاراوەی تـەواو زانسـتیی لـە كـەناڵی میـدیایی جـەماوەریی تایبەتمەندا جێگەی نابێتەوە، بەڵكو لـە بڵاوكـراوە دەوریـیە زانسـتییەكاندا كـە قووڵتر رۆدەچنە نێو بوارەكە بەكاردەهێنرێت.

4–تێگەیشتنی ناوەرۆك‌و مەبەستی ئەو بابەتە بنەڕەتییانـەی كـە رۆژنامـەوان یـا ئامادەكـار، پـەیامـەكانی لـێ وەردەگرێـت‌و دەیـەوێ پـەیامەكـەی لـێ ئامـادە بكات‌و هەروەها تێگەیشتنی تەواو لە دەستەواژەو زاراوە زانستیەكان تا بتوانێ لە كاتی پێویست تەنها بیرۆكەی سەرەكیی نێو ئەو بابەتانە بۆ جەماوەر ئامادە بكـات بەمەبەسـتی كورتكردنـەوەی بابەتەكـە چـونكە تێنەگەیشـتن لـە ئاڕاسـتەو ناوەرۆكی بابەتەكان رەنگـە ببێتـە مایـەی شـێواندنی ئـەو پەیامـەی بـۆ جـەماوەر ئامـادە دەكـرێ‌و گـەلێجاریش بەرهـەمهێنانی پـەیامێكی ناڕاسـت‌و دروسـت‌و پێچەوانەی ناوەرۆكی سەرچاوەی بنەڕەتی.

5– دەبێ بزانرێت لە چ كاتێكدا پێویست دەكات بابەتەكە كورت بكرێتەوە بە تایبەتی ئەگەر بابەتێكی زانستی بێـت تـا پوختەكـەی وەك پـەیامێك پێشكەشـی وەرگـر بكرێـت، بـۆ ئـەوەش دەبـێ گرنگـی‌و بایـەخی بابەتەكـەو جـۆری بابەتـە بنەڕەتییەكە(ئەسـڵیەكە) بزانرێـت كـە ئایـا وەرگێـڕدراوە یـا وەرگـیراوە لـە بڵاوكراوەیـەكی دەوری یـا لـە كتێبێكـی زانسـتیی تایبەتمەنـد یـا لـە لایـەن دامەزراوەیەكی تایبەتمەندەوە ئامادەكراوە.

6–خسـتنەڕووی زۆرتـرین بەڵگـەو ئامـار بـۆ روونكردنـەوەی بابەتەكـە یـا پاڵپشـتیی كردنـی ئـەو بیروبۆچـوونانەی كـە خراونەتـەڕوو، هـەروەها پێشكەشكردنی نموونەی زیندووی نزیك لە ژیانی مرۆڤ.

7–هەوڵدان بۆ سەرنج راکێشانی وەرگر لەکاتی پێویست ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی شێوازی سەیرو سەمەرەیی و ڕەگەزەکانی دیکەی سەرنج راکێشان دێتەدی کە دەبێتە مایەی پەسەندکردنی بابەتە تایبەتمەندەکە لەلای جەماوەری وەرگر.

## جۆری هونەرەکانی رۆژنامەوانیی لە میدیای تایبە تمەنددا

کەناڵەکانی میدیای تایبەتمەند وەك هەر کەناڵێکی دیکەی میدیای گشتی پشت بەسەرجەم هونەرەکانی رۆژنامەگەریی دەبەستێت بۆ بەدیهێنانی ئەرك و ئامانجەکانی.

بەکارهێنانی هەریەك لەو جۆرانەی هونەری رۆژنامەگەریی هۆکارو کاریگەریی خۆی هەیە کە تا رادەیەك لەوی تر جیاوازە، بۆ نموونە ئەوەی کە وێنەی کاریکاتێری دەکاتە کەرەستەی رۆژنامە یا گۆڤارەکەی، ئەوا دەیەوێ بەو دیمەنە کاریکاتێریانە زۆرترین تەعبیری ئاشکراو شاراوە بداتە وەرگر، وەرگریش بەپێی جیاوازی تەمەن و ئاستی رۆشنبیرییان تێی دەگەن و پەیامەکە هەرس دەکەن، ئەم جۆرە بڵاوکراوانە زیاتر دیمەنە کاریکاتێرەکانیان بۆ کێشەو بابەتە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان دەکەن و هەندێ جاریش دەچنە نێو لایەنە سیاسییەکەش[11]، دەتوانین بڵێین لە رۆژگاری ئەمڕۆدا کاریکاتێر مەودایەکی دیکەی وەرگرتووەو پەیامێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی پێیەو بە تەنها ئەوە نییە هەر هێلکارییەکی شێوێنراو بێ وەك هەندێ دەستیان داوەتێ و وای تێدەگەن[12].

ئەو کەناڵانە میدیاییانەی کە وێنەی راستەقینە دەکەنە کەرەستەی خاوی خۆیان، ئەوانیش لە هەندێ رووەوە لە ئامانج و فاکتەرو مەبەستەکانیان لەوانە نزیکن کە وێنەی کاریکاتێری دەکەنە کەرەستەی خاو.

بەکارهێنانی هەواڵ و راپۆرتیش وەك کۆڵەکەیەکی سەرەکیی کەناڵەکانی راگەیاندن، بۆ ئەوەیە لە زووترین کاتدا زۆرترین رێژەی زانیاریی هەواڵ بۆ وەرگر بنێردرێت، ئەو کەناڵانەی کە هەواڵ و راپۆرت دەکەنە کەرەستەی سەرەکیی خۆیان، زیاتر کەناڵی بینراوو بیستراون نەك نووسراو، چونکە لە تەلەفزیۆن و رادیۆ راستەوخۆ دیمەن و کەشو بارودۆخی ناو رووداوەکان دەگوازرێنەوە، لە کاتێکدا لە کەناڵی نووسراودا وەك رۆژنامە یا گۆڤار، چەندین سەعات دواتر یا شەوێك یا شەوو رۆژێك دواترو هەندێ جار زیاتریش، هەواڵەکە دەگەیەنێ، لەبەرئەوە جەماوەر بە زۆری بۆ بەدواداچوونی هەواڵی تازەو نوێی گشتی سەیری تەلەفزیۆن دەکاو گوێ لە رادیۆ دەگرێ، پشت بە رۆژنامە نابەستێت بۆ هەواڵی گشتی[13].

بەهەمان شێوە کەناڵی تایبەت هی نووسراوو بینراویش هەن کە بە شێوەیەکی سەرەکیی پشت بەگفتوگۆی رۆژنامەگەریی دەبەستن. ئەم هونەرەی رۆژنامەگەریی وەکو هەواڵی دیکە کە ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاوی دەکەنەوە، مۆڵکی گشتی نییەو هەموو کەناڵێك ناتوانێ هەمان گفتوگۆی رۆژنامەگەریی بڵاوبکاتەوە، چونکە هەر رۆژنامەوانێك کە گفتوگۆیەکی رۆژنامەوانی لەگەڵ کەسایەتیەکی دیاریکراوی گرنگ لەسەر بابەتێکی پڕ بایەخ ئەنجام دەدات، ئەوا بۆ کەناڵێکی دیاریکراوی دەکات، بۆیە دەبێتە مۆڵکی ئەو کەناڵە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەشە هەندێ کەناڵی نووسراوو هەندێکی بینراویش کەرەستەی سەرەکیی خۆیان دەکەنە گفتوگۆی رۆژنامەوانی.

باشترین جۆری کەناڵی راگەیاندن بۆ وتار، جا لە هەر بوارێکدا بێت، کەناڵی نووسراوە[14]، یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەسەردەمی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا وایکردووە میدیای نووسراو لە بایەخی خۆی نەکەوێ، بوونی وتارە، وەرگر بۆ زانینی بیروڕای روناکبیرو نووسەران و خەڵکانی دیکەی ناو کۆمەڵگەکەی و هی

دەرەوەش‌و هەروەها بۆ زانینی پێشهات‌و ڕووداوە شاراوەکان‌و مەغزاکانیان، هەوڵدەدات ڕۆژنامە بخوێنێتەوە، خوێندنەوەکەش بە ئارەزووی خۆی‌و بەپێی بوارو حەزی وەرگر دەبێت نەك وەك تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆ کە وەرگر ناچار دەبێت لەکاتێکی دیاریکراودا گوێ بگرێت‌و ببینێت. کەناڵی نووسراو بە تایبەتی گۆڤاری مانگانەو وەرزی هەن تەنها پشت بە وتار دەبەستن لەبواری جیاجیادا، بۆ ئەوەش هەوڵدەدەن وتاری کەسانی دیارو بە توانا بڵاو بکەنەوە بە جۆرێك کە سەرنجی وەرگر ڕابکێشێ‌و کاریگەریی لەسەر خەڵك دروست بکات.

کەناڵی دیکەش وەك هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەوروپایی و خۆرئاوایی بەگشتی هەن تەنها پشت بە ڕیپۆرتاژ دەبەستن، ئەمجۆرەیان لە کەناڵی بینراوو نووسراویشدا هەیە، کەناڵەکە سروشتێکی ڕیپۆرتاژ لەخۆدەگرێت‌و گەلێجار لە بوارێکی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوەو هەندێ جاریش لە زۆربەی بوارەکاندا، ڕیپۆرتاژ وەك هەواڵ نییە بەو ڕادەیە پەیوەست بێت بە کاتەوە، مەرجیش نییە بیرۆکەکانی ڕیپۆرتاژ لەسەر هەواڵ بن، بەڵکو ڕەنگە کێشەیەك یا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام‌و درێژخایەن سەرچاوەی بیرۆکەی ڕیپۆرتاژ بن.

نەك هەر ئەمجۆرە کەناڵانە، بەڵکو زۆر جۆری تر ڕەنگە لە یەك بواردا خۆیان ببیننەوە، جا فیکری، ئابووری، ژینگە، سیاسی، وەرزشی یا پەروەردەو هەر بوارێکی دیکە بن.

## نووسەرو ئامادەکاری بابەتە تایبەتمەندەکان

ئامادەکاری بابەت و پەیامەکان لە میدیای تایبەتمەنددا، جیاوازی زۆرە لەگەڵ نووسین و ئامادەکردنی بابەتێك لە میدیای گشتیدا لەڕووی زمان و شێوازی دارشتن و ئەو زاراوەو دەستەواژانەی تێیدا بەکاردەهێنرێن و هەروەها لەڕووی توانای ئامادەکاری پەیامەکەش، ئەو کەسەی بابەتێك لە بوارێکی تایبەتمەند بۆ رۆژنامە یا هەر کەناڵێك ئامادە دەکات، پێویستە تەواو شارەزایی لەو بوارەدا هەبێت و لە هەموو روویەکەوە توانای بەسەردا بشکێت، ئەگەرنا بابەتەکە کرچ و کاڵی و نە شارەزایی کەناڵەکە لەو بوارەدا دەردەخات. ئەوەندەی توانا و شارەزایی ئامادەکارو رۆژنامەوانی بوارێکی تایبەتمەند لەمیدیای تایبەتمەنددا رەنگدانەوەی لەسەر کرچ و کاڵیی پەیامەکە دەبێت، ئەوەندە لە میدیای گشتی دەرناکەوێت، چونکە میدیای تایبەتمەند جەماوەرو خوێنەری تایبەتی هەیەو ئەوانیش بەلانی کەم برێك زانیاریی و باکگراوندێکیان هەیە لەسەر ئەو بوارەو زۆرجار بە چاوی رەخنەو هەڵسەنگاندن دەڕواننە بابەتەکان، بۆیە بە ئاسانی دەتوانن هەڵەو کەموکورتی و خاڵە لاوازەکانی بابەتەکە دیاریی بکەن هەروەك چۆن دەتوانن خاڵە بەهێزەکانیشی دەستنیشان بکەن، بەڵام لە میدیای گشتیدا، پەیامەکان بۆ جەماوەرێکی گشتییە، ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیریی خوێنەرەکان جیاوازن، هەموو خوێنەرێك وەکو یەك هەست بە خاڵێکی لاواز یا هەڵەیەك یا کەموکورتییەك ناکات.

رۆژنامەوان یان ئامادەکاری پەیام و بابەتەکان لە میدیای تایبەتمەند، وەك هەر رۆژنامەوانێکی تر پێویستە باکگراوندێکی زانیاریی دەوڵەمەندی هەبێت. بە گشتیش پێویستە رۆژنامەوانی تایبەتمەند پابەندی ئەم خاڵانە بێت:

1–دەوڵەمەنـــدکردنی فەرهـــەنگی زانســـتیو ئاگـــاداربوون لـــە چـــالاکییە زانستییەکانو ئەو بوارەی ئەو خۆی تێدا دەبینێتەوە.

2–بـــەهێزکردنی پەیوەندییـــەکانی لەگـــەڵ کەســـانی پســـپۆڕو شـــارەزا لـــە دامـــەزراوو شـــوێنە زانســـتیە رەسمـــیو ناڕەسمییـــەکانو ســـوود وەرگـــرتن لـــە رێنوێنیو ئامۆژگارییو زانیارییەکانیان لە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان.

3–بەدواداچـــوونو خوێندنـــەوەی رۆژنامـــەو بڵاوکـــراوە زانســـتیە لۆکـــاڵیو نێودەوڵەتییـــەکان بەشـێوەیەکی رێکوپێکو پشـت بەسـتن بـە کتێبو سەرچاوە زانســـتیەکانو ســـوود وەرگـــرتن لێیـــان بـــۆ دەوڵەمەنـــدکردنی فەرهـــەنگی زانیارییەکانی.

4–بەشـداریی کـردن لـە کـۆنگرەو سـیمنیارو گفتوگـۆو کـۆڕە زانسـتیەکانو ئاگـاداربوون لـە چـالاکییەکانی ناوەنـدەکانی توێژینـەوەو زانسـتی لـە زانکـۆو پەیمانگاکانو ناوەندە زانستیەکان.

5–گفتوگۆکردن لەسەر ئەو بیرۆکەو بابەتە زانستیانەی خراونەتەڕوو لەگەڵ هاوپیشەکانو گوێگرتن لە راوبۆچوونە جیاوازەکان چونکە ئەوە یارمەتیدەرە بۆ گەڵاڵەبوونی بیرۆکەو بابەتی نوێ.

6– پەیداکردنی زانیاریی زانستیی بنەڕەتی چونکە ئەوە پایـەی رۆشنبیریو مەعریفـەو بایـەخو ژیـریو هـەروەها توانـای لـە بـەکارهێنانی زانیارییـە نـوێو کۆنەکانو بەستنەوەیان بەیەکتری دەردەخات[15].

# شێوازی گەیاندنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییە تایبە تمەندەکان

سەردەمانێك بەر لە گەشەسەندنی تەکنەلۆژیای راگەیاندنو پەیوەندیکردن بەم رادەیەی ئێستا، یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی بەردەم کاری رۆژنامەگەری، گەیاندنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییەکانی وەك هەواڵو ریپۆرتاژو وتارو وێنەو هەر بابەتێکی دیکەی رۆژنامەوانی بوو. هەر رۆژنامەیەك کە دەرچووبێت، لەسەرەتاوە خەمی ئەوەی بۆ خوراوە چۆن بابەتەکان بە ئاسانترین شێوە بگەیەنرێنە بارەگای رۆژنامە یا هەر کەناڵێکی دیکەی راگەیاندن، تا پێش جەنگی دووەمی جیهانی، پەیامنێرو هاوکارانی کەناڵەکانی میدیا لە شوێنی دوورەوە هەوڵیانداوە لەڕێگەی تەلەگراف، نامەو پۆست، تەلەفۆنو هەروەها سەردانی خۆیان بۆ بارەگای کەناڵەکانو هەندێ شێوازی دیکەی تەقلیدی، بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییەکان بگەیەننە کەناڵەکان. ئەو کاتە درەنگیی گەیشتن یا نەگەیشتنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییەکان بۆ کەناڵەکانی میدیا گەورەترین گرفتی بەردەم کاری میدیا بوون، زەحمەتیو ناڕەحەتیی پیشەکەی چەند هێند کردبوو، لە راستیدا ئەمەش وایکرد زۆر رۆژنامەو تەنانەت زۆر دامەرزاوەی هەواڵگرییش بیر لە شێوازو داهێنانی گونجاو بکەنەوە بۆ ئەوەی بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بن، ئەوەبوو توانرا لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەندین داهێنان لە بواری پەیوەندیدا بێتە کایەوەو ئەوانەی کە پێشتریش هەبوون پەرەیان پێبدرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستانو سەرجەم جیهاندا لە بواری میدیادا ئێستا ئەم شێوازانەی لای خوارەوە هەن بۆ گەیاندنو ناردنی بابەتو کەرەستە رۆژنامەوانییە گشتی و تایبەتمەندەکانیش جا چ لەلایەن پەیامنێر یان

نووسـەرو دامەزراوەیـەکی دیـاریکراوو هـەر هاوکـارێکی دیکـەی کەناڵەکـەی ڕاگەیاندن بێت:

1-ئینتەرنێت"نامەی ئەلیکترۆنی": باشترین‌و خێراترین ئامرازی گەیاندنە، چەند چرکەیەك دوای ناردنی بۆ ناونیشانێکی ئینتەرنێتیی دیاریکراو، دەگاتە شوێنی مەبەست، گرنگی‌و باشییەکانی ئەمجۆرە ئامرازەی پەیوەندیی کە لە هـەمان کاتیشـدا کـەناڵێکی میـدیای جەماوەریشـە، لـەو چـەند خاڵـەدا خـۆی دەبینێتەوە:

-بە بەخێراترین ماوە بابەتەکان دەنێردرێت

-دەتوانرێت جگە لە دەقی نووسراو، بەڵگەنامەو وێنەو فایلی دەنگی‌و وێنەو دیمەنی ڤیدیۆییشی پێ بنێردرێت.

-تێچووی ناردنەکەی زۆر کەمترە لە شێوازەکانی تر.

-بەکارهێنانی ئاسانە.

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئینتـەرنێت چـەند لایـەنێکی سلبیشـی هەیـە کـە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

-تێچـووی ڕاکێشـانی هێڵێکـی ئینتـەرنێت یـا دامەزرانـدنی دەزگایـەکی ئینتەرنێت لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، زۆرە.

-ئەو ئامرازو زانستە کە تا ڕادەیەك تازەیە، هێشتا لە زۆر وڵات‌و شوێنی جیهانـدا شـتێکی نـامۆو کـەم بـڵاوە، شـارەزاو پسـپۆریی لـەم بـوارە تـازەدا تـا ڕادەیەك کەمە.

-بـەکارهێنانی ئینتـەرنێت، پێویسـتیی بـە شـارەزایی لـە بـەکارهێنانی کۆمپیوتەریشدا هەیە.

-بە هـەمان شێوە دابینکردنی ئامێری کۆمپیوتـەر بۆ بەستنەوە بە هێڵێکی ئینتەرنێت، هێشتا تێچوویەکی زۆری دەوێ.

-پێویسـتە ئـەوەی ئینتـەرنێت بـەکاردەهێنێت بـۆ ئـەوەی سـوودمەند بێـت لەئینتـەرنێت بـەلانی کـەم شـارەزایی باشـی لـە زمـانێکی زینـدووی جیهانیـدا هەبێت.

2- پۆست "نامە": کۆنترین شێوازی پەیوەندییە لە بواری رۆژنامەوانیدا، ئێستا بە هۆی بوونی ئینتەرنێتو مۆبایل، ئەوەندە پشت بەم شێوازەی پەیوەندیی نابەسترێت بە تایبەتیش چونکە گەیشتنو وەڵامدانەوەی کاتێکی یەکجار زۆری دەوێ.

3-فاکس: ئامرازێکی تا رادەیەك پێشکەوتووە، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کە چەند دەقیقەیەك زیاتر ناخەیەنێت بابەتەکە دەگەیەنێت، بەڵام عەیبی ئەو ئامرازە ئەوەیە کە گرانبەهایەو هەروەها تەنها دەقی نووسراوی پێ دەنێردرێتو وێنەو بەڵگەو دۆکیومێنت بە باشی ناگەیەنێت.

4- شێوەی تەقلیدی: مەبەست لە شێوەی تەقلیدی گەیاندنی دەستنووسی بابەتو وێنەو هەر کەرەستەیەکی دیکەی رۆژنامەوانییە بۆ بارەگای کەناڵەکە کە لەلایەن خودی نووسەرو خاوەنی بابەتەکە یا کەرەستە رۆژنامەوانییەکە دەگەیەنرێتو بۆ ئەوەش پشت بە شەمەندەفەر، تاکسی، پاس یا هەر شێوازێکی گواستنەوەی تەقلیدی دەبەستێت.

5-تەلەفۆن: یەکێکە لە ئامرازە کۆنەکانی پەیوەندیو پێشکەوتنی زۆری بەسەردا هاتووە، تەکنەلۆژیای تەلەفۆن ئەمڕۆ یەکێکە لە زانستە پێشکەوتووەکانو رۆژ بەرۆژ گۆڕانکاریو پێشکەوتنی نوێی بەسەردا دێت، تەلەفۆن ئێستا نزیکترین هاوڕێو هاودەمی مرۆڤە، لە گیرفانو لەناو ئوتومبێلو لە ماڵو شوێنی کارو هەموو شوێنێکدا هەیە، راستەوخۆ دوو کەسو زیاتریش بە دەنگ بەیەکەوە دەبەستێتەوە، باشییەکانی ئەم ئامرازەی پەیوەندیی ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئاسانە، نرخو تێچووی پەیداکردنی ئاسانە، بچوکەو شوێن ناگرێتو هەروەها دەتوانرێت دەقی کورتی نووسراویشی پێ بنێردرێت، بەڵام عەیبەکەی ئەوەیە تا ئێستا ناتوانرێت وەك ئینتەرنێت بەشێوەیەکی بەربڵاو وێنەی رۆژنامەوانی یا بەڵگەو دۆکیومێنتو دەقی نووسراوی درێژو هەروەها دیمەنی ڤیدیۆیی درێژی پێ بنێردرێتو کرێی بەکارهێنانیشی تا رادەیەك گرانترە لە ئینتەرنێت.

6–گواستنەوەی راستەوخۆ: ئەم شێوازە بەکاردەهێنرێت بۆ گواستنەوەی راستەوخۆی رووداوو پێشهاتو جۆرەکانی تری کاری میدیایی، دەقی ڤیدیۆیی و وێنەو دەقی نووسراوو هەموو جۆرێك دەگوازێتەوە، لەڕووی کات و جۆرەوە ئامرازێکی زۆر باشە، بەلاّم نرخ و تێچووی ئامێرەکان و کرێی بەکارهێنانیشی زۆر گرانە. کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پشت بەم شێوازە دەبەستن و تا رادەیەکیش رۆژنامەو گۆڤارەکانیش پشتی پێ دەبەستن.

## پەراوێزی بەشی دووەم:

1-نزار جرجيس علي، حرب الكلمة، اربيل، 1998، وزارة الثقافة لاقليم كردستان العراق، لاپەڕە 22

2-شاكر ابراهيم، الاعلام و وسائله و دوره في التنمية الاجتماعية والاقتصادية، مؤسسة آدم للنشر والتوزيع، القاهرة، لاپەڕە 104

3- بیرۆکەی تەلەفزیۆن لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە گەشەی سەندو پاشان لەسەرەتای سەدەی بیستو بە تایبەتیش لە ساڵی 1930-ەوە تاقیکردنەوەکان لە بواری تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی بەرفراوان لە وڵاتانی وەك فەڕەنساو سۆڤیەتو ئەمریکاو ئەڵمانیاو ئینگلتەرا دەستی پێکرد، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم تاقیکردنەوەکان وەستانو دوای وەستانی جەنگ دەستیان پێکردەوەو وردە وردە تەلەفزیۆن لە جیهاندا لە وڵاتانی خۆرئاوای پێشکەوتوو بڵاوبووەو تا کاتێکی درەنگ لە نیوەی دووەمو دوا چارەگی کۆتایی سەدەی رابردوو گەیشتە ناوچەکانی دیکەی جیهان... بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 105

4- سەرەتای سەرهەڵدانی بیرۆکەی رادیۆ دەگەڕێتەوە بۆ تاقیکردنەوەو توێژینەوەکانی مارکۆنی کە بوونە بەردی بناغەی دروستبوونی رادیۆ، دواتر زانا "فۆست" هەڵسا بە دامەرزاندنی وێستگەی پەخشی رادیۆیی لە هەریەك لە ئەمریکاو فەڕەنسا بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی توێژینەوەو تاقیکردنەوەکان لەم بوارەدا وەستان، بەڵام دوای جەنگ تاقیکردنەوەو هەوڵەکان دەستیان پێکردەوەو پێشکەوتنێکی گەورەو خێرا لەم بوارەدا هاتە ئارا، تا وای لێهات لە ساڵانی کۆتایی بیستەکان سەدان وێستگەی رادیۆیی لە وڵاتانی خۆرئاوا دامەرزا، لەو کاتەوە راگەیاندن پێی نایە قۆناغێکی نوێوەو رادیۆ لە پاڵ رۆژنامەدا بووە کۆڵەکەی سەرەکیی میدیای جەماوەری.... بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 96

5-تێگەیشتنی راستی.. شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، د. کەمال مەزهەر، بەغداد، 1978، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، لاپەڕە 20

6–سامان فەوزی، میدیای ئینتەرنێتیو گرفتە یاساییەکانی، وەرگێڕانی هونەر رەسول، لە چاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2004، چاپی یەکەم، لاپەڕە 16

7-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 22

8-الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها، عوني عبدالفتاح عزام، دراسة، شبكة الاستراتيجية، لاپەڕە 4

9–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 5

10- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، لاپەڕە 19

11–سەردەم، هونەری کاریکاتێری کوردی، رۆژنامەڤانی(گۆڤار)، ژمارە پێنج، لاپەڕە 180

12–نەژاد عەزیز سورمێ، رۆژنامەگەریی کوردی–چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیكو هونەرەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر، کتێبی برایەتی، لاپەڕە 51

13–کاروان عەلی، هونەری رۆژنامەنووسی(هەواڵ، ریپۆرتاژ، گفتوگۆ، وتار)، سلێمانی، 2004، چاپی یەکەم، لاپەڕە 112

14–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 113

15- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، لاپەڕە 22

# بەشی سێیەم

## رۆژنامەگەریی كوردی

رۆژنامەگـەریی تایبـەت بـە سـەردەمێك یـا قۆنـاغێكی دیـاری كـراوەوە نییـە، چونكە لە پێش زایینیش بڵاوكراوە هەبووە كە بەپێی پێوەرەكانی ئەو سەردەمە دەچنە خانـەی رۆژنامەنووسییەوە، بـەڵام ئـەوە گرنگـە ئاماژەی پـێ بكرێـت كـە رۆژنامەگەریی بەرهەمی هاتنەكایـەو پەیـدابوونی نووسینە. لەگـەڵ پەیـدابوونی نووسین پەیوەندیی جەماوەریی وەرچەرخانێكی یەكجار مەزنی بەخۆوە بینـی و پێی نایە قۆناغێكی دیكەوە. گرنگییەكەی پەیـدابوونی نووسین لـەوەدابووە كـە شـتێك بـووە قسـەو بیروبۆچـوون و زانیـاریی لـەخۆگرتووەو دەسـتاودەسـتی كردووەو بۆ ماوەیەكی زۆر ماوەتەوە، هەر نووسـینە بۆتـە مایـەی ئـەوەی ئاشـنا بین بەو مێژووە دەوڵەمەندەی كە مرۆڤایەتی هەیەتی.

لای كورد بەگشتی، تـا سـاڵی 1898 شـتێك نـەبووە نـاوی رۆژنامـە بووبێـت و خۆمـاڵی بووبێـت، بـەڵام لـە دوای دەرچـوونی یەكـەم رۆژنامـەوە دەروازەی رۆژنامەگەریی لە كورد كرایەوە، لـەو شـتە نـامۆو قورسـەی كـە پێشـتر لای كـورد دەردەكـەوت، بـوو بـە پێویسـتییەكی نەتـەوەیی. هەسـت و بـیری نەتـەوەیی لـە زۆربەی ئەو بڵاوكراوانەدا هەیە كە كورد بە درێژایی مێژووەكەی دەری كردووە. سـەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی كوردی، رەنگـە لـە ناوچـەكەو تەنانـەت جیهانیشـدا یەكێك بێت لەو رۆژنامەگەرییانەی كـە درەنـگ لـە دایكبووبێـت، بـەڵام لـە هەنـدێ قۆناغدا لە یەك كاتدا چەندین بڵاوكراوەی رۆژنامەگەریی دەركراوە[1].

بە شـێوەیەكی گشـتی وەك د. كـەمال مەزهـەر ئەحمـەد لـەكتێبی تێگەیشـتنی راسـتیدا باسـی لێـوە دەكـات، سـەرەتای پەیـدابوونی رۆژنامەگـەریی لـە زۆر وڵاتـانی رۆژهـەڵات، تـا رادەیـەكی زۆر بەرهـەمی هـاتن و سیاسـەتی

ئەوروپاییەکانــە[2]"لــە زۆر شــوێن کۆلۆنیســتە ئەوروپاییــەکان بــۆ کــاری پڕوپاگەندەی خۆیان و لەبەر خاتری ئەو ژمارە زۆرەیان کە رژابوونە رۆژهەڵات دەستیان کـردە دامەزرانـدنی چـاپ و رۆژنامـە کـە بەشێکیشـیان بـە دەسـت موبەشیرەکانەوە بوو". تەنانەت عوسمانیەکان کە کۆسپێکی گەورەی بەردەم کاری رۆژنامەگەریی بوون لە ناو خودی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، خۆیشیان سوودیان لـە داهێنـان و تەشەنەسـەندنی پـەلوپۆی ئەوروپاییـەکان وەرگرت لەڕووی مەسەلەی چاپەمەنی و رۆژنامەگەرییدا.

گـرنگترین هۆکـاری پەرەسـەندنی خێـرای رۆژنامەگـەریی ئـەوەبوو کـە بـۆ مەبەسـتی مەسـەلە نەتەوایەتییـەکان و هوشـیارکردنەوەی خـەڵك بەمەبەسـتی نەهێشتنی جیاوازیی و چەوساندنەوەی چینایەتی دەردەکرا، لـە کاتێکیشـدا لـە جیهانـدا هێشـتا زۆر لـە گـەلانی دنیـا بـە مافـەکانیان نەگەیشـتبوون و هـەروەها گـەلێك دیـاردەی چەوسـاندنەوەی چـینایەتی و رەگـەزیی لـە ئـارادابووە، بۆیـە رۆژنامەنووسـیی کــە گــرنگترین ئــامرازی میــدیای جــەماوەری بــووە لــەو سـەردەمانەدا، بۆتـە گرنگترین چەك بـە دەسـت سـەرکردەو پێشـەنگە سیاسـی و رووناکبیری و کۆمەڵایەتیـەکان، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بێگومـان پێشـکەوتنی مەسـەلەی تـەکنیکی چاپکردن و فەراهـەم بـوونی پێویسـتییەکانی وەك کاغـەزو مەرەکەب و ..هتد، هۆکارێکی دیکـەی گرنگ بوو لـە پـاڵ ئـەو خاڵـەی پێشتر کە رووخانی عوسمانییەکانە، بوونە هۆی پێشکەوتنی خێرای رۆژنامەنووسیی لە جیهاندا[3].

هۆکـاری دواکـەوتنی سـەرهەڵدانی چـاپ و رۆژنامەنووسـیی لـە نێـو گـەل و نەتـەوەکانی ژێـر دەسـەڵاتی عوسمـانی بـە تایبـەتی گەلـە موسـوڵمانەکان، بـۆ سیاسەتی کوێرانەی عوسمانیەکان و هەروەها دواکەوتوویی خەڵك بوو، چونکە لەلایەن دەسەڵاتداران و تەنانەت خودی سوڵتانی عوسمانییەوە گەورەترین سـزا بەسـەر ئـەو کەسـانەدا دەسـەپێنرا کـە گوێڕایـەڵی فـەرمانی قەدەغـەکردنی چـاپ نـەدەبوون، هـەروەك چـاپکردنی کتێبیـان بـە کفـر لەقەڵـەم دەدا، ئـەو رێگریـی و ئەستەمییەی بـەردەم کـاری چـاپ و رۆژنامەگـەریی بـە تـەنها بـەرۆکی میللـەتانی

غـەیرە تـورکی ژێـر فـەرمانڕەوایی تورکیـای نـەگرتبۆوە، بـەڵکو لـەناو خـودی عوسمانیەکانیشدا، رووناکبیران و تێگەیشتووان هەمان نەهامەتیان هەبوو[4].

لــە خۆرهــەڵاتی ناوەڕاســت و ئــەو شــوێنانەی تــر کــە لــە ژێــر ســایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ بیٚ هێزبوونی ئەو ئیمپراتۆریەتە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم و دوای شکستی یـەك بـەدوای یـەکی عوسمانیـەکان لـە جـەنگی جیهـانی یەکـەم، ئـەم ئیمپراتۆریەتـە بــەرەو لاوازی چــوو تــا وای لێهــات ئـیتر لــە هــەموو لایەکــەوە وڵات و خاکــە داگیرکراوەکــانی ژێــر ســایەی عوسمانیــەکان لەلایــەن ئینگلیزەکــان و هاوپەیمانەکانییـەوە کـۆنترۆڵ دەکـران. لاوازبـوونی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و دابەشـبوونی میراتەکـەی بەسـەر وڵاتـانی سـەرکەوتووی ئـەوروپا و خۆرئـاوایی وایکرد قۆناغێکی تر لەو شوێنانە دەست پێبکەن[5].

لەگەڵ ئەو قۆناغەدا، گرنگی و پێگەی رۆژنامەنووسیی لە ژیانی ئەو گەلانـەدا رۆژ بـەڕۆژ زیـاتر پـەرەی دەسـەند، لـە نـاو خـودی دەوڵـەتی عوسمانیـدا چاپ و رۆژنامەنووســیی وەك چــەکێکی دژایــەتی کــردن و بەرزکردنــەوەی ئاســتی هوشــیاریی لــەدژی ســوڵتان و داروەدەســتەکەی بــەکارهێنرا، گــەلانی ژێــر فەرمانڕەوایی لەو قۆناغەدا لە دوو شت سوودمەندبوون، یـەکێکیان بریتـی بـوو لـە هـاتنی وڵاتـانی خۆرئـاوایی و ئـەوی تریشـیان چاوکردن بـوو لـەو جموجۆڵـە چاپەمەنی و رۆژنامەوانییەی لەناو خودی دەوڵەتی عوسمانیدا لـە دژی سـوڵتان دەستی پێکرد.

بەڵام لەگە ئەوانەشدا رۆژنامەنووسیی لە نێو گەلی کورددا هەر درەنگتر لەچاو میللەتانی دراوسێ لەدایك بوو، ئەمەش وەك د. کەمال مەزهەر ئاماژەی پێداوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ لەلایـەك نـەبوونی چاپەمەنی و لەلایـەکی تریشـەوە پەیدابوون و زۆربوونی دانـاو تێگەیشـتووانی کـورد هێواشـتر بـوو لەچاو دەوروبـەر، بـەڵام لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەوە، ئـەم بۆشـاییە چـونکە بـە باشـی هەسـتی پێدەکرا، بۆیە بایەخدان بە خوێندەواری بووە یەکێك لە دروشمـە سـەرەکیەکانی بزووتنـەوەکانی کوردایـەتی. هاوکـات شـێوازی خوێنـدنی هاوچـەرخ گەیشـتە

کوردستانیش، بۆ نموونە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی زۆربەی شارەکانی کوردستان دیاردەی خوێندن تێیاندا سەری هەڵدا، لە ئاکرێ 30 قوتابی و لە زاخۆ 40و لە ئامێدی 45و لە رەواندزیش 45و لە دهۆك 50 قوتابی و لە کۆیە 125و لە سلێمانی و شارباژێر 140و لە هەولێر 155 قوتابی لە فێرگەکانی حکومەتدا دەیانخوێند[6]. رۆژ بەرۆژ فێرخوازانی ئەم فێرگانە ژمارەیان زیادی دەکرد، فێرگەی زیاتریش دەکرانەوەو بایەخیی زیاتر بە خوێندن دەدرا. تێگەیشتووانی کوردو فێرخوازان بە دوای زانین و زانستدا دەچوونە شارە گەورەکان کە ناوەندی گرنگی فێربوون بوون، زۆر لە خوازیارانی زانین و زانست لە شارە گەورەو پایتەختەکانی وڵاتانی دەروبەر گیرسانەوە، هەندێکیان بەوەندەش نەوەستان و روویان کردە وڵاتانی ئەوروپا کە سەرچاوەی هەڵکردنی شەپۆلی خوێندەواری و چاپ و رووناکبیریی بوون لەو سەردەمەدا.

بەمجۆرە تێکەڵاوییەکی باش لە نێوان تێکۆشەرانی بواری زانست و زانین و رووناکبیریی کورد لەگەڵ کەلتوری پێشکەوتووی ئەوروپا پەیدابوو، کەلتورو فەرهەنگی پێشکەوتووی ئەوروپاییەکانیش کاریگەریی زۆری لەسەر فێرخوازانی کورد جێهێشت، ئەوانەی کە گەڕانەوە بۆ نیشتمانیش بەو بارە زانین و زانستە کەڵەکەبووەی کە هەیانبوو، چالاکانە رۆڵیان لەبزاڤی رووناکبیریدا بینی، لە کوردستانیش لەسەر هەمان رێباز درێژەیان بە هەوڵ و تەقەڵلاو کارەکانی خۆیاندا، زۆربەیان خۆیان بە کاری چاپەمەنی و چاپخانەو رۆژنامەگەری و کاری رووناکبیرییەوە خەریك کرد.

ئیتر ئەو هەلومەرجە بە گشتی فاکتەری سەرەکیی پەیدابوونی رۆژنامەنووسیی کوردی بوون، وایکرد رۆژنامەنووسیی و چاپخانە پێگەیەکی گرنگ لەنێو میللەتدا بگرێت و خەڵکانێکی زۆر خەبات و تێکۆشانی خۆیان لەو شێوازەدا خستەگەڕ، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڕاستەو مەیلەی نێو رووناکبیرو تێگەیشتووانی کورد، سەرەڕای قورسیی کاری چاپخانەو دەرکردنی رۆژنامە لەڕووی تەکنیك و توانای ماددیشەوە، ئاستەنگێکی گەورەتر هەبوو کە ئەویش زۆرداریی و توندوتیژی دەسەڵاتی عوسمانی بوو لەسەر مەسەلەی

رۆژنامەنووسی و چاپخانە بە تایبەتی لەلای گەلانی ژێردەست، بۆیە ئەوە وای لە رووناکبیرو نیشتمان پەروەرانی کورد کرد وەك نەتەوە ژێر دەستەکانی دیکەی نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بیر لە شوێنی دووره دەستی دەسەلاتی عوسمانییەکان بکەنەوە بۆ دەرکردنی رۆژنامەو کاری چاپخانە، بۆ کورد ولاتێکی وەك میسر بە تایبەتی قاهیرەی پایتەخت، لەبارترین جێگە بوو، چونکە لەلایەکەوە ئەو سەردەمە میسر لە ژێر کاریگەریی ئینگلیزەکاندابوو کە نەیاری سەرەکیی عوسمانییەکان بوو، لەلایەکی دیکەشەوە قاهیرە لە شارستانیەتی ئەوروپاوە نزیك بوو، تا رادەیەکی باش تێکەلاوییەك هەبوو لە نێو هەردوو شارستانیەتی میسرو ئەوروپا، هەروەها نێوەندێکی گرنگی رۆژنامەنووسیش بوو چونکە لە میسردا لەگەڵ هاتنی فەرەنساییەکان و لەشکری ناپلیۆن، رۆژنامەگەریی تێیدا سەری هەلداوە. هەروەك کاربەدەستانی ئینگلیزیش دەرگایان بۆ هەموو ناحەزو نەیارانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی خستبووە سەر پشت و کاریان بۆ نەهێشتنی یەکجارەکیی کاریگەری و رۆڵی عوسمانیەکان لەو ناوچەیەدا دەکرد[7].

لەبەر ئەم هۆکارانە قاهیرە بووە شوێنی لە دایکبوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی، ئەم رۆژنامەیە تەنها لەو شارەشدا پەنگی نەخوارد، بەڵکو بە هەر شێوازێکیش بووایە بەشێکی بە نهێنی لێ رەوانەی کوردستان دەکرا، ئەمەش هۆکارێکی تر بوو کە کاریگەریی لەسەر رووناکبیرو زانین خوازو تێگەیشتووانی ناوەوەی کوردستان دروستکردو زیاتر هانیدان تا ئەوانیش لەلای خۆیانەوە هەوڵ و تەقەللاکانیان بخەنەگەڕ بۆ هێنانەکایەی رۆژنامەگەرییەکی نیشتمانپەروەرانەی هاوشێوەی ئەو بلاوکراوانەی گەلە ژێر دەستەکانی دیکەی نێو ئیمپراتۆری عوسمانی دەریاندەکرد بە تایبەتی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەکەو هاتنی ئینگلیز بۆ ئەو کۆلۆنیالانەی پێشووی عوسمانی.

هەنگاو بە هەنگاو رۆژنامەگەریی لە کوردستان دەبووە دیاردەیەکی باو، ئەو خەڵکانەی ئەزموون و توانایان هەبوو، زۆر لە بیری دەرکردنی رۆژنامەدابوون، ئیتر لەگەڵ هاتنی ئینگلیز بۆ عیراق کە خۆی وەك داگیرکەرێك و وەك

پێویستییەکی سیاسەتی خۆی، چەند رۆژنامەیەکی دەرکرد، ئەمەش بووە پێداویستییەکی گشتی و مۆدێلو بەمجۆرە رۆژ بەدوای رۆژ لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان بڵاوکراوەو رۆژنامە دەردەکراو هەوڵی هێنانی چاپخانەش دەدرا.

## کەناڵی میدیای کوردیی تایبەتمەند

کەناڵەکانی میدیای جەماوەریی کوردی لە ئاستی عیراق لەدوای دەرچوونی یەکەم بڵاوکراوەوە لەساڵی 1914 تا پێش ساڵی 1991، کەناڵی ئینتەرنێتی لێ دەربچێت، بە شێوەیەکی گشتی هەموو جۆرەکانی تری هەبوو: نووسراو، بینراو، بیستراو. ڕۆژنامەو گۆڤارو نامیلکەو دەوریات وەك کەناڵی نووسراو، رادیۆ وەك کەناڵی بیستراو، تەلەفزیۆن‌و تا رادەیەکیش شانۆو کۆڕو کۆبوونەوەکان.

ئەو کەناڵانەش لەڕووی سیاسەت‌و ڕێبازو ئەو لایەنەی دەریدەکرد، بەسەر دوو ڕێبازدا دابەش ببوون:

یەکەم: ئەوانەبوون کە حزب‌و بزووتنەوەو لایەن‌و ڕێکخراوو کۆمەڵەو کەسایەتییە نیشتمانییەکان دەریان دەکرد، ئەوانە بە زۆری ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوەی دەوری‌و هەروەها رادیۆ بوون، جار جارێك کۆڕو کۆبوونەوەو شانۆشیان ڕێکدەخست. ڕێبازی ئەمجۆرەیان ڕێبازێکی نیشتمان پەروەرانەی دژ بە داگیرکاریی و وێرانکردنی کوردستان بووە، هەوڵی هوشیارکردنەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی ڕووناکبیری‌و تێگەیشتوویی هاووڵاتیانی دەداو هەروەها هانی خوێندن‌و چاکترکردنی باری کۆمەڵایەتی دەداو تەرکیزی لەسەر هەموو ئەو لایەنانە دەکردەوە کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بوون.

لەم جۆرەیاندا، ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لە بڵاوکراوە ڕۆژنامەنووسیەکاندا چ نهێنی بووبێت یان ئاشکرا هەبووە، لە چەند بوارێکدا تایبەتمەندێتیان وەرگرتبوو، بەڵام لە رادیۆدا میدیای تایبەتمەند تەنها لەو بەرنامانەدا خۆی دەبینیەوە کە ماوەیان بۆ تەرخان کرابوو.

دووەم: خـۆی لـەو کەناڵانـەدا دەبینیـەوە کـە حکومـەتی بەغـدا سەرپەرشـتی دەکـردن و خـاوەنی بـوون، ئـەوانیش خـۆی لـەم جۆرانـەدا دەبینیـەوە: رۆژنامـەو گۆڤـارو بڵاوکـراوە دەورییـەکان، رادیـۆ، تەلـەفزیۆن. ئـەمجۆرەیان لـە ئامانجـە گشتیەکەیدا راگەیانـدنێك بـووە کـەئامرازێك بـووە بەدەسـت حکومـەتی بەغـداو پڕوپاگەنـدەی بـۆ ئـەو حکومەتـە کـردووە، ئـەمجۆرەش بـە چـەند قۆناغێکـدا تێپەڕیوە، هەر لەسەردەمی حوکمڕانیی پاشایەتی و حوکمی عەبدولکەریم قاسم و ماوەیەکیش دوای ئەوە لەسەردەمی حوکمڕانیی بەعس و لەکاتی هاتنـەئارای دانووسـتاندنی نێـوان شۆڕشـی کـوردی و حکومـەتی بەغـداو دوای رێککـەوتنی یانزەی ئاداری 1970 تا دەگاتە دەسەڵات گرتنە دەستی سەدام حوسێن، لەهەر یـەکێك لـەم مـاوەو قۆناغانـەش ، ئـەم کەناڵانـە جۆرێـك لەتایبەتمەنـدیی خۆیـان هەبووە، ئـەم کەناڵانـە ئەگەرچی لەهێڵـە گشـتییەکاندا هـەر بـەلای فـەرمانڕەوایی عیراقـدا دەشـکایەوەو ئـامرازی دەسـت دەسـەڵات بـووە، بـەڵام دوای هاتنـە سـەر حـوکمی سـەدام حوسـێن، راگەیانـدنی کـوردیی رەسمـی و حکـومیی لـە پـاڵ راگەیاندنی عەرەبیی ناو عیراق، بەتەواوی بووە ئامرازێکی دەست بەعسییەکان بۆ دژایەتیکردن و شێواندنی دیمەنی بزووتنەوەی کوردایەتی.

لەم رێبازەدا لە تەلەفزیۆن و رادیۆدا، راگەیاندنی تایبەتمەنـد تـەنها خـۆی لـەو بەرنامە تایبەتیانەدا دەبینیـەوە کـە لـەو دوو کەناڵـە ماوەیـان بـۆ تـەرخانکرابوو، هـەروەها چـەند جـۆرێکی کـەمیش لـە بڵاوکـراوەی رۆژنامەگـەریی تایبەتمەنـد هەبوون بەتایبەتی لەبوارەکانی ئەدەب و وەرزش و تەندروستی، ئەگەرنا ئەوەی تـر لـە شـێوەی لاپـەڕەی تایبەتمەنـد بـوو لـەو چـەند رۆژنامەیـەی کـە لەلایـەن فەرمانڕەوایی بەغداوە دەردەکرا، هەمووشـیان هـەر یـەك سیاسـەتی سـەرەکیی کۆی دەکردنەوە کە ئامـاژەمـان پێدا. لـەم چوارچێوەیەشـدا زیـاتر چـەند بوارێـك گرنگییـان پێـدەدرا وەك باسمـانکرد کـەبواری تایبەتمەنـدی وەرزش، ئـەدەب و تەندروستی بوون،

تـا پـێش سـاڵی 1991 میـدیای کـوردی بـەمجۆرە بـوو، بـەڵام دواتـر میـدیای کـوردی بـە رێبـازی یەکـەم تەشـەنەی کـردو لـە سـەرجەم کـەناڵی تەلـەفزیۆنی و

رادیۆیی و بڵاوکراوەکاندا گەشەی کرد، لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەو بەشەی کوردستانی پێکدەهێنا کە لە دوای راپەرینی ساڵی 1991 سوپای عیراق لێی کشایەوەو کورد ئیدارەی تێدا دامەرزاند، میدیا بەم رێبازە پەرەی سەند، راگەیاندنی تایبەتمەند هاتە کایەوە لە شێوەی بڵاوکراوەی رۆژنامەنوسیی سەربەخۆ، تەلەفزیۆن، رادیۆش، بەلام لە هەندێ بەشی دیکەی کوردستان کە هێشتا لەژێر رکێفی حکومەتی بەعسی عیراقیدا مابۆوە، رێبازی دووەمی راگەیاندنی کوردی هەبوو کە سەر بە حکومەتی عیراقی بەعسی بوو، گوتارەکەی دژی ئیدارەو دەسەلاتی کوردیو هەرێمی کوردستان بوو، خزمەتی دەسەلاتی حزبی بەعسی دەکرد، ئەم راگەیاندنە رۆژ بەرۆژ لاوازتر دەبوو، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر وەرگر دروست نەدەکرد کەجگەلەو ناوچە کوردییانەی ژێردەسەلاتی بەعس بڵاودەبووەوە، رێگەیان پێدەدرا بێنە ناو هەرێمی کوردستانیشەوە.

لەسەروبەندی کۆتایی هاتنی سەدەی بیستەمو هەزارەی دووەم، کەناڵێکی دیکەی راگەیاندن لە کوردستان سەری هەڵدا کە ئەویش کەناڵی ئینتەرنێتی بوو، ئەم کەناڵە لەسەرەتادا لەلایەن کوردانی ئەوروپاوە دروستدەکراو بەرێوەدەبرا، رۆژ بەرۆژ ئەم کەناڵە جەماوەرییەش پێشدەکەوتو پەرەی دەسەند بەو رادەیەی تا ساڵی 2006 ، دەیان کەناڵی ئینتەرنێتی کوردی هەبوو، زۆر لەو کەناڵە ئینتەرنێتیانەش تایبەتمەندییان هەبوو بە تایبەتیش لە بوارەکانی: هەواڵ، هونەر، ئەدەب، زانستی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، ئابووری، ژنانو.. هتد.

## بوارو ئاستەکانی تایبە تمەندبوون لە رۆژنامەگەریی کوردیدا

میدیای کوردی لە هەرێمی باشووری کوردستان هاوشێوەی زۆربەی میدیا جیهانیەکان، تا رادەیەك پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە، ناتوانین بڵێین ئەو پێشکەوتنە هاوتەریب و تەواو هاوشێوەی پێشکەوتنی میدیای جیهانی خۆرئاواو تەنانەت وڵاتانی دەوروبەریشە، بەڵام بە بەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی داگیرکاریی لە پێش ساڵی 1991-ەوە، گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر میدیای کوردیدا داهات، بە تایبەتی لەسەر ئاستی رۆژنامەنووسیی لەڕووی ئامێرو دەرکردن و نووسین و چاپکردن و کاری هونەری رۆژنامەو گۆڤاردا، لەچاو سەردەمی پێش خۆی زۆر پێشکەوت.

هۆکاری ئەو پێشکەوتنە سنووردارەش تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ فەراهەمبوونی فەزایەکی فراوانتری ئازادی بۆ رووناکبیران و نووسەران و بەکارهێنانی ئامێری پێشکەوتووی میدیایی و هەروەها کرانەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە هەندێ رووەوە بە رووی ئەوروپادا، ئەم فراوانبوون و پێشکەوتنەی رۆژنامەگەریی کوردی، ئەگەرچی بەشێوەیەکی زۆرو ناڕێکوپێك بوو، بەڵام خاڵی دەستپێك بوو بۆ سەرهەڵدانی سەردەمێکی نوێ لە رۆژنامەگەریی کوردیدا.

زۆربوونی رێکخراوو کۆمەڵە پیشەیی و مرۆیی و جەماوەرییەکان، حزبەکان، کۆمپانیاکان و دامەزراوە رووناکبیری و رۆژنامەوانی و فەرهەنگییەکان لەلایەك و پێشکەوتنی شارستانی و ئاڵۆزبوون و فراوانبوونی ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەلایەکی ترو هەروەها هەبوونی توانای مرۆیی و دارایی باشتر لە جاران، هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندی کوردین.

ئەگـەر تێبینـی میـدیای خۆرئـاواو ئـەورووپا بکـەین، دەبیـنین رۆژنامەگـەریی تایبەتمەند رۆژ بەڕۆژ لەبرەودایەو گەشە دەسەنێت، لە بەرامبەریشدا فرۆش‌و تیراژو تەنانەت ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە گشتییەکان لە زۆر وڵاتدا کەم دەکات‌و بەرەو دواوە پاشەکشە دەکات[8].

رەنگە ئەم هاوکێشەیە بە تەواوی لە کوردستاندا جێبەجێ نەبێ، چونکە هەرچەندە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لێرەش تا رادەیەك گەشەی کردووەو لە جاران فراوانتر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامە گشتیەکەش هاوتەریب گەشەی کردووەو وردە وردە زیاتریش پەرە دەسەنێت، رۆژنامەی گشتی جارێ لە قۆناغی پێشکەوتندایە، چەند هۆکارێکیش بۆ ئەمە هەیە کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا بیانخەینەڕوو:

1-هێشتا رۆژنامەی گشتی لە کوردستاندا نەگەیشتۆتە ئاستێکی باڵا، بە مانای ئەوەی هێشتا ناتوانین بڵێین رۆژنامەگەریی گشتی تا ئەو رادەیە شوێنی خۆی گرتۆتەوە کە بە تەواوی ویست‌و ئارەزووەکانی خوێنەری کورد تێر بکات‌و رۆڵی خۆی لە گۆڕەپانەکەدا بگێڕێت، بەڵگەش بۆ ئەوە کەمیی تیراژی رۆژنامەکانە. بۆ نموونە ئەمڕۆ کە ئەم باسە ئامادە دەکەین، چەند رۆژنامەیەکی رۆژانە لە کوردستاندا دەردەچن، کە هەموویان حزبین، تیراژی هیچ کامێکیان لە دە هەزار دانە تێپەڕ ناکات، لە کاتێکدا لە ناوچەیەك دابەش دەکرێت کە پێنج پارێزگا زیاتر دەگرێتەوەو لەو پێنج پارێزگایانەشدا بەلانی کەم (4)ملیۆن کوردی لێ نیشتەجێیە، خۆ ئەگەر لەو چوار ملیۆن کەسەش تەنها یەك ملیۆن خوێندەوار بێ (رێژەی خوێندەوارەکە زۆر لەو رێژەیە زیاترە)، ئەوا چاپکردنی ئەو رۆژنامانە بە تیراژی سێ هەزارو چوارو حەوت هەزار دانە وەك نەبوون وایە.

بە هەمان شێوە بڵاوکراوە هەفتانەکانیش ئەگەرچی بەشێکیان سەربەخۆن، بەڵام تیراژیان بەپێی پێویست نییەو زۆر کەمن.

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو نموونەیە تەنها سەلماندنی ئەو خاڵەیە کە دەڵێین رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا نەگەیشتۆتە ئاستێکی باڵا کە خواست‌و ئارەزووی خوێنەری کوردی تێر بکات.

2–کۆمەڵگەی کوردەواریی لە هەندێ بواردا، بە تایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتی ئەوەندە پێشنەکەوتووەو بەرەو مەدەنی بوون نەچووەو ژیانی کۆمەڵ بەو رادەو شێوەیە ئاڵۆز نەبووە کە رۆژنامەی تایبەتمەند ببێتە پێویستیەکی زۆر گرنگ‌و وامان لێبکات دەستبەرداری رۆژنامەی گشتی بین لە پێناو رۆژنامەی تایبەتمەنددا.

3–رۆژنامە گشتییەکان لەڕێگەی دەرکردنی پاشکۆیەك یان تەرخانکردنی لاپەڕەیەك یا ستوونێك بۆ بابەت‌و بوارێکی دیاریکراوی وەك وەرزش، ئەدەب، ئابوری، تەندروستی، میدیا، ژنان، مندالآن، پەروەردەو یاساو ..هتد، تا رادەیەك توانیویەتی ئەرکی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندیش بەجێ بهێنن، بۆیە رۆژنامەگەریی گشتی لە کوردستاندا پاشەکشەی نەکردووە بەرامبەر رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بەبەراوردکردن لەگەڵ شوێنانی تر.

هەرچۆنێك بێت، بەشێوەیەکی گشتی بەر لە ساڵی 1991، لە هەرێمی کوردستاندا رۆژنامەگەریی تایبەتمەند هەبووە چ لە ئاستی هەبوونی رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەت بە بوارێك یا تەرخانکردنی لاپەڕە یان پاشکۆیەك بۆ بوارەکە، زۆربەی ئەو بڵاوکراوە تایبەتمەندانەش بە نهێنی دەرکراون‌و دوور لە چاوی دەسەڵات بووە چونکە زۆربەیان لەلایەن حزب‌و رێکخراوە کوردییەکانەوە دەرکراون کە دژی دەسەڵاتی بەغدا دەجەنگان یان لەململانێدابوون. ئەو بڵاوکراوانەی کە لەو سەردەمەو بەو شێوەیە دەردەچوون بەزۆریی لەو بوارانەدا بوون: قوتابیان‌و لاوان، کرێکاران، ژنان، جوتیاران، زانست‌و پەروەردە، ئەدەب‌و رووناکبیری، مامۆستا، سەربازی"پێشمەرگە"، مندالآن.

لە دوای ساڵی 1991، بە هەمان شێوە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لە زۆر بواردا خۆی بینیەوە، سەرەڕای ئەو بوارانەی کە بەر لە ساڵی 1991 لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەنددا رەنگی داوەتەوە، چەند بوارێکی نوێ زیاد بوون وەك ئابووری، وەرزشی، تەندروستی، زانستی، یاسا، ئەندازیاری، ئایینی، کۆمیدیا(کاریکاتێری)، پەروەردەیی، میدیایی، پزیشکی‌و چەندینی تر.

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەو بڵاوکراوە تایبەتمەندانەی کە لە هەردوو سەردەمەکەدا دەرکراون، ئەوانەی پێش ساڵی 1991 کەمیی توانای دارایی و توانای مرۆیی پێوە دیارە، بەشێوەیەکی گشتی ناڕێکیی لە کات و شوێنی دەرچوونی و هەروەها لە جۆری چاپ و تەنانەت بابەتەکانی و قەبارەو تیراژو جەماوەریشەوە پێوە دیارە، کەمتر وێنەی تێدا بەکارهێنراوەو زۆربەی زۆریان هیچ رەنگێکی جگە لە رەشیان تێدا بەکارنەهێنراوە، بەڵام لە دوای ئەو مێژووە، جۆری چاپەکە باشترو جوانکاریی زیاترو کات و شوێنی ڕێکوپێکترو هەلومەرجی دەرچوون و نووسەرەکانیشی بەرەو باشتر چوون و جەماوەرەکەیشی گۆڕانی بەسەردا هات.

مەرج نییە هەموو رێکخراو یا کۆمەڵە یا سەندیکایەکی تایبەت بە توێژێکی کۆمەڵ جا خوێندکاران، لاوان، نووسەران و  رووناکبیران یا هەر یەکێکی تر بووبێت، تەنها لە بوارەکەی خۆیدا بڵاوکراوەی دەرکردبێت، هەندێ لەو بڵاوکراوانەی بۆ نموونە کە لەسەری نووسراوە لەلایەن رێکخراوێکی لاوانەوە دەردەچێت، رەنگە سەدا سەد تایبەتمەند نەبوبێت بە لاوان، بەڵکو هەندێکیان سیاسیی گشتیی بووە، یا بۆ نموونە ئەگەر لەسەری نووسرابێت رێکخراوێکی قوتابیان و خوێندکاران دەری دەکات، ئەوا ئەویش لە هەندێ حاڵەتدا گشتی بووە بەو مانایەی تەنها تایبەت نەبووە بەبوارەکەی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بایەخی بەو بابەت و نووسینانە دەدا کەلەلایەن ئەم توێژەوە دەنووسران و ئامادە دەکران، بۆیە هەرچۆنێك بێت ناتوانین بڵێین ئەوجۆرە بڵاوکراوانە ناچنە خانەی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، چونکە هەرچەندە هەموو یان زۆربەی ناوەرۆك و بابەتەکانی نێو بڵاوکراوەکە تایبەت نەبووە بە تەنها ئەم توێژانەو لە هەموو لایەنەکانی سیاسی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و هتد دواوە، بەڵام دەرگای والابووە بۆ کاری خوێندکاران یان لاوان وجێبەجێ ئەم توێژانەی پێوە دیاربووە.

شێوەیەکی دیکەی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند کە لە کوردستان و تەنانەت سەرجەم جیهانیشدا هەبووە، رۆژنامەگەریی تایبەت بە ناوچەیەکی دیاریکراو

بووه، ئەو رۆژنامەگەرییە گرنگیی بە هەموو چالاکیو هەواڵو پێشهاتو کێشەو گرفتەکانی ئەو ناوچەیەی داوەو هەروەها مامەڵەی لەگەڵ کەسە داهێنەرو ناسراوەکانیو مەسەلەی رووناکبیریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەو ناوچانە کردووە، مەرجیش نییە ئەو بڵاوکراوانەی کە تایبەت بە ناوچەیەکەوە کراوە ناوی هەمان ناوچەی هەبوو بێت ئەگەرچی ئەو ناوچانە گۆڕەپانێکی فراوان بووە بۆ کاری رۆژنامەگەریی ئەو بڵاوکراوانە، هەروەك مەرجیش نییە بڵاوکراوەیەك ئەگەر ناوی شارێك یا شارۆچکەیەکی وەرگرتبێت، لەلایەن شارەوانیو لایەنی پەیوەندیداری ئەو شوێنەوە دەرکرابێتو بابەتەکانیشی تەنها لە چوارچێوەی ئەو شوێنانەدا پەنگی خواردبێتەوە، گەلێجار بڵاوکراوەی تایبەت بە شوێنێك دەرکراوە، لەلایەن قوتابیان، مامۆستایانو رووناکبیرانەوە دەرکراوە وەك چۆن لەلایەن شارەوانیو شوێنە رەسمیەکانی ئەو شارەوەش دەرکراوە کە مەرج نییە بەناوی ئەو شارەشەوە بێت، بە هەمان شێوە زۆر بڵاوکراوە هەن کە ناوی شارێکیان پێوەیە بەڵام تەنها لە چوارچێوەی باسەکانی ئەو ناوچەیەدا خۆی قەتیس نەداوە، بڵاوکراوەی ناوچەیی تایبەتمەند لە پێش ساڵی 1991و دواتریش بە زەقی لە کوردستاندا دەردەکەوێت.

## بواری ئافرەت

ئافرەت لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بە شێوەیەکی گشتی هەمیشە یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی راگەیاندنو کەرەستەیەکی مشتومڕو گفتوگۆی نێوەندی رووناکبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسیشە، چونکە تا ئێستا ئەو خواستو هیوایەی کە کچانو ژنان بۆ خۆیان هەیەو هەروەها بەشێك لە پیاوانیش بۆ ئەوانی هەیە، نەهاتۆتەدی. هەرچەندە رێکخراوی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنانو هوشیارکردنەوەیان زۆرەو ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بڵاوکراوەی تایبەتمەند دەردەکەن بەمەبەستی باشترکردنی گوزەرانی ئافرەت، بەڵام هێشتا ماویەتی ئەوەی ئومێدی لێدەکرێت بۆ هەڵگرتنی چەوساوەیی لەسەر بەشێکی زۆری کچانو ژنانی کورد، بێتەدی. ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە کە گرنگترینیان چەقبەستوویی عەقڵیەتی کۆمەڵگەو بەهێزیو پتەویی نەریتە کۆنەکانە، هەروەها نەبوونی ویستێکی دەستە جەمعییە بۆ هەنگاونان بەرەو یەکسانیکردنی تەواوی ئافرەت لە ئەركو مافدا لەگەڵ پیاوان یان بەلایەنی کەم دەستەبەرکردنی ئەو ئەركو مافانەی کە شایەنی ئافرەتە. بە هەمان شێوە رەنگە هەوڵو تەقەڵلای ئافرەتانیش لەو بوارەدا بەو رادەیە نەبێت کە ئەو ئامانجانە بێنێتەدی، چونکە زۆر کەس پێیوایە ئەو ژیانەی ئافرەتان کە پاشکۆیەتیی پێوە دیارە، تەنها لەسەر دەستی خودی ئافرەتان نامێنێ[9].

زیادبوونی رۆڵی ئافرەت لە ژیانی هاوچەرخی مرۆڤدا بە تایبەتی لە جیهانی پێشکەوتووی خۆرئاوادا، خەریکە رۆژنامەگەریی دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئافرەتانەوە چونکە 70٪ی داهاتی ئەو رۆژنامە هاوچەرخانە لەسەر ریکلام بە تایبەتیش ریکلامی بازاڕ وەستاوە، زۆرینەی ئەو کەسانەش کە ریکلامەکانیان

پێدەگات، ئافرەتانن، بۆیە لەو جیهانەی خۆرئاوادا، چیتر باوی ئەوە نەماوە پەیامە رۆژنامەوانیی و بازرگانییەکان بە تەنها ئاراستەی پیاوان بکرێت، بەڵکو زۆر پێویستە هەموو رۆژنامەیەك لە کاتی ئامادەکردنی پەیامەکاندا پێویستی و حەزو ئارەزووەکانی ئافرەتان لەبەرچاو بگرێت. تەرخانکردنی لاپەڕەو گۆشەی تایبەت بە ژنان لە رۆژنامەدا، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەت لە بەشەکان و لاپەڕەکانی تری رۆژنامە پشتگوێ بخرێت، بەڵکو شان بەشانی پیاوان و وەك رەگەزێکی هاوبەش لەگەڵ پیاودا، خۆی لە هەموو بەشەکانی تری رۆژنامەدا دەبینێتەوە جا چ لە بواری سیاسی، ئابووری، یا ئەدەب و هونەرو وەزرش هەر بوارێکی دیکەدا بێت[10].

لەو وڵاتانەدا کە رۆژنامەگەریی لەژێر کۆنترۆڵی ریکلام و بانگەشەی بازرگانیدایەو تا رادەیەك سەربەخۆیە بە پێچەوانەی ئەو کۆمەڵگەو وڵاتانەی جیهانی تازە پێشگەیشتوو کە رۆژنامەگەریی تێیدا لەژێر کۆنترۆڵی حزب و حکومەتە، بایەخی رۆژنامەگەریی تێیدا رەنگدانەوەی بارودۆخی ئافرەتە لەو کۆمەڵگایانەدا بە جۆرێك کە ئافرەت بۆتە رەگەزێکی زۆر گرنگی ژیانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیش[11].

گرنگترین خاڵ لە رۆژنامەگەریی ژناندا ئەوەیە کە بزانرێت کچان و ژنان چییان بەلاوە گرنگە، بایەخ بە چ بوارێك دەدەن، بێگومان پێویستی و حەزو ئارەزووەکانی ژنان لەگەڵ هی پیاواندا جیاوازیی زۆرە، بەلای ژنەوە مەسەلەی جوانکاری، دەستەبەرکردنی مافە بنچینەییەکانی، تەندروستی و دیکۆری ماڵ و هاوسەرو منداڵ زۆر گرنگن. بە تایبەتیش چونکە لە واقیعی سەردەمی ئەمڕۆدا ژن ئەرك و بەرپرسیارێتییەکی زۆرتری لەسەر شانە وەك لە پیاو، بۆ نموونە لە کاتێکدا پیاو تەنها دابینکردنی داهات و ئەرکی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵی لە ئەستۆدا بێت، ئەوا ژنان لە زۆر حاڵەتدا بەشێکی پەیداکردنی ئەو داهاتەی لە ئەستۆدایە، واتا هاوکاریی پیاو دەکات لە بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ، سەرەڕای ئەوەش پەروەردەکردنی منداڵ و ئامادەکردنی خواردن و جل شۆرین و پاك

کردنـەوەی مـاڵو هەڵبـژاردنو کڕینـی جلو بـەرگو دیکـۆری مـاڵو زۆربـەی وردەکارییەکانی دیکە لە ئەستۆی ژناندایە.

بەشـێوەیەکی گشـتی، رۆژنامەگـەریی ئافرەتـان بـەر لەسـاڵی 1991 بەشـێوەیەکی بەرچـاو بـوونی هـەبووە، ئـەوانیش، مەسـەلە نەتەوایەتییەکـەی لێدەرچـێت هـەمان سروشـتی رۆژنامەگـەریی دوای ئـەو مێـژووەیان هەیـەو تـا ئێستاش لەسەر ئەم رێچکەیە دەڕۆن، زۆربـەی هـەرە زۆری رۆژنامـەو بڵاوکراوە تایبەتمەنـدەکانی بـواری ئافرەتـان لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی رۆژنامەگـەریی کوردییـەوە، سـەر بە ئۆرگـانێکی ئافرەتانو ژنـانی حـزب یـا رێکخراوێك بـوون، ناتوانین بڵێین لەلایەن کۆمەڵێك ئافرەتی سەربەخۆوە دەرکراون ئەگەرچی شتی وایشـیان لەسـەر نووسـرابێ، تەنانـەت پیـاوان لـە زۆر رووەوە هاریکـاریی دەرکردنی بڵاوکراوەی ئافرەتانیان کردووە.

سروشتی رۆژنامەگەریی ژنان لە دوای راپەڕینیش، تا رادەیـەك لە سروشـتی بڵاوکراوەکـانی رۆژنامەگـەریی نهێنیـی تایبەتمەنـدەوە نزیکـە، بایـەخی بـە هەواڵـەکانی ژنـان داوەو کێشـەی ئافرەتـانی لـەخۆگرتووە. بـە گشـتی هێشـتا رۆژنامەگەریی ژنان لە کوردستاندا، لـە چوارچێوەیەکدا خـۆی قەتیس کـردووە کە ئەویش هوشیارکردنەوەی ژنانـە، نـەیتوانیوە ئـەو چوارچێوەیە ببـەزێنێتو بچـێتە قۆنـاغێکی تـر، ئەمـەش بێگومـان هۆکـاری خـۆی هەیـە کـە گرنگترینـی ئەوەیـە هێشـتا ئـافرەت لـەڕووی مـافو ئەرکەکانییـەوە نەگەیشـتوونەتە ئاسـتی پێویست، هەرچەندە ئەوەش تا رادەیەك رێژەییەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تـر دەگۆڕێـت، بـۆ نموونـە ئەگـەر لـە شـارە گەورەکانـدا تـا رادەیـەك ئافرەتـانو پیـاوان لـە زۆر شـتدا لەگـەڵ یـەکتری یەکسـان بـن، ئـەوا لـە ناوچـەیەکی وەك گەرمیان کە کارەساتی ئەنفالی بەسەردا هـاتووە، هێشـتا ژنـان لەهەنـدێ شـوێنی ئـەو ناوچـەیە لەمافـە هـەرە سـەرەتاییەکانیان بێبەشـن. بۆیـە ئەمـە وایکـردووە رۆژنامەگـەریی ژنـان هێشـتا تـەرکیز بکاتـە سـەر لایـەنی چەوسـاوەیی ژنـانو مافـەکانیانو هوشـیارکردنەوەیان لـە نەریتـە دواکـەوتووەکانی کۆمەڵگـە کـە زیانیان پێدەگەیەنێت[12].

لــە ڕۆژنامەنووســیدا لــە کوردســتان، بــە ســێ ئاســت تایبەتمەنــدی لــە ڕۆژنامەگەریی ژناندا هەیە:

یەکەم: ئەو لاپەڕانەی کە لە ڕۆژنامە گشتییەکاندا بۆیان تەرخانکراوە، لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەو هەفتانەدا بەدیی دەکرێت. هەرچەندەش ئەم لاپەڕانە تایبەتن بە ژنان، بەڵام مانای وا نییە لە لاپەڕەکانی دیکەدا قەڵەمی ژنان یا هەواڵو بابەت لەسەر ژنان نەبێت[13]، بۆ نموونە لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەفتانە جارێك یان زیاتر لاپەڕەیەك تایبەتکراوە بە کاروباری ژنان.

دووەم: پاشکۆی تایبەت بە ژنان کە لە چەند لاپەڕەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، لە ڕۆژنامە هەفتانەییەکاندا بەدیی دەکرێت، دوو هەفتە جارێك یان مانگانە دەردەچێت. وەك ئەو پاشکۆیەی هەفتەنامەی هەواڵ بەناوی (باران) مانگانە دەری دەکات لەبارەی کاروباری ژنانەوە.

سێیەم: کەناڵی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند، ڕۆژنامە یا گۆڤار تایبەت کراوە بە کاروباری ژنان[14]، وەك ژیانەوە، ڕێوان و هتد...

بەشێوەیەکی گشتی دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە بایەخو پێویستییەکانی ژنــان تــەنها خــۆی لــە هوشــیارکردنەوەو ڕێنــوێنی کــردنو دەرخســتنی نەهامەتیەکانیاندا نابینێتەوە ئەگەرچی ئەمە شتێکی زۆر گرنگیشە، بەڵام زۆر بواری دیکە هەیە کە بەلای کچانو ژنانەوە زۆر گرنگەو لە ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەندی ژنان لەسەردەمی ئەمڕۆدا بایەخی پێدەدرێ:[15]

1-کاروباری جوانکاری: ماکیاجکردنو بۆنو جۆری بەستنو چاککردنی قژو بەکارهێنانی کرێمو دەرمانی گونجاو بۆ جوانکردنی پێست، بەلای ژنانەوە زۆر گرنگە، بە تایبەتی کە ئافرەت کاتێکی زۆر لەبەردەم ئاوێنەدا بەسەر دەباو زۆر بایەخ بە جوانیی خۆی دەدات. ئەم بوارانە لەڕووی چۆنیەتی بەکارهێنانو نرخەکانیو تازەترین بەرهەمی جوانکاری دەخرێنەڕوو.

2-کاروباری مەتبەخو چێشت لێنان: بەهۆی ئەوەی لە ماڵەوە چێشت لێنان بە زۆری کاری ژنی ماڵە، بۆیە ئەم بوارە گرنگیەکی زۆری بۆ ئافرەتان هەیە، ڕۆژنامەگــەریی تایبەتمەنــد بــەم بــوارەی ژنــان نابێــت هــەر بەتــەنها ئــەرکی

پێشکەشکردنی ڕێنمایی و شێوازی ئامادەکردنی جۆرەکانی چێشت بێت، بەڵکو دەبێ ئامۆژگاریی ژنان بکات کە کام جۆری خواردن بۆ لەشی خۆی و هاوسەری و منداڵەکانی باشەو کامەیان نابنە هۆکاری دروستبوونی نەخۆشیەکان. بە هەمان شێوە مەتبەخ تەنها مانای چێشت لێنان ناگەیەنێت بەڵکو پێداویستی و دوایین داهێنانی کەلوپەل و تەکنەلۆژیای ناو مەتبەخ دەگرێتەوە کە یارمەتیی ژنان دەداو ئەرکی سەرشانیان سووکتر دەکات و بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژنامەگەریی ژنان لەم بوارەدا، وێڕای ئاشناکردنی ژنان بەم داهێنان و پێداویستییانە، لە هەمان کاتدا ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی پێویست پێشکەش دەکەن بۆ سوودەکانی و نرخ و هەروەها چۆنیەتی بەکارهێنانی.

3-کاروباری کەلوپەل و دیکۆری ناو ماڵ: لە کاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و دواتریش، ئافرەت خۆی کەلوپەلەکانی ناو ماڵ و دیکۆرەکەی هەڵدەبژێرێت، کە نوێشی دەکاتەوە، بە زۆری خۆی هیتر هەڵدەبژێرێت، بۆیە ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەم بوارەدا دەتوانێ یارمەتیەکی گەورەی ژنان بدات لە هەڵبژاردنی باشترین و جوانترین و هەرزانترین کەلوپەل و دیکۆر. ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەم بوارەدا، پێویستیی بە پسپۆڕو شارەزای ئەم بوارە هەیەو هەروەها دەبێ ئاگاداری دواترین داهێنانی دیکۆرو کەلوپەلی ناوماڵ بێت تا لەڕێگەی ڕۆژنامە یا گۆڤارەکەوە ئافرەتانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

4-کاروباری جل و بەرگ و کەشخەیی: لەسەردەمی ئەمڕۆدا ژمارەیەکی زۆری گۆڤارو ڕۆژنامەی تایبەتمەندو تەنانەت چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و ئینتەرنێتی هەیە کە تایبەتن بە دوایین مۆدێلی جل و بەرگ و نرخەکانیان و گونجانیان لەگەڵ وەرزەکان. ڕۆژنامەگەریی تایبەت لەم بوارەدا بە تەنها لەم سنوورەدا ناوەستێ، بەڵکو یارمەتیی ژنان دەدات کە فێری هەڵبژاردنی ڕەنگ و جوانترین جل و بەرگ بن کە لەگەڵ باڵاو شێوەی لەش و ڕوخساریشیان بگونجێت، هەروەك یارمەتیان دەدات فێری ئەوەبن کە خۆیان کاری دروستکردنی جلوبەرگ و دروومان بن.

5-هاوسەرگیری و پەیوەندیی ژن بە هاوسەرەکەیەوە: ئەم بوارە یەکێکە لەو مەسەلانەی کە بەلای ژنانەوە زۆر گرنگە، رۆژنامەگەریی تایبەتمەند ئەرکێکی گەورە دەبینێ لە یارمەتیدانی ژنان بۆ چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرەکانیان بە جۆرێك کە ببێتە مایەی پاراستنی خێزان و هاوسەرگیریی و هێنانە کایەی خۆشترین ژیان. رۆژنامەگەریی ئەم بوارەی ژنان، هەر تەنها ئافرەتان نایخوێننەوەو بایەخی پێنادەن، بەڵکو پیاوانیش بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ژنان و شارەزابوون بە جیهانی پڕ لە نهێنیی ژنان، ئەم بڵاوکراوانە دەخوێننەوە کە تایبەتن بەو بوارە.

بەشێوەیەگی گشتی سێ دیدگا لە رۆژنامەگەریی ئەم بوارەدا هەیە[16] کە بە گوێرەی سیاسەتەکانیان و ئەو رێکخراوو حزب و لایەنانەی لە پشتیانەوەن، دەگۆڕێن، تێڕوانینێکیان پێیوایە هێشتا پیاوو ژن رکابەری یەکترن و پیاوان ژن دەچەوسێننەوەو داوای یەکسانیی تەواو دەکەن لە مافەکاندا. ئەمجۆرە بە زۆری مەبەستی سیاسیی لە پشتەوەیەو هەوڵدەدات لەڕێگەی هێشتنەوەی هەستکردن بە زوڵم لێکراویی لەلایەن ژنانەوە، خۆیان ببەنە پێش و دەستکەوت بەدەست بهێنن.

یەکێکی تر لەو تێڕوانینانە پێیوایە کە پیاو لەگەڵ ژندا هاوبەشن لە ژیان نەك رکابەری یەکتر، ئەو تێڕوانینە هەوڵدەدات لەڕێگەی زمانی نەرم و میانڕەو پیاوانیش بخاتە سەنگەری ژنانەوە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان، ئەم تێڕوانینە پێیوایە زۆربەی ئەو مافانەی کە بۆ ژنان دەستەبەرکراوە لەلایەن پیاوانەوە هەوڵی دابینکردنی دراوە.

تێڕوانینەکەی تر لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەندی بواری هاوسەرگیری و پەیوەندیی ژن بە پیاوەوە، پێیوایە کە کێشەکانی نێوان پیاوان و ژنان چارەسەرکراوەو خەباتی ژنان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا گەیشتۆتە ئەنجام و هیچ دواکارییەکی تریان نییە، بۆیە لەو کۆمەڵگایانە رۆژنامەگەریی زیاتر بایەخ بەو لایەنانە دەدات کە دەبێتە مایەی خۆشباری و بەسەربردنی ژیانێکی خۆش بۆ ئافرەتان.

6-کاروباری تەندروستی: جیهانی ئافرەت، بە هۆی جیاوازیی پێکهاتە بایۆلۆژییەکەی لەگەڵ پیاوانو هەروەها بە هۆی منداڵبوون، نەخۆشییەکانیشی جیاوازنو زۆرترن وەك لە پیاو، زووتر دووچاری نەخۆشیش دەبنەوە، هەروەك پاراستنی تەندروستیی منداڵەکانیش هەر لە ئەستۆی دایکدایە، بۆیە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بەم بوارە دەتوانێت رۆڵێکی زۆر کاریگەر ببینێت بە رێوشوێنەکانی خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانو ئاشنا بوون بە مەترسییەکانو دەرئەنجامەکانی، هەروەها پێشکەشکردنی باشترین رێنماییو ئامۆژگاریی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشیەکان لەکاتی تووشبوونیداو پێشکەشکردنی باشترین پەروەردەی تەندروستی بە منداڵەکانیان.

ئەم بوارەی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندی ژنان پێویستیی بە پسپۆرو شارەزایی پزیشکی هەیە کە بتوانێت بە باشترین شێوە پەیامەکان ئامادە بکات، وا باشترە پزیشکی ئافرەت ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ چونکە ژن شارەزایی زیاتری لەسەر نەخۆشی و جۆری نەخۆشییەکانی ژنان و چارەسەرکردنیان هەیە.

7-کاروباری ژنی کارکەر: بەهۆی بەشداریکرنی ئافرەت شان بەشانی پیاو لە زۆربەی ئەرکەکانیدا، وای لێهاتووە زۆربەی ناوەندەکانی کار هاوشێوەی پیاوان، ژنانیش لەخۆ بگرێت. رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەم بوارەدا دەتوانێت هانی ژنان بدات کە بەردەوام بن لەسەر ئەو ئاڕاستەیەو بەشداریکردن لە ژیانی راستەقینە کە ئەویش کارکردنە شان بەشانی پیاوان، رۆژنامەگەریی دەتوانێ باشترین رێنمایی پێشکەش بە ژنان بکات تا بتوانن لەگەڵ بارودۆخی کارەکانیان هەڵبکەنو دووچاری کێشەو گرفت نەبنەوە.

رۆژنامەگەریی لە بواری ژناندا، بۆ ئەوەیە خزمەت بە ژن بکات، بۆ ئەوەش چەند خاڵێك هەیە پێویستە رۆژنامەوانانی ئەو بوارەو سەرپەرشتیارانو ئامادەکارانی پەیامەکان رەچاوی بکەن[17]:

—پێویسته ڕۆژنامەگەریی تەرکیز بخاتە سەر ئەو مەسەلانەی کە ئەولەویەتن بە نیسبەت ئافرەتی سەردەمەوەو هەموو ئەو شتانە لە خۆ بگرێت کە شتی زیندوون.

—ئەو ڕۆژنامەگەرییە تایبەتمەندیی ئافرەت لە جیهانێکی وەکو جیهانی تازەپێگەیشتوو پشتگوێ نەخاتو هەڵپەهەڵپ نەکات بەدوای ئەجێندای خۆرهەڵاتیی کە زۆر جیاوازە لە هی ئێمە.

– دەبێت بەشی زۆری ماوەو ڕووپەڕی ئەو ڕۆژنامەگەرییە تەرخان بکرێت بۆ ئەو پەیامانەی کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەو ئافرەتو خێزانن.

—پێویستە بایەخی زۆر بدرێت بە ئافرەتی لادێو دێهاتەکانو کێشەو گرفتو پێداویستییەکانیان.

—بایەخ بە لایەنی ڕووناکبیریو فەرهەنگی ئافرەتان بداتو پەیامەکان تەنها لە چوارچێوەی ماڵو خێزان یا بایەخی لاوەکی قەتیس نەمێنێن.

—نابێ ڕۆژنامەگەریی ژنان لایەنگیریی پێوە دیار بێت بەلای هیچ توێژو گرووپێکی دیاریکراوی ژنان بە تایبەتی لە شارەکاندا، یاخود ئاڕاستەی توێژی ژنانی سەرەوە یا دەوڵەمەند بکرێت، بەڵکو پێویستە هەموو توێژێکی ژنان بە یەك چاو سەیر بکرێن لە ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەنددا.

—نابێ لە ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەندی ئافرەتان بەچاوێکی وا بڕوانرێتە کچانو ژنانو ڕۆڵەکانیان وەك مێینەو هاوسەرو ڕۆڵیان لە بواری گشتی یاخود کێشەکانیان پشتگوێ بخرێت.

بەشێوەیەکی گشتیش لەڕووی ڕێبازی کارەوە پسپۆران دوو جۆر لە کەناڵی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەندی ژنانیان دەست نیشان کردووە[18]:

یەکەم: ئەو ڕۆژنامەگەرییەی کە بەشێوەیەکی سیاسییانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی ژناندا دەکاتو بەدوای کێشە سەرەکیەکانیو یاسای باری شارستانیو وێنەی ئافرەت لە میدیاو بێ کاریو ڕۆڵی ئافرەت لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا دەچێت.

دووەم: وێنـــەی ئـــافرەتی موســـتەهلیكو هاوشـــێوەی ئـــافرەتی خۆرئـــاوایی دەخاتەڕوو لەرووی حەزو ئارەزوو و پێوەرەكانی جوانیو كێشو بالاو مەسـەلە لاوەكییـەكانی دیكـە كـە ئەمانـە زۆر گـرنگ نـین بـۆ ئـافرەتی جیهـانی تـازە پێگەیشتوو.

رۆژنامەگـەریی ئافرەتـان لـە كوردسـتان، لەگـەڵ فراوانیـی بوارەكـەی، بـۆی نەكراوە وەكو پێویست راستەوخۆ لە كێشەكانی ئافرەتـان بكۆڵێتـەوە، بە زۆری هــەواڵی لــە خۆگرتــووە، هەواڵــەكانیش هــی چــالاكییەكانی رێكخراوەكــانی ئافرەتانـەو هـەروەها هـی رووداوە ناخۆشـەكان كـە بەسـەر ئافرەتانـدا دێـت، ریپۆرتـاژو وتـارو گفتوگـۆی رۆژنامەوانیشـی لـە خۆگرتـووە، بـەلام تـا ئێسـتا لێكۆڵینــەوە یــا توێژینەوەیــەكی زانســتی ئــەوتۆ نــەكراوە كــە زانســتیانە لــە كێشەكانی ئافرەتان بكۆڵێتەوەو پێشنیازی چارەسەرو ژیانی باشتر بۆ ئافرەتان بكات. زۆربەی ئەو رۆژنامەگەرییە پاشكۆی حزبەكانن بۆیـە سیاسـەتو رێبـازی ئەو حزبانـەش پێیانـەوە دیـارە. بـەر لـە راپـەڕینیش ئـەو بلاوكراوانـەی تایبـەت بوون بە ژنان ئەگەرچی بەشێوەیەكی گشتی لە سروشتی رۆژنامەگەریی ژنان لە دوای راپەڕین نزیكە، بەلام ئەوەندە نەبێ كە سروشتی شۆڕشگێڕیی زیاتر تێیدا زاڵ بووە.

گرنگترین ئەو بلاوكراوانەی بەر لە راپەڕین لـە رۆژنامەگـەریی ژنانـدا هـەبوون بریتی بوون لە:

–ئافرەت: پازدە ژمارەی لێدەرچووەو بە زمانی كوردیو عەرەبی بووە، یەكەم ژمــارەی لــە مــانگی مایســی ســاڵی 1959دا دەرچــووەو ئۆرگــانی یــەكێتی ئافرەتانی عیراق بووە[19].

–خەباتی ئافرەتان: بلاوكراوەیەكی تایبەت بە ئافرەتان بووەو 2 تا 3 دانـەی لێدەرچـووە، بایـەخی بـە هـەواڵی ئافرەتـان داوەو هـەروەها وتـاری سیاسـیو رۆشـنبیری گشـتیو كێشـەی ئافرەتـانی تێـدابووە، لەسـەری نووسـراوە لەلایـەن كۆمـەڵێك ئافرەتـانی عیراقـەوە دەردەچێت. وەك لـە سـەرەوەی لاپـەڕەی یەكـەمی دەردەكەوێت، دروشمەكەی بریتی بووە لە: "یەكسانی بۆ ئافرەتان، بەختەوەری

بۆ منداڵان لە عیراقێکی دیموکراتدا". ژمارەی یەکەمی لە ناوەڕاستیساڵی 1986دا دەرچووە[20].

–تەوار: گۆڤاری تەوار کە تایبەت بووە بە ژنانو لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستان دەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە 1ی ئاداری 1990دا دەرچووەو تا راپەڕینی ئاداری 1991 دوو دانەی لێدەرچووە، شەش مانگ جارێک ژمارەیەکی لێدەرکراوە، لەدوای راپەڕینیش چەند دانەیەکی لێدەرچووە[21].

لە دوای ساڵی 1991 زیاتر بایەخ بە بواری ژنان دراوە لە رووی میدیاوەو چەندین بڵاوکراوەی وەك گۆڤارو رۆژنامەی تایبەت بە ژنان دەرچوونو هەروەها چەندین کتێبیش لەسەر ئەو بوارە نووسرانو وەرگێڕدران.

## بواری منداڵان

جیهانی منداڵ، جیهانێکی تایبەتەو سەرتاپای مرۆڤایەتیی بەم قۆناغەدا تێپەڕیوە، منداڵ بەرلەوەی بگاتە تەمەنی یاسایی کامڵ بوون کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان لە هەژدە ساڵاندایە، بە چەند قۆناغێکی تەمەنیی جیادا تێدەپەڕێت کە هەر قۆناغێکیش پێداویستیو بارێکی جیایە لەوی تریان لەڕووی گەشەی عەقڵیو جەستەییو دەروونیو بایۆلۆژیشدا، گەورەکانیش بە تایبەتی باوان بەرەچاوکردنی ئەم قۆناغانەی تەمەنی منداڵ، شێوازی مامەڵەو هەڵسوکەوتو دواندنو پەروەردەکردنو فێرکردنیان بۆ منداڵەکانیان دەگۆڕێت.

منداڵ لە یەك مانگییەوە تا تەمەنی دەگاتە ساڵێك، لەو ماوەیەدا بە شێوازێکی زۆر تایبەت لەلایەن باوانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت کە لەگەڵ ئەو تەمەنەدا بگونجێت، بە هەمان شێوە لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەنی منداڵدا، شێوازی پەروەردەو مامەڵەی باوانو گەورەکان لەگەڵیاندا دەگۆڕێت. منداڵ لە نێو کۆمەڵو دەوروبەرەکەیدا، بەردەوام رووبەڕووی کاریگەریی خەسڵەتو مامەڵەو شێوازی ژیان دەبێتەوە چ لەڕێگەی ئەوەی دەیبینێ یا دەیبیستێ یا تامو بۆنو هەستی پێدەکات، بە تایبەتیش لەبەرئەوەی منداڵ مێشکێکی تا رادەیەك بەتاڵو ئامادەی هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری ژیانو دابونەریتو هەڵسوکەوتەکان، بۆیە منداڵ هەمیشە لەژێر کاریگەریی کەشو بارودۆخی دەوروبەرەکەیدایە کە بریتییە لە خێزانو کۆڵانو مەکتەبو ..هتد.

پڕۆسەی گەشەکردنی منداڵ پڕۆسەیەکی داینامیکییەو بەچەند قۆناغێکی جیادا تێدەپەڕێت لەڕووی کاریگەریو خێراییو ئاڕاستەی ئەم کاریگەرییە[22]، لەکاتی گەشەکەشدا خەسڵەتی دیارو تایبەت بەو ماوەیەی تەمەنی منداڵ، لە

منداڵەکەدا دەردەکەوێت و تێیدا هەنگاو بە هەنگاو توانای عەقڵی و جەستەیی پەیدا دەکات کە کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوت و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەی دەبێت.

لەپرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ، جگە لە باوان کە رۆڵێکی سەرەکی دەبینن، کەناڵەکانی راگەیاندنیش رۆڵی گرنگیان هەیەو هەوڵ دەدەن بە باشترین و دروستترین و ئاسانترین شێوە منداڵ پەروەردەو فێر بکەن.

لەرۆژگاری ئەمڕۆدا، لە جیهان بە تایبەتی لە خۆرئاوا بایەخێکی زۆر بە منداڵ دەدرێت لە هەموو روویەکەوە، لە دەرئەنجامی ئەوەشدا، رۆژنامەگەرییەکی تایبەت بە منداڵان سەری هەڵداوە کە ئەرکێکی گرنگ لەپەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵان هاوشانی باوانیان بەجێدەهێنێ، بە چەندین کەناڵی جیاواز پەیامی ئامادەکراو لەسەر بنەمایەکی زانستی ئاراستەی منداڵان دەکرێ، بەمەش میدیای تایبەتمەند یارمەتیەکی زۆری باوان دەدات لە پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیان و زۆر ئەرك لەجیاتی ئەوان جێبەجێ دەکات.

هەمدیس ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤایەتی و فراوانبوونی بواری فەرهەنگ و مەعریفەو پێشکەوتنی زانست و زیادبوونی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە تایبەتمەندبووندا، وایکردووە بە تەنها ژینگەی ماڵ و مەکتەب نەتوانێ پێداویستیی راستەقینەی منداڵ لەو سەردەمە پێشکەوتووەدا بەجێبهێنێ کە رۆژانە داهێنانی نوێ و بواری نوێ لە ژیاندا دێتە ئاراوە. بۆیە رۆژنامەگەریی کە لەسەردەمێکدا تەنها بۆ گەورەکان دەرچووەو پەیامەکانیشی هەر بۆخەڵکی پێگەیشتوو بوو، ئیتر رووی موخاتەبەکردنی بەرەولای منداڵانیش گۆڕی و چەندین بڵاوکراوەو بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی بەرهەم هێنا کە لەڕاستیدا کاریگەریی زۆر گەورە لەسەر منداڵان جێدەهێڵن.

لەکاتێکدا منداڵ جیهانێکی تایبەت و زۆر هەستیارو ناسکی هەیەو لە رووی تەمەنیشەوە بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، بۆیە پێویستە لە میدیای

تایبەتمەند بە منداڵانو ئەو پەیامانەی ئامادە دەكرێن چەند بنەمایەك رەچاو بكرێن[23]:

یەكەم: پێویستە پەیامەكە لەڕووی شێوازو ناوەرۆكیەوە لەگەڵ خەسڵەتو تایبەتمەندیو توانا جەستەییو عەقڵیو كۆمەڵایەتیو دەروونیەكانی منداڵ بەگوێرەی هەر قۆناغێكی تەمەنی بگونجێت.

لە هەندێ سەرچاوەشدا قۆناغەكانی تەمەنی منداڵ كە میدیای تایبەتمەندی ئاڕاستە دەكرێت، بۆ سێ قۆناغ دابەشكراوە:

أ-لە سێ ساڵانەوە تا پێنج ساڵان: لەم قۆناغەدا پێویستە پەیامەكان بابەتی وێنەیی سادەی رەنگاو رەنگ بن كە چیرۆكو رووداوو دیالۆگی سادەو ساكار لەخۆدەگرێت.

ب-لە شەش تا دوانزە ساڵان كە تێیدا بایەخ بە وێنەو نووسینیش دەدرێت.

ج-لە دوانزە بۆ حەڤدە ساڵان: لەم قۆناغەشدا بە زۆری پەیامی ئامادەكراو ناوەرۆكەكەی نووسراوە لەگەڵ بەكارهێنانی وێنە لەپاڵیدا.

لەهەر یەكێك لەم قۆناغە تەمەنیانەدا، منداڵ توانای جەستەییو دەروونیو عەقڵیی جیاوازی هەیە، بەردەوامیش لەگەشەكردندایە، بۆیە پێداویستیو خەسڵەتو حەزو ئارەزووەكانیشی لە گۆڕاندان، ئەمەش دەخوازێ پەیامی ئاڕاستەكراو بۆ منداڵ، تایبەتمەندییەكانی هەر یەكێك لەو قۆناغانە لەبەرچاو بگرێت.

دووەم: گرنگە زمانو شێوەی داڕشتنی ئەو پەیامەی ئاڕاستەی منداڵان دەكرێت، توانای منداڵ لەبەرچاو بگرێت لەڕووی توانای خوێندنەوەو تێگەیشتنو زمانەوانی، واش باشترە هەردەم لایەنی جوانكاریو هونەریی بابەتەكەش بەهێند وەربگیرێت.

سێیەم: جۆری كەناڵەكە: هەر كەناڵێكی راگەیاندن تایبەتمەندیو خەسڵەتو توانای كاریگەریی جیاوازی هەیە، پێویستە بە باشترین شێوە سوود لە توانای كاریگەریی ئەو كەناڵانە وەربگیرێت كە كاریگەریی گەورەو زیاتر لەسەر منداڵ دروست دەكەن.

مامەڵــەکردنی میــدیا لەگــەڵ بــواری منداڵانــدا، بــە زۆری لەڕێگــەی ئــەم بابەتانەوەیە(چــیرۆك، شــیعرو هــۆنراوە، خۆشــباریو کــات بەســەربردن، رۆشنبیریی گشتیو پەروەردەی تەندروستی، فێرکردن).

لای هــەموو کۆمەڵگەیــەك، منــداڵ بایــەخێکی زۆری هەیــە، بۆیــە لــە میــدیای بینــراوو نووســراوو بیســتراویش بایــەخێکی زۆری پێــدەدرێت، لــە هــەرێمی کوردســتان لــە هــەردوو کــەناڵی بینــراوو نووســراویش بایــەخی زۆر بــە منــداڵ دەدرێــت، لــە تەلــەفزیۆن ماوەیــەکی بــاش بــۆ منــداڵان تــەرخان کــراوە کــە تێیــدا فیلمی کارتۆنیو گەلێجار سینەماییو بەرنامەی جۆراجۆری تایبەت بە منــداڵان پێشــکەش دەکرێــت، بــە هــەمان شــێوە لــە میــدیای جــەماوەریی نووسراویشــدا پاشــکۆ یــا لاپــەڕەی تایبــەتو کــەناڵی ســەربەخۆی بــۆ تــەرخانکراوە، کتێــبو نامیلکەی وەرگێڕدراوو وێنەدارو گۆڤاری مانگانەو وەرزیی منداڵان هەن. بەر لە ساڵی 1991یش بڵاوکراوە بۆ منداڵان دەرکراوە بەڵام ئەو بڵاوکراوانە ئەوەندە بەلای منداڵانــەوە ســەرنج راکێش نــەبوون بــە تایبــەتی چــونکە وێنــەو رەنگیــان کــەمبووە کــە ئــەوە هۆکــاری ســەرەکیی ســەرنج راکێشــانی منداڵــەو جگەلــەوە بــە شــێوەیەکی فــراوان نەگەیشــتۆتە دەســت منــداڵانو ژمارەیــەکی کــەمی لــێ چــاپکراوە، بــۆ نموونــە بڵاوکــراوەی ئەســتێرە ئۆرگــانێکی حزبیــی یــەکێتیی نیشــتمانی کوردســتان لــە 1-2-1983 ژمارەیــەکی لێــدەرکردووە، هــەروەها هــەمان ئۆرگــانی یــەکێتی لــە کــانونی دووەمــی هــەمان ســاڵدا بڵاوکراوەیــەکی زانستیی تایبەت بە منــداڵانیان دەرکــردووە بــە نــاوی "سروشــت" کــە تــەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دواتر لە ساڵی 1985لەلایەن لقی کەرکوکی یــەکێتی نووســەرانی کوردســتان گۆڤــاری "گزنکــی بچــووکان" دەرکــراوە، پاشــکۆیەکی سەربەخۆی تایبــەت بــووە بــە منــداڵان، ژمــارەی ســێیەمی کــە دوا ژمارەیــەتی لــە ئــەیلولی هــەمان ســاڵدا دەرچــووە، هــەروەها لــە ســاڵی 1972-یــش گۆڤــارێکی دیکــەی منــداڵان دەرچــووە لــە ســلێمانی بــە نــاوی "ئەســتێرە" کــە لەســەری نووســراوە پاشــکۆی رۆژی کوردســتانە، ئــەم گۆڤــارە پاشــان بــوو بــە هــی بەڕێوەبــەرێتی رۆشــنبیری لــە بەغــداو دوو ژمــارەی لێدەرچــوو بــەڵام ژمــارەی

دووەمــی بڵاونەکرایــەوە[24]. لــە دوای راپــەڕین زیــاتر بایــەخ بــەم بــوارە درا، لــە ڕۆژنامەکانــدا پاشــکۆی تایبــەتی بــۆ تــەرخانکراو هــەروەها چــەندین گۆڤــاری تایبەتی بۆ تەرخانکرا. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم ڕۆژنامەنووسیەی منداڵانـدا لە هـەرێمی کوردسـتان ئەوەیـە کە بە شـێوەی پێویسـت فراوان نـەبووەو ئێسـتا نـەیتوانیوە خـۆی بسـەپێنێت وەك پێویسـتییەکی سـەرەکیی خێزانـی کـورد بـۆ منداڵـەکانیان، ڕۆژنامەگـەریی کوردی منـداڵان چـەند خـاڵێکی لاوازیـی هەیـە کـە گرنگترینیان بریتین لە:

–تیراژی چاپکردنی ئـەو گۆڤارو بڵاوکراوانـە زۆر کـەمن لـە ئاسـت داواکاریـی لەسەری‌و ژمارەی منداڵان لە کوردستاندا.

–زۆر لەو بابەتانەی لەو بڵاوکراوانەدا دەخرێنەڕوو، بابەتی کۆنن‌و زۆر بـەلای منداڵانەوە گرنگ نین.

–نەبوونی توانای تەکنیکی لە بواری وێنـە کێشـان‌و داڕشـتنی پەیامـەکان بـە جۆرێك کە لەگەڵ توانای وەرگرتنی منداڵاندا بگونجێت.

–زۆربەی ئەو شتانەی بڵاودەکرێنەوە، بە دیمـەن‌و چیرۆك‌و بابەتەکانیشـەوە، وەرگیراون لە سەرچاوەی بیانی، لەڕووی ناوەرۆکـەوە بەشـێکیان لەگـەڵ منـداڵی کورد ناگونجێن.

– خراپیـی لـە دابەشـکردن بـە جۆرێـك کـە ئـەو بڵاوکراوانـە تـەنها لـە چـەند شوێنێکی دیاریکراوی وەك شارە گەورەکان دابەش دەکرێن.

–هاوگونجان "هارمۆنیەت" لە نێوان بەشە جیاجیاکانی بڵاوکراوەکاندا نییە.

–تەمەن یا ماوەی دەرچوونی زۆر لەو بڵاوکراوانە کورتن.

–هـیچ مەبەسـتێك لـەو بڵاوکراوانـەدا بـەدیی نـاکرێن جگـە لـە سروشـتی کـات بەســەربردن‌و خۆشــباریی منــداڵ، واتــا پــەروەردەو ڕێنــوێنی کــردن‌و هوشیارکردنەوەی منداڵان کەمتر لەخۆدەگرێت.

–بابەتەکانی زۆر لەو بڵاوکراوانە بابەتی لاوازن، هەسـت دەکرێـت کـە لاوازیـی پێوە دیارە.

-بابەتەکان بەپێی جیاوازییان، بۆ هەموو فیئەیەکی تەمەنی منداڵان تەرخانکراوە، لە کاتێکدا منداڵ لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر ئاستی توانای تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان دەگۆڕێت.

## بواری خوێندکارو لاوان

ئەم بوارە لە رۆژنامەگەریی جیهانی و کوردیشدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، چونکە خوێندکارو لاوان داینەمۆی کۆمەڵگەن، داینەمۆی شۆڕش و راپەڕین و هەموو هەڵسانەوەیەکن، کۆڵەکەی سەرەکیی پێکهاتەی کۆمەڵن و گەورەترین توێژن لەناو زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، هەروەك هێزی کارکەری نێو کۆمەڵگەن.

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەو بوارەدا کە ئاڕاستەی قوتابیان و لاوان دەکرێت، لە زۆربەی بوارەکانی تردا دەوڵەمەندترە، ئەرکێکی گەورە بەدیی دەهێنێ لە ئاڕاستەکردن و رێنوێنی کردنی ئەو توێژەو گواستنەوەی چالاکی و داهێنانەکانیان و.. هتد.

زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەی تایبەتن بەو توێژە، لەلایەن ناوەندو رێکخراوەکانی خوێندکاری و قوتابی و لاوانەوە دەردەکرێن، ئەوانیش زۆربەیان وەك رۆژنامەگەریی لە بواری ژناندا لەژێر کاریگەریی ئاڕاستەو سیاسەتی ئەو رێکخراوو لایەنانەیە کە ئەو بڵاوکراوانە دەردەکەن.

وەك دەردەکەوێت لە کوردستاندا دوو دیدگا لە مامەڵەکردن لە بابەت و پەیامەکانی لاوان و خوێندکاراندا هەیە:

یەکەم: ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە کە لاوان و قوتابیان پێویستە رۆحێکی یاخی بوونیان بەرامبەر نەریت و بەها سواوو کۆنەکانی ناو کۆمەڵ و هەروەها

دەسەڵاتیش هەبێت کە دەبێ لاوان و خوێندکاران سەرقاڵە بن لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتووتر لە رووی کۆمەڵایەتی.

دووەم: ئەم ئاراستەیە لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە قەناعەت بە خوێندکارو لاوان بهێنێت کە ئەوان نەوەیەکن لە داهاتوودا دەسەڵات دەگرنە دەست و سەرکردایەتیی کۆمەڵ دەکەن، بەمجۆرە هەوڵدەدەن لەرێگەی بلاوکردنەوەی ئەو هەواڵ و چالاکییانەی کە لەژێر سایەی دەسەڵاتدا هەیانە، ئەوان تێکەڵ بە دەسەڵات بکەن.

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بۆ هەردوو بواری لاوان و خوێندکارییش، لە هەندێ حاڵەتدا جیاکراوەن و لە هەندێ حاڵەتیشدا یەك شتن، بەتایبەتیش بەشی هەرە زۆری لاوان لە وڵاتی ئێمەو جیهانی ئێمەدا خەریکی خوێندنن، بە هەمان شێوەش هەموو یا بەشی هەرە زۆری قوتابی و خوێندکارانیش ئەگەر منداڵ نەبن ئەوا لاون. لەم سەروبەندەشدا، رۆژنامەگەریی ئەم بوارەش بەپێی قۆناغەکانی خوێندن و قۆناغەکانی تەمەنی لاوان دەگۆرێت، ئەو رۆژنامەگەرییەی کە ئاراستەی خوێندکاران دەکرێت لە قۆناغی ئامادەیی یا ناوەندی جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو رۆژنامەگەرییەی کە ئاراستەی توێژی سەرووتر کە خوێندکارانی زانکۆن، دەکرێت، ئەوەش روون و ئاشکرایە کە خوێندکارانی زانکۆ لە هی ئامادەیی و ناوەندییەکان تەمەنیان گەورەترە.

هەندێ مەسەلە هەیە لە رۆژنامەگەریی ئەم دوو بوارەدا بایەخی زۆری پێدەدرێ ئەویش بەپێی جیاوازیی و رەچاوکردنی تەمەن چونکە مایەی گرنگی و بایەخی گەنجان و خوێندکارانن، وەك مەسەلەی وەرگیران لە زانکۆ، گۆڕانکاریی لە مەنهەجی خوێندن، وەرزش، زانیاریی لەسەر جیهانی زانست، مەسەلەی هاوسەرگیری، هەلی کارکردن لە دوای تەواوکردنی خوێندن، زەمالەی خوێندن، کێشەو گرفتەکانی نێو ئیدارەی پەروەردەو چەندینی تریش.

کەناڵی تایبەتمەند بەم بوارانە هەردەم دەبێ لە کاتی ئامادەکردنی پەیامەکان و بابەتەکان، ئەوەی لەبەرچاو بێت کە ئەو رەگەزانەی سەرنجی خوێندکاران و لاوانی پێ رادەکێشرێت، لەوانە جیاوازە کە سەرنجی مرۆڤی

تەمەنی گەورەتری پێ رادەکێشرێت، بۆ نموونە بەلای کەسانی تەمەن گەورە گرنگ نییە کە ئایا بەرگی پێشەوەی گۆڤارێك وێنەی کچێکی نیمچە رووتی لە خۆگرتبێت یا لاپەڕەی دواوەی رۆژنامەیەك هەمان شتی کردبێت، چونکە کەسانی گەورە لەڕووی تەمەنەوە زیاتر بایەخ بە شتی جددی دەدەن، وەك هەواڵی سیاسیو ئابووریو پێشهاتو رووداوێکی گرنگ، بەڵام دیمەنی ئەو کچە نیوە رووتە بەلای گەنجانو خوێندکارانەوە زۆر گرنگە.

ئەمجۆرە رۆژنامەگەرییە دوو جۆر بووە، جۆرێکیان ئەوانەن کە خوێندکارو لاوان دەریان کردووە بەڵام بڵاوکراوەیەکی گشتی بووە، جۆرەکەی تریشیان ئەوانەن کە لەلایەن لاوانو خوێندکارانەوە دەرچووەو تایبەتیش بووە بە توێژەکانی خۆیان.

بەر لە ساڵی 1991، لە رۆژنامەگەریی نهێنیو ئاشکراشدا، زۆرترین بایەخ بەو توێژە دراوە، ئەم بڵاوکراوانە بە تایبەتی لەسەر شێوەی گۆڤارو هەروەها لەسەر شێوەی رۆژنامەش دەردەچوونو گرنگترین ئەو بڵاوکراوانەش کەبەناوی لاوان یان خوێندکاران دەرکراون یان سروشتی ئەو توێژانەی هەبووە بریتی بوون لە:

-یادگاری لاوان: ساڵی 1933 لە بەغدا دەرچووە، بابەتەکانی ئەگەرچی زیاتر ئەدەبیو کۆمەڵایەتی رۆشنبیری گشتییە، بەڵام تایبەت بووە بە لاوانو لەلایەن کۆمەڵێك قوتابیە کوردەکانی کولیەو پەیمانگاکانی بەغدا دەرچووە[25].

-کوردستان: لەلایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا دەرچووە لە ساڵی 1958 [26].

-هیوای کوردستان: تشرینی دووەمی ساڵی 1959 یەکەم ژمارەی لێدەرچوو، شەش لاپەڕە بووەو مانگی دووجار دەرچووەو نزیکەی ساڵێك ژیاو تا 12 ژمارەی لێ بینراوە، لەژێرەوەی نووسراوە "هیوای کوردستان گۆڤارێکی وێژەییو کۆمەڵایەتیی قوتابیانە یەکیەتی قوتابیانی سلێمانی دەری ئەکات، لە چاپخانەی ژین چاپ ئەکرێت".

-دەنگی قوتابیان: ساڵی 1959 لە بەغدا دەرچوو، ساڵێك ژیاو چوار ژمارەی لیٚ دەرچوو، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی گشتیی عیراق بوو.

-دەنگی قوتابیان: ساڵی 1959، لقی کەرکوکی یەکێتی قوتابیانی عیراق بە هەرسیٚ زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی لەو شارە دەری کردووە، یەك ساڵیش نەژیاو چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچوو.

-ژیان: ساڵی 1960 ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی گشتی عیراق-لقی هەولێر دەری کردو بە تەنها دوو ژمارەی لێدەرچوو.

-خەباتی قوتابیان: ساڵی 1970 یەکەم ژمارەی لە بەغدا دەرچوو، ئۆرگانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، بە زمانی کوردی و عەرەبی و چەند ژمارەیەکی لیٚ بڵاوکرایەوە.

-ئاگر: گۆڤاری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان باڵی مەکتەبی سیاسیی بووە، ژمارە یەکی لە یەکی شوباتی ساڵی 1966دا دەرچووەو بابەتەکانی زیاتر لە هوشیاریی لاوان و بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمە دەدوا.

-خەباتی قوتابیان"نضال الطلبة": لیژنەی رۆشنبیریی ناوەندیی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لە ساڵی 1967 دەریکردووەو تا ساڵی 1975 بەردەوام بووەو "13" ژمارەی لێدەرچووە، گۆڤارێکی فیکری خوێندکاریی گشتی بووە، بابەتەکانی بە زۆری لە خەباتی قوتابیان دواون.

-رێبازی قوتابیان: یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لقی سلێمانی لە ساڵی 1972 دەریکردووە.

-پێشڕەو: یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لقی کەرکوك لە ساڵی 1960 دەریکردووە.

-دەنگی قوتابیان: یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لقی هەولێر لە ساڵی 1973 دەریکردووە.

-رزگاری: یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لقی دیالە لە ساڵی 1971 دەریکردووە.

-المشعل الوضاء: لقى دهۆك-نەینەوای یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق لە ساڵی 1974 دەریکردووە.

هەروەها یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستان لە ماوەی تەمەنیدا چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکی تریان بە ناوی دەنگی قوتابیان و لاوان، دەنگی قوتابی و هیتریش دەرکردووە[27].

-دەنگی کۆمەڵە: لەلایەن دەستەی گشتی ئیدارەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا دەرچووە، لە کۆتاییەکانی ساڵی 1969 دەرچووە.

-بڵێسە: لە دەرەوەی وڵات کۆمیتەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەسەرەتای ساڵی 1978 دەریکردووە.

-تێکۆشانی قوتابیانی کوردستانی: یەکێتی گشتیی قوتابیانی کوردستانی عیراق دەریکردووە لە ساڵی 1982، نزیکەی 7 ژمارەی لێدەرچووە.

-ڕێبازی خوێندکاران: گۆڤاری یەکێتی خوێندکارانی کوردستان بووەو لە ساڵی 1981 دەرچووەو نزیکەی 12 ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

-ڕۆژا لاوان، گازیا خوێندکارو لاوان: سەرەتا لە مانگی ئاداری ساڵی 1983 بە ناوی "ڕۆژا لاوان"دەرچوو، 3 ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، دواتر لە ژمارە چوارەوە ناوەکەی کرایە گازیا خوێندکارو لاوان و تا ئەیلولی هەمان ساڵ بەردەوام بووەو 41 ژمارەی لێدەرچووە، لە ژمارە 42ەوە لەسەر بڵاوکراوەکە نووسراوە "گازیا خوێندکارو لاوان گۆڤارەکا وەرزییە ژلایە هەردوو یەکێتیێن قوتابی و لاوێن لقێ دهۆك-نەینەوا دەردکەڤیت"، تا ژمارە 46 بەم شێوەیە بەردەوام بووەو دوا ژمارەی لە کانونی دووەمی ساڵی 1992 دەرچووە.

-پێشکەوتن"التقدم": ئۆرگانی یەکێتی قوتابیان و لاوانی دیموکراتی کوردستان-عیراق لە کانوونی دووەمی ساڵێ 1987 دەریکردووەو ژمارە (22)ی کە دوا ژمارەیە لە تشرینی دووەمی ساڵی 1990 دەرچووە، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991یش چەند ژمارەیەکی تری لێدەرچووە.

−راپــەڕینی خوێنــدکاران: گۆڤــارێکی یــەکێتی پێشــەنگی خوێنــدکارانی کوردســتان بــووە، لــە کۆتاییــەکانی ســاڵی 1987 دەرچــووەو 6 ژمــارەی لێدەرچووە تا ساڵی 1990.

−ژیــانی نــوێ: ئۆرگــانی ناوەنــدی یــەکێتی خوێنــدکاران و لاوانــی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە، ژمارە 1ی لە شوباتی 1989 دەرچووەو تەنها چوار ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە پاڵ بابەتـەکانی خوێنـدکاری و لاوان، بابەتی گشتیشی بڵاوکردۆتەوە.

−چـیا: یــەك ژمـارەی لێدەرچـوو لــە سـلێمانی لــە سـاڵی 1971، لەلایــەن دەستەیەك قوتابییەوە دەرچووە.

## بواری پەروەردەیی و زانست

ڕۆژنامەگەریی زانستی و پەروەردەیی لە جیهانی پێشکەوتوو و وڵاتانی تازە پێگەیشتووشــدا دەردەکــەوێت، هەردووکیشــیان لــە پێکهاتــەو نــاوەڕۆکی پەیامـەکان تـا رادەیـەك جیاوازییـان هەیـە. لـە جیهـانی تـازە پێگەیشـتوودا، ڕۆژنامەگـەریی پـەروەردەیی تایبەتمەند تـەرکیز دەکاتـە سـەر بەشـداریکردن لـە مەسـەلەی فێرکردنـی سـەرەتاو بنـەماکانی خوێنـدەواریی بـە منـداڵان و هـەروەها بەشــداریکردن لــە پرۆســەی نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری و یارمەتیــدانی ئــەو کەسانەش کە لە تەمەنێکی گەورەدا بەسەر نەخوێندەواریی خۆیاندا زاڵ بوون و هــەروەها پێشکەشــکردنی ڕۆشــنبیرییەکی سەرتاســەریی و ئاڕاســتەکردنی

سیاسیی و کۆمەڵایەتی و پاڵپشتیی کردنی پێکهاتەی پەروەردەیی سەرتاسەریی[28].

پرۆسەی رۆشنکردنەوەی بیرو هۆشی جەماوەر، بایەخێکی سەرەکیی هەیە لەلای سەرجەم هۆکارەکانی راگەیاندن، ئەمەش وا لە کاری رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە بواری پەروەردە دەخوازێت کە پێویستیی و گرنگیی خوێندنەوەو نووسین بخاتەڕوو کە بۆ هەموو کەسێك پێویستە، هەروەها بۆ چەسپاندنی ئەو ئامانجە نابێ رۆژنامەنووسی تایبەتمەندو ئامادەکاری بابەتە تایبەتمەندەکان پەنا بباتەبەر پاساوو بیانووی بیرمەندان و شاعیرانی کلاسیك کە لە پێناو کەسایەتیەکی رۆشنبیری تێگەیشتوو خەباتیان کردووە، بەڵکو لەرێی خستنەڕووی ئەزموونی خەڵکانی سادەوە کە لە تەمەنێکی گەورەدا فێری خوێندن و نووسینەوە بوون بەدییدێت، چونکە کاتێك باس لەو لایەنە تازانە دەکەن کە بۆ ئەو جۆرە خەڵکە کراوەتەوەو بەسەر زۆر کۆسپ و تەگەرەی ژیانیان بە هۆی فێربوونی خوێندن و نووسینەوە زاڵ بوون، ئەوا خەڵکانی تریش چاویان لێدەکەن و بەدوای خوێندن و فێربووندا وێڵدەبن و دەبێتە مۆدێل[29].

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لە بواری پەروەردەییدا، بە زۆری سەر بە دەسەلات، حزب یا رێکخراوە، واتا سەربەخۆ نییە، یاخود پرۆسەیەکی هەرەوەزییە، ئەویش لەبەرئەوەیە پرۆسەیەکە لە چوارچێوەیەکی سنووردارو دیاریکراودا خۆی دەبینێتەوەو تا رادەیەك توانای بەدەستهێنانی دارایی نییە لەڕێگەی فرۆشتن و ریکلامەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بۆ پارێزگاری کردن لە خوێنەران پێویستە رۆژنامەنووس و ئامادەکاری پەیام و بابەتە تایبەتمەندەکانی ئەو بوارە، پێشوەخت زانیاریی لەسەر بارودۆخ و عەقڵیەتی جەماوەرو گوزەرانی ئەو جەماوەرەو مەسەلەکانی تایبەت بە پەروەردەو وردەکارییەکانی هەبێت، لەسەر بنەمای پێویستیی خەڵکیش بابەتەکان ئامادە بکرێن.

کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن ڕۆڵێکـی گـەورە دەبیـنن لـە مەسـەلەی پەروەردەییـدا، دەتوانن کاریگەریی گەورە لەسەر خەڵك جێبهێڵن بـە جیـاوازیی ئاسـتی تەمـەن و رەگەزو توانای عەقڵییان. لە رۆژنامەگەریی کوردستاندا تەنانـەت بـەر لـە سـاڵی 1991-یـش، ئـەم بـوارە بایـەخێکی تارادەیـەك باشـی پێـدراوە، چـەندین بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی تایبەت بەم بوارە دەرکراوە کە ئامانج لێی هاندانی خـەڵك بووە لەسـەر خوێنـدن و پەرەپێدانی ئاسـتی زانین و زانستیان و هـەروەها پێکەشکردنی زانیاریی لەم بوارەدا بە ئاسانترین شێوە، ئەو بڵاوکراوانە لەلایـەن ئۆرگانـە جیاوازەکـانی حـزب و هـەروەها لەلایـەن خوێندنگـەو مامۆسـتایان و فەرمانگـەکانی پـەروەردەوە دەرکـراون و بەگشـتی تەمـەنیان زۆر کـورت بـووەو چەند ژمارەیەکی کەمیان لێدەرکراوە. زۆربەی بڵاوکراوەکان لـەو چوارچێوەیەدا تێکەڵەیـەك بـووە لـە بـواری پـەروەردەو زانسـت و هەنـدێجاریش هەنـدێ بابـەتی فیکری لە خۆگرتووە.

لەڕووی زانستییەوە، ئەو بڵاوکراوانـەی کـە تایبەتمەنـدن بـەم بـوارە گرنگیـی بەهەموو بوارێکی زانستیی دەدەن، هـەر لەزانیارییـە سـەرەتاییەکانی زانستەوە بگـرە تـا دەگاتـە تـازەترین زانیـاریی زانسـتی، زانسـتیش کـە خـۆی لەخۆیـدا بـوارێکی زۆر فراوانـە، بەسـەر چـەندین لقـدا دابـەش بـووە، زانسـتی ژیـان و زینـدەوەرزانی، زانسـتی کیمیـا، فیزیـایی، تەکنـەلۆژیاو گـەردوون و چـەندین بواری تریش، بڵاوکراوەی تایبەتمەند بەهەر یەکێك لەم بوارانە لەرۆژنامەگـەریی جیهاندا هەیە، بەڵام لەکوردسـتان ئەگـەر لـەدوای سـاڵی 1991یش بڵاوکـراوەی زانستی هەبێت، ئەوا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە پێشکەوتووەی کە بـۆ هـەر لقێکـی زانست، بڵاوکراوەیەکی تایبـەت دەربکرێت، بـەڵکو بەشێوەیەکی گشـتی بـووەو لەهەمان کاتدا لەگەڵ هەموو لقەکاندا مامەڵەکراوە.

گرنگترین ئەم بڵاوکراوانەی تا ساڵی 1991 دەرکراون بریتی بوون لە:

-گـزنگ: گۆڤارێکـە سـاڵی 1967 تاکـە ژمارەیـەکی لێدەرچـووە، لـەژێر ناوەکەیـدا نووسـراوە "گۆڤـارێکی قوتابخانەیـەو پـەروەردەیی سـاڵانەیە، قوتابخانەی مەناری کوڕان دەری ئەهێنێت".

-تیشك: ئەم گۆڤارە لە ساڵی 1969 لە لە هەولێر دەرچووەو لەسەری نووسراوە"گۆڤارێکی ساڵانەیە، قوتابخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان لە هەولێر دەری ئەکات"، دوو ژمارەی لێ دەرچووەو 64 لاپەڕە بووە.

-پەروەردەو زانست: ساڵی 1971 لە بەغدا دەرچووە، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستییە بە سێ مانگ جارێك دەردەچێت" و "بەڕێوەبەرێتی گشتیی خوێندنی کوردی بە کوردی و عەرەبی دەریدەکات"، شەش ژمارەی لێدەرچووە.

-رهێڵە: ساڵی 1971 لە هەولێر دەرچووە، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤارێکی رەوشن بیری و پەروەردەیی ساڵانەیە خوێندنگای دواناوەندیی کوڕانی هەولێر دەری دەکات بەسەرپەرشتیی مامۆستای زمانی کوردی".

-رابەر: ساڵی 1966 دەرچووە، لەلایەن هەندێ مامۆستای قوتابخانەی مەڵکەندییەوە دەرچووەو تەنها سێ ژمارەی لێدەرچووە.

-زانیاری: لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1970 لە بەغدا دەرچووە، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤارێکی زانستی گشتییە".

## بواری ئەدەبی و رۆشنبیری

رۆژنامەگەریی تایبەت بە ئەدەب، هەموو بوارەکانی ئەدەب دەگرێتەوە : چیرۆك، رۆمان، شیعرو پەخشانو دەقی شانۆ. بەدرێژایی مێژوو چ لەلای کورد یا لای نەتەوەکانی دیکە، رۆژنامەگەریی پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ ئەدەبدا هەبووەو تەنانەت لە زۆر حاڵەتدا تێکەڵاوی یەکتر بوون، لە رۆژنامەگەریی کوردییشدا زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی رۆژنامەیان دەرکردووە، یان ئەدیب بوون یا پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ ئەو بوارەدا هەبووەو لەژێر کاریگەریی ئەدەبدا بوون.

سەبارەت بەو تێکەڵاوی و ئەو پەیوەندییە پتەوەی نێوان ئەدەب و رۆژنامەنووسی، د. ادیب خضور لە کتێبی میدیای تایبەتمەندا چوار هۆکاری دەستنیشانکردووە[30]:

یەکەم/ یەکێتیی وەرگر: خوێنەری بنەڕەتیی و سەرەتایی رۆژنامە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی، لە بنەڕەتدا خوێنەرانی بواری ئەدەب بوون.

دووەم/ پشت بەیەکتر بەستن: ئەدەب پشتی بە رۆژنامەگەریی بەستووە بۆ گەیشتن بە خوێنەرانی لە کورترین ماوەو بە باشترین شێوەو بە زۆرترین کاریگەر لەسەر وەرگر. هەروەها رۆژنامەگەریی ئامرازێك بووە بە دەست ئەدەبەوە بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی نوخبەو فراوانبوونی بۆ ئاستی جەماوەری گشتی.

سێیەم/ کارلێکی هاوبەش: ئەدەب و رۆژنامەگەریی بەردەوام لە پەیوەندییەکی کارلێکی دەوڵەمەنددابوون کە رەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر

هەریەکـــەیان هـــەبووە، ئـــەدەب وای لـــە رۆژنامەگـــەریی کـــردووە زیـــاتر سەرنجڕاکێش و مرۆڤانەو بەرفراوانتر بێت، رۆژنامـە بەناوبانگەکان هـیچ کاتێك دوودڵ نەبوون لە بڵاوکردنـەوەی شـیعرو هـۆنراوەی شـاعیرێکی نـاودارو گـرنگ، کە بۆتە زیاتر بەربڵاویی خودی رۆژنامەکە.

بە هـەمان شـێوە رۆژنامەگـەریی وای لـە ئـەدەب کردووە زیـاتر واقیعـی بێت و زیـاتر نزیـك بێـت لـە مەسـەلەکانی ژیـان و کێشـەو نەهامەتیـەکانی مـرۆڤ و پێویستییەکانی. مێژووی ئەدەب ئەوە دووپات دەکاتـەوە کـە کورتـە چیرۆك لـە باوەشـی رۆژنامەنووسـیدا گەشـەی کـردووەو بـەم هۆیەشـەوە هـەر لـە سـەرەتاوە سروشتێکی کۆمەڵایەتیی وەرگرتووە کە ئەمـەش کاریگـەریی رۆژنامـە بـووە. بـە هەمان شێوە رۆژنامەگـەریی رۆڵی هـەبووە لـە نوێکردنـەوەی زمـان و بەسـتنەوەی بە شێوازی زمانی رۆژانە.

چوارەم/ یەکگرتوویی کادیر: بە درێژایی مێژوو، تا ماوەیەکی نزیك، کادیری نێو رۆژنامەکان و بواری ئەدەبیش لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا هەر یەك شت بوون، ئەستەم لەو سەردەمانەدا لە نێوان ئەدیب و رۆژنامەنووس جیابکرێتەوە.

بـواری ئـەدەب لـە نێـو رۆژنامەگەرییـدا، هـەر زوو پێشـکەوت و گەشـەی کـرد، گرنگترین هۆکار لەم چوارچێوەیەدا بریتی بوو لەوانەی خوارەوە:[31]

1-بڵاوبوونەوەی پرۆسەی فێربوون

2- ئەو شوێنەوارەی کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی فێربوون دروست بوو.

3-بەرزبوونـەوەی ئاسـتی دارایـی تاکەکـەس و زیـادبوونی مـاوەی دەسـت بەتاڵی.

4-زیادبوون و فرەبوونی پێویستییە رۆحی و ویژدانییەکان لای تاکەکەس.

5-فراوانبـوونی بازنـەی بڵاوبوونـەوەی ئـەدەب لەبـەر هۆکـاری تـەکنیکی و مرۆیی.

6- پەخشی ئەدەبی بووە پرۆسەیەکی پیشەکردەیی.

7- داهێنانی ئەدەبی بووە چالاکییەك کە داهاتی ماددیی بەدواوە بێت.

8–زیـادبوونی ئـەو رۆڵـەی ئـەدەب دەیبینـێ لـە پێگەیانـدنی کۆمەڵایـەتیی تاکەکەس و لە دروستکردنی کەسایەتیی تاکەکەسدا.

9–زۆربوونی تەیارو قوتابخانەو رێبازە ئەدەبییەکان و پەیوەندیی پتەویان بە هێزو تـەیارە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکان و دروسـتبوونی ململانـێ لـە نێـوان ئـەو تەیارو قوتابخانانە.

لەکاتێکـدا رۆژنامەگـەریی ئـەدەبی، خـۆی لـە گۆڤـاری هەفتانـەو مانگانـەو وەرزی و پاشـکۆو لاپـەڕەی تایبـەت لـە رۆژنامەکانـدا دەبینێتـەوە، لـە هـەمان کتێبیدا، د. ادیب خضور خەسڵەتی بڵاوکراوە ئەدەبیـە تایبەتمەندییـەکانی لـەم چەند خاڵەدا دەستنیشان کردووە[32]:

–لەلایەن ئەدیبانەوە سەرپەرشتیی دەکرێن.

–لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنها کاری داهێنانە بڵاودەکاتەوە

–گرنگیـەکی تایبـەت دەدات بـە لایـەنی هونـەریی کـە خـۆی لـە دەرهێنانـدا دەبینێتەوە.

–بـۆ بڵاوبوونـەوە زیـاتر پشـت بـە سیسـتمی ئیشـتراک دەبەسـتێت وەك لـە سیستمی دابەشکردن و فرۆشتن لەلایەن کوشك و کتێبخانەکانەوە.

–ریکلامی تێدا نییە ئەگەر هەشبێت زۆر کەمە.

–بە نرخی گرانتر لە چاو رۆژنامەگـەریی گشـتی دەفرۆشـرێت بـۆ دابینکردنـی تێچووی بڵاوکردنەوەی.

–گۆڤارو پاشکۆ ئەدەبیەکان لەلایەن نوخبەوە دەردەکرێن و بەسەر نوخبەشدا دابەش دەکرێن.

–لـە زۆر حاڵەتـدا ئـەو بڵاوکـراوە ئەدەبیانـە، نوێنەرایـەتی قوتابخانـەو رێبـازە ئەدەبیـە جیاوازەکـان دەکـات و هەوڵـدەدات بـەهای ئـەو قوتابخانـەو رێبازانـە بڵاوبکاتەوە.

لـە رۆژنامەگـەریی کوردیـدا، بایـەخێکی زۆر بـە ئـەدەب دراوە لەسـەر هـەموو ئاسـتەکانی و بەرێـژەی جیـاواز، بـە تایبـەتیش چـونکە زۆرێـك لـەو بڵاوکـراوە رۆژنامەنووسـییانەی بـەر لـە سـاڵی 1991 بڵاودەکرانـەوە، لەلایـەن ئـەدیبان

(شاعیرو چیرۆك نووسان)ـەوە سەرپەرشتی دەکران یان ئەوان دەست و رۆڵی باڵایان لەدەرکردنیان هەبووە، بۆیە لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا، شوێنی تایبەتو بەرچاو بۆ بواری ئەدەبی تەرخانکراوە، تەنانەت هەندێك لەبڵاوکراوە کوردییەکان ئەگەرچی لە ژێر ناوی ئەدەبیدا بڵاونەکراونەتەوە، بەڵام ئەدەب زاڵە بەسەریاندا.

ئاستەکانی تایبەتمەندیی لە رۆژنامەگەرییدا جیاوازبووە، لە شێوەی لاپەڕەی تەرخانکراودا هەبووە، پاشکۆی رۆژنامەو گۆڤار، بڵاوکراوەو گۆڤاری تایبەت بە ئەدەبو لایەنە رۆشنبیرییەکان هەبووە، بواری ئەدەبو رووناکبیری لەو بڵاوکراوە کوردییانەدا تێکەڵەیەك بووەو لە هەمان چوارچێوەدا خۆیان دەبینیەوە. نووسەران لە نێو ئەو بڵاوکراوانەدا خۆیان بینیوەتەوەو بەرهەمەکانیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، نەك هەر بەتەنها بەرهەمی ئەدەبیی وەك چیرۆك و شیعرو بابەتی شانۆیی، بەڵکو گەلێجار بەشێوازێکی ئەدەبیانەی جوان هەندێ وتاریشیان نووسیوە . گرنگترین بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی ئەو بوارە بریتی بوون لە:

-گۆڤاری بانگی کورد: یەکەم بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی کوردی عیراقە، لە 8ی شوباتی ساڵی 1914 لەلایەن جەمالەدین بابان لە بەغدا دەرچوو، گۆڤارێکی ئەدەبی بووەو بابەتە ئەدەبییەکان بە شێوەیەکی گشتی زاڵبوون بەسەر لاپەڕەکانی ئەو چەند ژمارەیەی کە لێیدەرچوو هەرچەندە بابەتی سیاسییشی تێدابڵاوکراوەتەوە، گۆڤارەکە لەڕێگەی وتارو بابەتە ئەدەبیەکانەوە کێشە نەتەوایەتیو مرۆڤایەتییەکانی لەبیر نەکردبوو[33].

- پەیژە:لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە"ئەدەبی ئیجتماعییە بە کورد بۆ کوردایەتی دەدوێ"، لە ساڵی 1927دا لە بەغدا تەنها یەك ژمارەی لێدەرچوو.

-دەنگی گێتی تازە: لە نیسانی ساڵی 1943 وەك پەخشە دەردەچوو، لە تشرینی یەکەمی هەمان ساڵەوە بوو بە گۆڤارو تا ساڵی 1947 ژیا، ئینگلیزەکان زیاتر بۆ پروپاگەندەی خۆیان لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهان دەریاندەکرد، بەڵام پڕە لە بەرهەمی ئەدەبیو زانستی گرنگ، لەژێر ناوی

گۆڤارەکەدا نووسراوە: "ئەدەبی، خوێندەواریی، زمانی، ئیجتماعی، پەیامی، هەفتەیی-کوردی‌یە".

-هەتاو: ساڵی 1954 لە هەولێر دەرچووە، لەژێر ناوی ژمارە یەکیدا نووسراوە"گۆڤارێکی کوردی وێژەیی(ئەدەبی)یە، جاریێ هەر لە پازدە رۆژاندا جارێکی پەخش دەکرێت". تا وەستانی لە تشرینی دووەمی ساڵی 1960، ژمارەکانی گەیشتۆتە 188 دانە.

-هیوا: لە تەمموزی ساڵی 1957 لە بەغدا دەرچووە، لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە"گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستییە مانگی جارێك دەرئەچێ". تا مانگی شوباتی 1963 بەردەوام بووە.

-ئەدیبی عیراقی: ئۆرگانی یەکێتی ئەدیبانی عیراق بوو، یەك ژمارەی لێدەرچووەو پاشکۆی گۆڤاری "الادیب العراقی"بووە.

-بەیان: ساڵی 1969 لە بەغدا دەرچووە، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە"گۆڤارێکی وێژەیی و هونەریی گشتییە وەزارەتی راگەیاندن مانگی جارێك دەری ئەکات"، دواتر وای لێهات"گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتییە"[34].

-دەفتەری کوردەواری: لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە کۆمەڵە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی و بیری کوردی‌یە، رێگەی ئامانجی کوردایەتی ئەمڕۆو سبەینێمان بە پرشنگی بیری نوێ رووناك دەکاتەوە، بە روخسارێکی نەتەوەیی و ناوەرۆکێکی مرۆڤایەتی خۆی ئەنوێنێ"، لە بەغدا یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ساڵی 1970 دەرچووە، 30 ژمارەی لێدەرچوو.

-چیا: لە دهۆك لە تشرینی دووەمی 1970 دەرچووە.

-نووسەری کورد: لە ئاداری 1971 لە بەغدا دەرچووە، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردە.

-بیری نوێ: لە هەولێر ساڵی 1972 لەلایەن لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردیی خوێندنگای دواناوەندیی کوڕانی هەولێر دەردەچوو، لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە گۆڤارێکی ئەدەبی و زانستی گشتیی ساڵانەیە. یەك ژمارەی لێدەرچوو.

-نووسەری نوێ: حوزەیرانی ساڵی 1972 لە هەولێر دەرچوو، لە ژێر ناوەکەیدا نووسراوە: کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی‌یە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەری دەکات". تا ساڵی 1978 دەرچووەو دوا ژمارەی لە بەغدا چاپکراوە.

-بەرەو رووناکی: لە تەمموزی 1972 لە گەلاڵە دەرچوو، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤارێکی وێژەیی رۆشنبیریی گشتی‌یە، لیژنەی زمانو وێژەی کوردی لە خوێندنگای ناوەندی گەلاڵەی کوڕان دەری دەکات"، سێ ژمارەی لێدەرچووە.

-گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات: لە بەغدا بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەرچووەو لە ژمارە پازدەیەوە کە ساڵی 1972 دەرچوو، بەشێکی بۆ زمانی کوردی تەرخانکرا.

-رۆشنبیر: لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤاری کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لقی هەولێرە"، ژمارە یەکی لە مانگی نیسانی ساڵی 1973 دەرچوو.

-رۆشنبیریی نوێ: لای ناوەکەی نووسراوە"بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری‌یە ناو بەناو دەردەچێت، بەڕێوەبەرایەتیی رۆشنبیری دەری دەکات". ژمارە سفری لە تشرینی دووەمی ساڵی 1973 دەرچوو.

-گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد: یەکێکە لە بەرهەمە دەوڵەمەندەکان لە بواری بابەتی رووناکبیریو ئەدەب و لێکۆڵینەوە، ژمارە یەکی لە ساڵی 1974 دەرچووە.

-رۆژی نوێ: لە سلێمانی ساڵی 1960 دەرچووە، هەژدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

-گۆڤاری کاروان: گۆڤارێکی مانگانە بوو لە ساڵی 1982 دامەزرا، تا ساڵی 1991، (95) ژمارەی لێدەرچوو، تا ئێستا لەدەرچوون بەردەوامە.

هەروەها چەند چەند بڵاوکراوەیەکی دیکەش هەر لەو بوارە دەرچوون وەك رۆژی کوردستان کە لە بەغدا دەرچووەو زیاتر بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی بوو،

هەروەها رۆژنامەی عیراق-یش کە لە ساڵانی هەشتاکان دەرچووە، لاپەڕەی تایبەتی ئەدەبی هەبووە.

## بواری تەندروستی و کاروباری پزیشکی

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەم بوارە بە هۆی پەرەسەندنی زانستی پزیشکی و دەرمانسازی و هەروەها تەرخانکردنی توانایەکی زۆری مادی و مرۆیی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی تەندروستی لای خەڵك و خستنەڕووی مەترسییەکان و ئەو هۆکارانەی دەبنە مایەی نەخۆشی مرۆڤ، میدیا بە هەموو کەناڵەکانیەوە گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدات.

لە بواری تەندروستیدا ئەرکی میدیا بە پلەی یەکەم هوشیارکردنەوەی جەماوەرە لە رێگاکانی خۆپاراستن لە نەخۆشی و گرتنەبەری باشترین رێوشوێن بۆ چارەسەرو کێشەو گرفت و چالاکییەکانی پزیشکان و کارمەندانی بوارەکەو هەروەها ئاشنا بوون بە دوایین ئەو پێشکەوتنانەی زانست پێی گەیشتووە لەو بوارەدا ئەویش لەڕێگەی پێشکەشکردنی بەرنامەو وتارو لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەریی تایبەت و هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی ئەو بوارە.

گرنگە لە کاری رۆژنامەگەریی تایبەت بەبواری تەندروستییدا ئەو کەسەی ناوەرۆکی پەیام و بابەتەکان ئامادە دەکات و لەگەڵ ئەم بوارە مامەڵە دەکات، شارەزایی و پسپۆریی هەبێت و واباشترە پزیشکان ئەوانەی توانایان لە بواری میدیاشدا هەیە، ئەم ئەرکە رابپەڕێنن. رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە بواری

تەندروستی پێویستیی بە ورياييەكی زۆر هەيە لە چۆنيەتی مامەڵەكردن لەگەڵ بابەتو پەيامەكانو وەرگردا، چونكە بابەتی تەندروستی راستەوخۆ پەيوەنديی بە بوونو ژيانی مرۆڤەوە هەيە، مەسەلەيەكی هەستيارە، بۆيە كارێكی خراپە ئەگەر بێتو لە رێگەی كەناڵەكانی ميدياوە جۆرو شێوەی دەرمانێكی دياريكراو بۆ نەخۆشييەكی دياريكراو دەستنيشان بكرێت، چونكە لەو حاڵەتەدا تەنانەت ئەگەر پێشكەشكاری بەرنامەكە يا ئامادەكاری بابەتەكە پزيشكی پسپۆريش بێت، ئەوا لەبەرئەوەی لە نزيكەوە نەخۆشەكە ناپشكنیو هەلومەرجی لێكۆڵينەوەی پزيشكيی لەگەڵ نەخۆشەكە لە ئارادا نييە، ئەوا ئەگەری زۆرە جۆرێك لە هەڵە لەيەكتر تێگەيشتن بێتە ئاراوە، كە ئەمەش دەرئەنجامی ترسناكی لێدەكەوێتەوە. خاڵێكی ديكەی گرنگ لە رۆژنامەگەريی تايبەتمەند بە بواری تەندروستیو پزيشكی ئەوەيە كە نابیٚ زيادەڕۆيی لە كاريگەریو ئيجابياتەكانی داهێنانێكی تازە لە بواری تەكنەلۆژيای پزيشكی يا دەرمانێكی تازە بكرێت، بەڵكو دەبیٚ خۆی چۆنە ئاوەها بخرێتەڕوو، لايەنە سلبياتەكانی بەكارهێنانی ئەو تەكنەلۆژياو دەرمانە نوێيەش بخرێتەڕوو كە تازە داهێنراوە، هەروەها گونجاوترين رێوشوێنی بەكارهێنانی پێشكەش بكرێت. خۆ ئەگەر بابەتەكە لە زمانێكی ترەوە وەرگيرابێت، ئەوا دەبیٚ ورياييەكی زياتر لە مامەڵەكردن لەگەڵ بابەتەكە بەكاربهێنرێت، وريای چۆنيەتی وەرگێڕانو زاراوەكانو هەروەها پێشتر لە دەقەكەو ناوەرۆكی بابەتەكە بگەن نەك وشە بە وشە يا دێر بەدێر وەربگێڕدرێن، چونكە گەلێجار وەرگێڕانی هەڵە ئەگەرچی لەڕووی وشەو زاراوەكانيشەوە راست بێت، بەڵام لە مانای بابەتەكە دەگۆڕێت.

بە هەمان شێوە پێويستە بابەتەكانی بواری تەندروستی زياتر گەشبينانە بخرێنەڕوو، بە تايبەت لە هەندیٚ نەخۆشيدا كە لايەنی دەروونی كاريگەريی زۆری لەسەر هەيە، ئەويش لەڕێگەی هاندانی نەخۆشەكان دەبێت كە دەرمان بەكاربهێننو بەپێی رێنماييەكانی پزيشك مامەڵە لەگەڵ نەخۆشييەكانيان بكەن كە دواجار ئەوە ئاكامی باشی لیٚ دەكەوێتەوە بەرەو چارەسەری.

لـه رۆژنامەگـەریی کوردیـدا، بـەر لـە سـاڵی 1991 ئـەم لایەنـە بـە تـەواوی فەرامۆشـکراوەو ئەگـەر بـە دەگمـەن نـەبێت ئـەگینا بڵاوکراوەیـەکی تایبـەت بـە بواری تەندروستی یا رووبەری تـەرخانکراو بۆ ئـەم بـوارە نییـە ئەوەنـدە نـەبێ لـەنیوەی دووەمـی سـاڵانی هەشـتاکان گۆڤارێـك بـەناوی تەندروسـتیو کۆمـەڵ هـەبووە. ئـەم فەرامۆشییەی رۆژنامەگـەریی بەرامبـەر بە بواری تەندروستی کـە سـەرەڕای پێویسـتیی زۆری کـورد پێـی، بـۆ ئـەم چـەند هۆکـارەی لای خـوارەوە دەگەڕێتەوە:

–کەمیی پسپۆڕانو شارەزایانی بواری تەندروستیو پزیشکی کەشارەزاییان لە راگەیاندندا هەبێت.

–بەرتەسـکیی بـواری تەندروسـتی لـە کوردسـتانو کـەمیی نەخۆشـخانەو ناوەندەکانی ئەم بوارە لەو سەردەمانەدا.

–زۆربەی ئەوانەی بڵاوکراوەی رۆژنامەنووسیان دەرکردووە، رۆژنامەنووسی راستەقینە نەبوون تا بەیەك چاو سەیری هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵ بکەن.

–مەسەلەی نەتەوایەتیو تێکۆشـان بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان لە پێشەنگی بابەتەکانی ئەو بڵاوکراوانەو تەنانەت ئامانجی سەرەکیی هاتنەکایەی ئەم بڵاوکراوانە بوون، کە ئەمـەش زاڵ بـووە نـەك هـەر بەسـەر بـوارێکی گرنگیـی وەك تەندروستی کە گرنگییەکەی لە بوارەکانی دیکە کـەمتر نییـە، بـەڵکو بەسـەر زۆربەی بوارە گرنگەکانی دیکەش.

## بواری وەرزشی

لــە جیهــانی خۆرئــاوادا، بایــەخی زۆری پێــدەدراو لەگــەڵ ســەرهەڵدانی ڕۆژنامەگـەریی هاوچـەرخ لـە کۆتـایی سـەدەی شـازدەهەمو سـەرەتای سـەدەی حەڤدەهەم، هەواڵی وەرزشیی بووە بەشێك لە بواری ڕۆژنامەگەریی[35].

هەواڵو بابەتە وەرزشیەکان تا سەدەی نۆزدەهـەمیش گرنگیەکـەی لـە هـەواڵی سیاسـیو ئـابووری کـەمتر بـوو، بـەڵام لەگـەڵ هـاتنی سـەدەی بیسـتدا هەواڵـە وەرزشیەکان لاپـەڕەکانی پێشـەوەی ڕۆژنامـەکانی گرتـەوەو لـەو کاتـەوە هـەواڵی وەرزشــی بۆتــە یــەکێك لــەو هۆکارانــەی کــە خوێنــەرو جــەماوەری ڕۆژنامــەی زیادکردووەو قۆنـاغ بـە قۆنـاغ ڕۆژنامـەو گۆڤـاری تایبـەت بـەو بـوارە هاتـەئاراوە. لەسـەردەمی ئەمڕۆشـدا تایبەتمەنـدیی لـە بـواری وەرزشـدا، زۆر قوڵبۆتـەوە بـە جۆرێـك زۆربـەی جۆرەکـانی وەزرش کـەناڵی وەك گۆڤـارو ڕۆژنامـەو تەلـەفزیۆنی تایبەتی بۆ تـەرخان کـراوە، بـۆ نموونـە کـەناڵی ڕۆژنامـەوانیی تایبـەت بـە یـاری تۆپی سەبەتەو تۆپی پێو چەند جۆرێکی تریش هەیە لە جیهاندا.

بـە بۆچـوونی د.موئەیـەد ئەلەخـەفاف، ڕوومـاڵکردنی ڕۆژنامەگـەریی بـواری وەرزش سێ قۆناغی هەیە[36]:

قۆناغی یەکەم: لەسەر ڕووماڵکردنی بـەرایی پێشـهاتە وەرزشییەکە وەسـتاوە ئـەویش لەڕێگـەی دەسـتکەوتنو بڵاوکردنـەوەی زانیـاریی تـەواو لەسـەر تیپـە رکابەرەکانو هەلومەرجو توانای هەر تیپێكو ئەگەرەکانی سەرکەوتنو دۆڕانی هەر یەکێکیانو ئاستی لێهاتوویی یاریزانو تیپەکان.

قۆناغی دووەم: ئەمەیان لەسەر بنەمای رووماڵکردنی تۆمارکراوی پێشهاتە وەرزشییەکان دەبێت لەڕێگەی وەسفکردنی وردی بەڕێوەچوونی پێشهاتە وەرزشییەکەو تۆمارکردنی ئەنجامەکان، بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە سروشتی رووماڵکردنی شیکاریی لەخۆدەگرێت.

قۆناغی سێیەم: ئەوەش لەسەر بنەمای رووماڵکردنی هەڵسەنگێنەرانەی پێشهاتە وەرزشییەکان بنیاتنراوە لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی توانای هەر یاریزان یا تیمێکی پێشهاتە وەرزشییەکەو خستنەڕووی لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی هەموو لایەنەکان کە پەیوەندییان بە پێشهاتە وەرزشییەکانەوە هەیە.

هەموو پێشهاتێکی وەرزشی، ململانێ و رکابەریی یاریزان یا تیمێك زیاترە، بۆیە دەبێ لە رووماڵکردنی ئەو پێشهاتانەدا، تەوەری سەرەکیی کێبەرکێ و ململانێی نێوان ئەو لایەنانە بێت. جگەلەوە پێویستە رۆژنامەنووس و ئامادەکاریی بابەت و پەیامە وەرزشییەکان ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئەوان ئەو بابەتانەی ئامادەی دەکەن، بۆ خوێنەرێکی ئامادە دەکەن کە مەرج نییە یاریی و کێبەرکێیەکانی بینیبێت یا ئاگای لێ بووبێت نەك بۆ ئەو وەرزشکارەی کە لە پێشهاتە وەرزشییەکاندا بەشداربووە، بەشداربووانی پێشهاتە وەرزشییەکە رەنگە چەند کەسێکی کەم بن، بەڵام ئەو خوێنەرانەی کە بەدوای هەواڵە وەزرشییەکەوەن، رەنگە هەزاران و دەیان و سەدان هەزار کەس بن.

بەر لە داهێنان و فراوانبوون و پێشکەوتنی تەلەفزیۆن، رۆژنامەو بڵاوکراوە رۆژنامەنووسییەکانی تر رۆڵێکی بەرچاوییان دەبینی لە گەیاندنی هەواڵ و چالاکی و بابەتەکانی ئەو بوارە بە جەماوەر، بەڵام بە پێشکەوتنی تەلەفزیۆن و تۆمارکردن و گواستنەوەی راستەوخۆی پێشهاتە وەرزشییەکان، وەرچەرخانێکی زۆر گەورە لەو بوارەدا پەیدابوو، لە یارییە نێودەوڵەتییەکاندا ئەگەر حەفتا هەزارو هەشتا هەزار کەس و زیاتریش بچنە نێو یاریگاکان بۆ بینینی پێشهاتە وەزرشییەکان، ئەوا لە رێگەی تەلەفزیۆنەوە دەیان و سەدان ملیۆن کەس سەیری رووداوو پێشهاتە وەرزشییە گرنگەکان دەکەن.

**کورد له هەرێمی کوردستان، پێش ساڵی 1991 به هۆی بارودۆخی نالەباری سیاسی، وەك چۆن له بواره کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو زانستییەکانیش دواکەوت، به هەمان شێوه له بواری وەرزشیدا زۆر دواکەوت، ئەم بواره بووه شتێکی لاوەکیو له ئەرزی واقیعو له رۆژنامەگەرییشدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدەدرا، بۆیه بەشێوەیەکی گشتی کەناڵو بڵاوکراوەی بەرچاوی تایبەت بەو بواره نابینین بەڵکو ئەگەر باسی وەرزشیش کرابێت ئەوا هەر له نێو بڵاوکراوەیەکی گشتیدا بووەو به بابەتێك یا ستوون باسکراوه یا ئەوپەڕی لاپەڕەیەك یا پاشکۆیەکی بۆ تەرخانکراوه، بەڵام دوای ئەو مێژووه، دوای باشتربوونی بارودۆخی سیاسی لەگەڵ دروستبوونی ئیدارەی کوردی، وەرزشیش وەك بواری تایبەت به گەورەو گەنجو کەسانی به تەمەنیش، ئەگەرچی به هەنگاوی سستیش بووبێت، بەڵام بایەخێکی زۆری پێدرا لەڕووی پێگەیاندنو دابینکردنی کەلوپەلو پێویستییەکانو دروستکردنی یاریگاو چەندین لایەنی تریش، لەبەرئەوه بووه بوارێکی فراوانی ژیانی کۆمەڵ که ئەمەش وایکرد لەنێو رۆژنامەو کەناڵەکانی دیکەی میدیادا پێگەیەکی باڵا بۆ خۆی دەستەبەر بکات ئەگەرچی هێشتا له ئاستی پێویست نییەو نەگەیشۆته رادەی ئەو بایەخەی له وڵاتانی خۆرئاوا پێی دەدرێت، بەڵام به لەبەرچاوگرتنی قۆناغەکانی پێشووی هەرێمی کوردستان، پێشکەوتنێکی گەورەی بەدیی هێناوه. له رۆژنامەکاندا پاشکۆ یان لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوەو له کاتی بۆنه وەرزشییەکانو پێشهاته وەرزشییه نێودەوڵەتییەکانی وەك مۆندیالی جامی جیهانو جامی ئەورووپاو کیشوەرەکانو ئۆلۆمپیادو خوله وەرزشییەکان لەسەرجەم بواره وەرزشیەکاندا، پاشکۆی تایبەت له رۆژنامەکانو بەرنامەی تایبەتی له رادیۆو تەلەفزیۆنەکانی بۆ تەرخانکراوه، تەنانەت ئێستا کەناڵی تەلەفزیۆنیی تایبەت بۆ بواری وەرزشی له شاری سلێمانی و هەولێریش دامەرزاوه که ئەمەش وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ بوو هەم له فراوانبوونو پێشکەوتنی میدیای تایبەتمەندو هەم له بایەخدانی زیاتر به سەرجەم**

پێشـهاتو چـالاكییه وەرزشـییەكان لەسـەر هـەموو ئاسـتەكانی نـاوخۆو نێودەوڵەتیـدا، هـەروەها بڵاوكـراوەی تایبەتمەنـدیش لـەو بـوارەدا دامـەزرا. ئەو كەناڵە تایبەتمەندانەی بواری وەرزش جەماوەرێكی یـەكجار زۆری هەیـە لـە كوردسـتان كـە ئەمـەش دەریـدەخات خـودی بـواری وەرزش پێشـكەوتنی زۆری بەخۆوە بینیـوەو هـۆگرانی زۆر زۆرتـر بـووە لـە جـاران، بـەم هۆیەشـەوە ژمارەی زیاتری یاریگای وەرزشیو كەلوپەلو پێداویستییەكانی ئەو بوارە بۆ وەرزشكاران فەراهەم كراوە.

## بواری کاروباری سەربازی

بوارێکی گرنگی میدیای ئەم سەردەمەیە، رۆژنامەگەریی بواری سەربازی مامەڵە لەگەڵ تەکنەلۆژیای چەكو تەقەمەنیو زانیارییە سەربازییەکانو نەخشەو راهێنانو مەشقو هاندانو قوربانیدانو تەکتیکی شەڕەکانو وروژاندنی مەیلی جەنگ لە خۆدەگرێت. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای جەنگو کۆمپانیا بەرهەمهێنەکانی ئەم بوارە، مەسەلەی ریکلامو گرنگیدان بە بەرهەمی ئەو کۆمپانیایانەش بۆتە کارێکی حەتمی، رەنگە لەلایەن خودی ئەو کۆمپانیایانەی چەكو تەقەمەنی یا هەر تەکنەلۆژیاییەکی دیکەی سەربازی بەرهەم دەهێنن، کەناڵی تایبەتمەند بەم بوارە دابمەزرێننو بانگەشەو ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەنو هەروەك رەنگە ئەو کۆمپانیایانە لەڕێگەی کەناڵی دیکەی میدیاوە کە موڵکی ئەوان نییە بانگەشەو ریکلام بۆ بەرهەمەکانیان بکەنو لەبەرامبەر ئەوەشدا کرێییەکی باش بدەن کە بەمەش داهاتێکی باش بۆ ئەو کەناڵانە دەستەبەر دەبێت.

بە زۆری ئەو کەناڵانەی کە لەلایەن ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی چەکەوە خاوەنداریێتی دەکرێن، بەردەوام لەڕێگەی پێشکەشکردنی نموونەی تەکنەلۆژیای سەرنجڕاکێش لە بواری سەربازیدا، هەوڵ دەدەن گیانی جەنگان لەلای گەورەو بچوکیش بچەسپێننو هەروەك زۆربەی ئەو کۆمپانیایانە لەبەرئەوەی بە دوای بازاڕدا دەگەڕێن بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان، هەندێکیان بەشێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆش بەشداریی دەکەن لە دروستکردنی قەیرانەکانو خۆشکردنی ئاگری ئەو قەیرانانە تا لایەنەکانی نێو قەیرانەکە ناچار بن پەنا ببەنە بەر کڕینی تازەترین بەرهەمی چەكو تەقەمەنی

كە دواجار دەبێتە مایەی گەشەكردنی بەرهەمو بازاڕی كۆمپانیاكانی بواری سەربازیی. هەروەها یەكێك لە شێوازەكانی دیكە كە ئەو كۆمپانیایانە دەیگرنەبەر بۆ خستنەڕووی نوێترین بەرهەمو كارەكانیان كردنەوەی پیشانگای ساڵانەیە بۆ بەرهەمەكانیان هەر لە چەكی بچوكەوە تا دەگاتە تانكو فڕۆكەو جۆرەكانی رۆكێتو بۆمب و هتد...

گەلێجار لە جیهانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا، لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا، لە تەلەفزیۆنو تەنانەت رادیۆكانیشدا كە باس لە تازەترین بەرهەمەكانی جیهانی تەكنەلۆژیای چەكو سەربازیدا دەكرێت، لە بێئاگاییەوە بە جۆرێك دەخرێنەڕوو و باس دەكرێن كە وەك ریكلامو بانگەشەیەكی بازرگانیو سیاسیو سەربازیی لێدێت بۆ ئەو كۆمپانیاو وڵاتانەی كە ئەو بەرهەمانەیان دروستكردووە، ئەمەش هەندێجار بە زیان دەگەڕێتەوە بۆ سەر سیاسەتی ئەو كەناڵانەو ئەو جەماوەرەی كە ئەو كەناڵانە پەیامەكانیان ئاڕاستەی دەكەن، رەنگە ببێتە هۆی قەبەكردنو گەورەكردنی زیاد لە پێویستی ئەو بەرهەمانەو تەنانەت توانای سەربازیی ئەو وڵاتانەش كە ئەو چەكانەیان بەرهەمهێناوە، كە ئەمەش كاریگەریی لەسەر هەستو ناخی جەماوەری لۆكاڵ دەبێت بە تایبەتی ئەگەر بێتو ئەو كۆمپانیا یا وڵاتانەی چەكەكەیان بەرهەمهێناوە، لە چوارچێوەی ئیقلیمدا بێتو ناكۆكیو ململانێی هەبێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەی كە ئەو كەناڵانەی میدیای تێدایە.

جگە لە بواری بەرهەمهێنانی چەكو تەكنەلۆژیای ئەو بوارە، میدیای تایبەتمەند بە بواری سەربازی بایەخێكی زۆر بە سوپاو هێزە چەكدارەكان دەدات لەڕووی بڵاوكردنەوەی هەواڵو چالاكییەكانو بەرگرییەكانو تۆمارەكانیان لە جەنگانو داكۆكی كردن لە نیشتمانو تێكشكاندنی هێرشەكانی دوژمنو هەروەها ئەو چەكو جبەخانەیەی كە پێی تەیار كراون، ئەم ئاڕاستەیە لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە بواری سەربازیی دەبێتە مایەی بەهێزكردنو پتەوكردنی هێزی نیشتمانیو دڵنەوایی كردنی جەماوەرو دروستكردنی متمانە لەلایان بەوەی كە وڵاتەكەیان پارێزراوەو سوپایەكی رێكو بەهێز هەیە كە لە سەر سنورەو یەكپارچەییو سەروەریی نیشتمان دەپارێزێت،

ئەم ئاڕاستەیە ئاڕاستەیەکی تەندروستەو لایەنە ئیجابیەکەی میدیای سەربازییە لە ئاست میدیای لۆکاڵو نیشتمانیدا. لە میدیای تایبەتمەند بە بواری سەربازی بە ئاڕاستەی ریکلام کردن بۆ کۆمپانیاو تەکنەلۆژیای چەك کە هی وڵاتانی دراوسێو ئیقلیم بنو هەروەها ناوهێنانی ئەو کۆمپانیاو وڵاتانە، خۆی لە خۆیدا دەبێتە بانگەشەو ریکلامێکی خۆڕایی بۆ ئەو کۆمپانیاو وڵاتانە، ئەمە لایەنە سلبیەکانی میدیای تایبەتمەندە لەو بوارەدا بە تایبەتیش کە ئەمە وڵاتو سوپاکانی جیهان هان دەدات بە ئاڕاستەی کڕینی ئەو تەکنەلۆژیا نوێیانە هەنگاو بنێن کە بەرهەمی ئەو کۆمپانیاو وڵاتانەیەو ئەوەش دەبێتە مایەی دروستکردنی نا ئارامییەکی ئیقلیمیو ململانێو رکابەریو پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن فراوانترو خێراتر دەکاتو دواجار هاوکێشە سیاسیو سەربازییەکان دەگۆڕێو نا هاوسەنگیی لە هەردوو بواردا دێتە ئاراو گرژیو قەیران دروست دەکات کە گەلێکجار هەڕەشەو گوڕەشەی تێدەکەوێتو جەنگو کارەساتی لێدەکەوێتەوە کە بە هۆیەوە بازاڕێکی گەرمی چەك دروست دەکات ئەمەش دوا ئامانجی کۆمپانیاو وڵاتە بەرهەمهێنەکانی چەکە.

لای کورد ئەم بوارە واتا بواری سەربازیی لە رۆژنامەگەرییدا بایەخێکی زۆری پێدراوە، بەڵام زیاتر بە ئاڕاستەی بایەخدان بە هێزە چەکدارەکان"پێشمەرگە" و بڵاوکردنەوەی سەروەریو هەواڵو چالاکیەکانو هێرشەکانو بەرگرییەکانیانو بایەخدان بە شەهیدان و وێستگەو بوێرییەکان و ژیانیان. ئەم بوارە تایبەتەی میدیا بە تایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکدارییو شۆڕشەکانی کورد لە راگەیاندنی نهێنیو هی شاخ زۆر رەنگی داوەتەوە، ژمارەیەکی زۆری بڵاوکراوە بۆ پێشمەرگەو شەهیدان تەرخان کراوە کە دەتوانین بڵێین هەموویان بەشێوەیەکی نهێنیو لەلایەن ئۆرگانە جیاوازەکانی حزبەکانەوە دەرکراونو زۆربەشیان ناوی پێشمەرگەیان هەڵگرتووە هەرچەندە مەرجیش نییە هەموو ئەو بڵاوکراوانە کە ناوی پێشمەرگەیان هەڵگرتبێت تەنها بۆ پێشمەرگەو مەسەلەی سەربازیی تەرخان کرابێت، هەروەك لە زۆربەی بڵاوکراوە رۆژنامەنووسییەکانی دیکە لە پاڵ بابەتی سیاسیو گەلێجار ئەدەبیو

کۆمەڵایەتی، پشکێکی گەورەش دراوە بە هەواڵو داستانو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، گرنگترینو بەرچاوترین بڵاوکراوەکانی ئەم بوارە بریتین لە:

– دەنگی پێشمەرگە: گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتی بووە بەڵام بایەخێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی چالاکییەکانی پێشمەرگەداوەو بابەتی لەم بوارەدا بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی 1967 لەلایەن لیژنەی پڕوپاگەندەی شۆڕشی کوردستان دەرچوو تا ساڵی 1969 بەردەوام بوو، 24 ژمارەی لێدەرچووە.

–هەواڵنامەی کوردستانی عیراق: ساڵی 1978 لەلایەن راگەیاندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچووە، زیاتر بایەخی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵو چالاکییەکانی پێشمەرگە دەداو 13 ژمارەی لێدەرچوو.

–بەلاغی عەسکەری: لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچوو، تایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی هەواڵو چالاکییەکانی پێشمەرگە، لە نێوان ساڵی 1977– 1980 دەرچوو.

–رێبازی پێشمەرگە: گۆڤارێکی تایبەت بووە بە کاروباری عەسکەریو شەڕی پێشمەرگە، لەلایەن هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عیراقەوە لە شوباتی ساڵی 1980 دەرچووەو تا کۆتاییەکانی 1988 بەردەوام بووە.

–الخنادق: بە زمانی عەرەبی ساڵی 1980 لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەرچوو، بایەخی بە هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە دەدا.

–پێشمەرگە: لەژێر ناوەکەی نووسراوە گۆڤارێکی تایبەت بە پێشمەرگەو کاروباری پێشمەرگەیی، مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بڵاوی کردۆتەوەو پاشکۆی گۆڤاری راپەڕین بووە، ژمارەی یەکەمی لە کانونی دووەمی 1982 بڵاوکراوەتەوەو پێنج ژمارەی لێدەرچووە تا تەممووزی 1983 بەردەوام بووە.

–سەنگەر: مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریکردووە لە ساڵی 1983و تەنها یەك ژمارە بووە، گۆڤارێکی سەربازی بووە.

–پێشمەرگەی نوێ: گۆڤارێکی سیاسی بووەو بایەخی بە پێشمەرگە داوە، بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان ساڵی 1983 لە ئەوروپا دەرچووەو نزیکەی 25 ژمارەی لێدەرچووە.

–رزگاری: لقی هەشتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵێ 1984 دەریکردووە، گۆڤارێکی سیاسی بووەو بایەخی زۆری بە هەواڵو چالاکییەکانی پێشمەرگە داوەو 22 ژمارەی لێدەرچووە.

–ئالاّی پێشمەرگە: ئۆرگانی مەڵبەندی سلێمانیو کەرکوکی حزبی شیوعی عیراق بووەو لە ناوەڕاستی ساڵی 1984 دەرچووە، هەواڵو چالاکییەکانی پێشمەرگەو وتارو بابەت لەسەر پێشمەرگەو هەندێ بابەتی سیاسیی بڵاوکردۆتەوە.

–پێشمەرگە: ژمارەی یەکی لە ساڵی 1979 دەرچووەو گۆڤاری هێزی پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عیراق بووە.

## بواری کشتوکاڵو ئاژەڵداری

کشتوکاڵو ئاژەڵداری لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، پایەی سەرەکیی ئابوورییە، بۆیە لە هەموو ئاستەکاندا بایەخێکی زۆری پێدەدرێت. بە هۆی گرنگیی زۆری ئەم بوارە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووداو هەروەها لەسەرتاپای جیهان، رۆژنامەگەرییش ماوەو رووبەرێکی زۆری بۆ تەرخان کردووە، هەوڵدەدات ئەرکێکی گەورە بەجێ بهێنێ لە رێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرجەم لایەنەکانی بواری کشتوکاڵیو ئاژەڵداری.

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەم بوارەدا هەر بەوەندە ناوەستێ کە باسی بەرهەمەکانی کشتوکاڵو باشیو خراپیی بەرهەم بکاتو مەسەلەی بارانو کەمیی ئاوو وشکەساڵیو نەخۆشیی نێو کشتوکاڵو ئاژەڵو جۆرەکانی نەخۆشییەکانو دۆزینەوەی چارەسەر بکات، بەڵکو رۆدەچێتە ژیانی لادێو پێداویستیی دێهاتیەکانیش کە بە کشتوکاڵو مەڕدارییەوە خەریکن دەخاتەڕوو هەر لە نەبوونی رێگاو بانو لەوەڕگەی پێویستو خراپییو باشیی خاك بۆ کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاوو وزەو چەندینی تریش، شێوازی زانستییانەی پەروەردەکردنی ئاژەڵو کشتوکاڵکردن دەخاتەڕوو و نوێترین ئامێری کشتوکاڵو هەروەها پەینی کیمیاویو سروشتیو مەسەلەی چاکسازیی لە خاكو کشتوکاڵدا دەکاتە سەرەکی ترین ئەو بابەتانەی دەیانخاتەڕوو، بە هەمان شێوە داخوازییەکانی دێهاتییەکان لە جوتیارانو خاوەنانی مەڕوماڵات باس دەکات.

بەرهەمی کشتوکاڵو ئاژەڵداری، سامانێکی نەتەوەییە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی تازە پێگەیشتوودا، ئەم بوارە سەرچاوەی یەکەمی داهاتو ئابووریی وڵاتە، بۆیە رۆژنامەنووس یا ئامادەکاری بابەتە تایبەتمەندەکان بە زۆری بە ئاڕاستەی هاندانی کارکردن لەم بوارەو ستایشو دەستخۆشییکردن لە جوتیاران و نیشاندانی تەندروستترین رێگەی کارکردن لەو بوارە کاردەکەنو لە بەرامبەریشدا پێداویستییەکانی جوتیارو شوانو خاوەن ئاژەڵەکان دەخاتەڕوو، هەروەها لە جیهانی تازە پێگەیشتوودا بە زۆری گرنگیی بە چاکسازیی زەویی کشتوکاڵی دراوە بە جۆرێك کە مافی بۆ جوتیاران دابین کرد تا خۆیان خاوەنی کاری خۆیان بن. رۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەو بوارەدا دەبێ بەردەوام ئاگاداری دوایین پێشهاتەکانی زانستو تەکنەلۆژیای نوێی کشتوکاڵو بەخێوکردنی ئاژەڵ بنو بە جوتیارو ئاژەڵداری لۆکاڵی بگەیەنن تا بتوانن زیاتر پەرە بە بوارەکە بدەن.

لە هەرێمی کوردستان وەك زۆربەی وڵاتانی کشتوکاڵی، تا ئێستا کشتوکاڵو ئاژەڵداری بڕبڕەی سەرەکییو یەکەمی ژیان بووە، بەپێی سەرچاوە مێژووەکان هەندێ ناوچەی کوردستان کۆنترین ئەو شوێنانەن کە لە سەردەمی کۆندا کشتوکاڵی تێدا کراوە، بۆیە بەردەوام ئەو بوارە گرنگیی خۆی لای خەڵك هەبووە بەتایبەتیش کە خاکێکی بەپیتی هەیە، هەردەم جەماوەرێکی زۆر لە کوردستاندا بە کشتوکاڵییەوە خەریك بوونو ئاژەڵدارییان کردووە، بۆیە ئەم بوارە لە رۆژنامەگەرییشدا تا رادەیەكو بەپێی قۆناغەکان رەنگی داوەتەوە، وە نەبێ ئەو بڵاوکراوانەی کە تایبەت بەو بوارە کرابن تەنها لەلایەن حزبو رێکخراوە کوردییەکانەوە دەرکرابن، بەڵکو بەشێکی لەلایەن رێکخراوو فەرمانگەو دامودەزگا رەسمییە تایبەتەکانی بواری کشتوکاڵو ئاژەڵی سەر بە حکومەتی عیراق دەرکراوە بە تایبەتیش خودی وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ (الاصلاح الزراعی) بەمکارە هەڵساوە ئەویش لە چوارچێوەی ئەو پڕۆژە چاکسازییانەی کە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە بواری کشتوکاڵو دابەشکردنی زەویی کشتوکاڵیدا بانگەشەیان

بۆ دەکردو دەیانخستەڕوو. بەرچاوترین ئەو بڵاوکراوانەی بواری کشتوکاڵی بریتین لە:

-دەنگی فەلاح"صوت الفلاح": ژمارەی یەکی لە مانگی مایسی 1971دا دەرچوو، بەشێك بوو لە رۆژنامەی "صوت الفلاح" کە یەکێتی گشتیی جوتیارانی عیراق دەری دەکرد، ئەم بەشە کوردییەی لە ژمارە (121)یەوە دەستی پێکرد.

-چارەسەرکردنی کشتوکاڵ"الاصلاح الزراعی": گۆڤارێکی مانگانە بوو، وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ساڵی 1960 لە بەغدا دەریکرد، بەشێکی بە کوردی بوو، لە ژمارە دووەوە ناوی بەشە کوردییەکەی بووە "ئیسلاحی زەراعی" تا وەستانی لە تشرینی دووەمی 1962 تەنها 12 ژمارەی لێدەرچوو.

-توتن"التبوغ": لەساڵی 1963 لە بەغدا دەرچوو، لە دوابەرگی چەند ژمارەیەکی نووسراوە "گۆڤاری بەڕێوەبەرایەتیی ئینحصاری توتنە". هەر سێ مانگ جارێك بە هەر سێ زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی دەردەچوو، دوا ژمارەی لە ئاداری 1972دا دەرچوو.

-شۆڕشی کشتوکاڵ"الثورة الزراعیە": ژمارە یەکی لە بەغدا لە تەممووزی ساڵی 1970 لەلایەن وەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵی دەرچوو، چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچوو.

-شۆڕشی کشتوکاڵی: لە ساڵی 1978 لە بەغدا لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵییەوە دەرچوو، لەسەر بەرگەکەی نووسراوە(پاشکۆی گۆڤاری "الثورة الزراعیە")یە، سێ مانگ جارێك دەردەچوو، لە ژمارەی یەکەمیدا وێنەی رەنگاوڕەنگی زۆری تێدا بەکارهێنرابوو.

## بواری هونەر

هونەر یەکێك لەو بوارانەی کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بایەخی زۆری هەیە لە ژیانی شارستانیدا، پێگەیەکی دیاری هەیەو بەم هۆیەشەوە کەرەستەیەکی باشی میدیاییەو لەو نێوەندەدا پێگەیەکی باشی بۆ خۆی گرتووە. بەچەندین شێوازو ئاست لەلایەن میدیاوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و رووماڵ دەکرێت، لە هەندێ شوێندا رۆژنامەو گۆڤار تایبەت کراوە بە هونەر، یا لە نێو رۆژنامەو گۆڤارەکاندا لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوەو گەلێجاریش پاشکۆیەکی بۆ تەرخان دەکرێت، هەندێجار وەك بوارێکی جیاو هەندێجاریش لەگەڵ بواری ئەدەب لەنێو رۆژنامەگەرییدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە هەمان شێوە بڵاوکراوەی دەوریی وەك گۆڤاری وەرزیو ساڵانەی بۆ تەرخان دەکرێت، لەسەر ئاستی بینراوو بیستراویشدا کەناڵی تەلەفزیۆنی بۆ جۆرێکی دیاریکراوی هونەر تەرخانکراوە وەك مۆسیقا، شانۆ، سینەماو چەندینی تر، هەروەها رادیۆشی بۆ تەرخانکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی میدیای تایبەتمەند بە بواری هونەری مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو بابەت و پەیامانە دەکات کە ناوەرۆکەکەیان پەیوەندیی بە جۆرێك لە جۆرەکانی هونەرەوە هەبێت، هەموو رەگەزەکانی هونەر لە خۆدەگرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات کە بریتین لە بەشدارانی کارە هونەرییەکە، ناوەرۆکی کارە هونەرییەکە، شێوەی کارە هونەرییەکەو ئنجا جەماوەرو هەڵوێستی جەماوەر لە کارە هونەرییەکە.

بواری هونەریی چەندین لقی هەیەو جیهانێکی فراوانی هەیە، هەر مۆسیقاو تەشکیلی نییە، بەڵکو زۆر لەوە فراوانترە، بە کورتی ئەو بوارانەی کە میدیای هونەریی تایبەتمەند رووماڵی دەکات بریتین لە:[37]

1–هەموو چالاکییەکی مۆسیقاو گۆرانی بە ئاواز دانەرو گۆرانی بێژو ئامادەکارەوە.

2–هونەرە تەشکیلییەکان بە وێنەکێشان و پەیکەرسازی و وێنەگرتنەوە.

3–چالاکی و داهێنانەکانی بواری سینەما بە هەموو رەگەزییەکانییەوە هەر لە ئەکتەرەوە بیگرە تا دەگاتە دەرهێنەرو وێنەگرو تەکنیکارو بەرهەمهێن و ئەوانی تریش.

4–چالاکییەکانی شانۆ بە دەرهێنەرو ئەکتەرو تەکنیکارانەوە.

5–چالاکییەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن بەدراماو بەرنامە رەنگاورەنگەکان و بێژەرو پێشکەشکاری بەرنامەکان.

6–هۆڵەکان و ناوەندەکانی سینەماو شانۆو پێشانگا هونەرییەکان.

ئەم بوارانەی سەرەوە بە هۆی ئەوەی هەریەکەو بەرێژەی جیاواز بایەخ و گرنگیی هەیەو جەماوەری هەیە، بۆیە میدیاش بە رێژەی جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، بە زۆریش بڵاوکراوە مییلییەکان بایەخی زیاتر بە هونەرە جەماوەرییەکان دەدەن، بۆ نموونە بوارێکی وەك مۆسیقاو گۆرانی یا سینەما جەماوەری زۆرترە لە بوارێکی وەك شانۆ یا تەشکیلی.

بواری هونەری بە هەموو جۆرەکانییەوە، بە چەند جۆرێك لەلایەن میدیاوە رووماڵی رۆژنامەوانی دەکرێن و دەبێتە بابەتی ئەو کەناڵانە[38]:

یەکەم/ رووماڵی هەواڵ ئامێز: لەسەر بنەمای بەدواداچوونی پێشهات و رووداوە هونەرییەکان کاردەکات جا چ پەیوەندیی بە داهێنانی بەرهەمی هونەری هەبێت یا بە خودی هونەرمەندەوە هەبێت.

دووەم/ رووماڵی شیکارییانە: لەسەر بنەمای خستنەڕووی مەسەلە هونەرییەکان و راڤەکردنی کارە هونەرییەکان بۆ دەرخستنی لایەن و مانا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان یا فیکری و هونەرییەکانە، ئەمجۆرە رووماڵکردنە

یارمـەتی وەرگـر دەدات لـە کـارە هونەرییـەکانو مەبەسـتو ئامانجـەکانیان تێبگەن.

سێیەم/رووماڵکردنی هەڵسەنگاندن: بریتییە لە پرۆسـەی رەخنـەگرتنی کـارە هونەرییەکانو دەرخستنی لایەنە سلبیو ئیجابیەکانی هەر کارێکی هونـەری بـە بەمەبەستی یارمەتیدانی وەرگر لە هەڵبژاردنی باشترین کاری هونـەریی گونجاو بـۆ سـەیرکردن یـا گـوێ لێگـرتن، باشـترین هونـەری رۆژنامەنووسـیش بـۆ هەڵسەنگاندنی کارە هونەرییەکان خۆی لە وتاردا دەبینێتەوە.

هونـەر لـە نێـو ولاّتـانی پێشـکەوتووی جیهانـداو تەنانـەت لـە نێـو ولاّتـانی دواکـەوتووش، رەواجێکـی زۆری هەیـە، بـوارێکی فراوانـەو لـە پـاڵ ئامانجـە هونـەریو مرۆییـەکان داهـاتێکی ئـابووری باشیشـە بـۆ بەشـدارانی کـارە هونەرییـەکانو ئـەو ولاّتانـەش. ئـەم بـوارە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا، تـا سـاڵی 1991 لە نێو رۆژنامەنووسیدا بایەخێکی زۆری پێنەدراوە ئەگەرچی لە سالاّنی حەفتاکانو دواتریش هونـەر بایـەخێکی زۆری لـە نێـو جـەماوەردا پەیـدا کـرد، لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی رۆژنامەگـەریی کوردیـدا، بابـەتی تایبـەت بـە هونـەر دەگمەنو کەمە ، بەڵام لەرێگەی رادیۆوە جیا لە بڵاوکراوە رۆژنامەنووسییەکان، بایەخی زۆر بە هونەر دراوە بـە تایبـەتیش هونـەری مۆسیقاو گۆرانی. لـە دوای راپەڕینی 1991 بە هۆی پێشکەوتنی هونەر بە گشتیو رەخسانی زەمینەیـەکی لەبارترو پێشکەوتنی میدیاش، رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە هونـەریش پـەرەی سـەند، بـە زۆریـیش خـۆی لـەو لاپـەڕەو پاشـکۆیانە دەبینیـەوە کـە لەلایـەن رۆژنامەکانـەوە تـەرخانکرابوو، هـەروەها گۆڤـارە مانگانـەو وەرزییـەکانیش شـێوازێکی دیکـەی رۆژنامەگـەریی بـواری هونـەرن، لەتەلـەفزیۆنو رادیـۆش بایەخی زیاتر بە هونەر درا ئـەویش لەڕێگەی پێشکەشـکردنی درامـاو بەرنامـەو کـارە هونەرییـە لۆکاڵیو دەرەکییـە جیاوازەکـان، تـا وای لێهـات لـە چـەند سـاڵی رابردوودا وێرای زۆربوونی بڵاوکراوەکـانی تایبـەت بـەو بـوارە، رادیـۆی تایبـەت بە هونەری مۆسیقاو گۆرانی دابمەزرێت.

گرنگترین بڵاوکراوەکانی بواری هونەر تا ساڵی 1991 بریتیبوون لە:

-هونەر: ساڵی 1959 لە سلێمانی دەرچووە، لەسەری نووسراوە قوتابخانەی ناوەندی هونەری ناو ماڵ بڵاوی دەکاتەوە، یەك ژمارەی لێ دەرچووە.

-رەنگاڵە: گۆڤارێکی هونەری بووەو یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان-کۆمیتەی شاخ – ژمارە یەکی لە زستانی ساڵی 1990 دەرکردووە، ژمارە دووی کە دوا ژمارەیە لە هاوینی هەمان ساڵدا دەرچووە.

-هۆرە: گۆڤارێکی تایبەت بووە بە مۆسیقاو لەلایەن یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان-کۆمیتەی شاخ دەرچووە، ژمارەی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ساڵی 1985 دەرچووەو دوا ژمارەش کە ژمارە (3-4)ە، لە یەك بەرگ لە کانوونی یەکەمی 1990 دەرچووە.

## بواری مامۆستا

بواری مامۆستا كه له راستیدا دەكرێ به بەشێك له بوارەكانی رووناكبیری و پەروەردەیی و زانستییش لەقەڵەم بدرێت، بایەخێكی زۆری له نێو رۆژنامەگەریی كوردیدا پێدراوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی كە مامۆستایان بەشدارێكی كارا بوون له شۆڕشی نوێ و هەروەها بەشێكی زۆری ئەو بڵاوكراوە تایبەتانەی بەو بوارەو تەنانەت بوارەكانی تریش دەركراون لەلایەن خودی مامۆستایانەوە دەرچووە، مامۆستا ئەو سەردەمەو ئێستاش توێژی تێگەیشتوو و رووناكبیری نێو كۆمەڵن، پێشەنگی میللەت و پێگەیاندنی نەوەی نوێن، بۆیە بایەخێكی زۆری هەبووە له نێو رۆژنامەگەریی ئاشكراو نهێنیشیدا. ئەو بڵاوكراوانەی كە تایبەتمەند بوون بە مامۆستایان یا ئەو لاپەڕەو پاشكۆیانەی تایبەت بوون بەو بوارە بە زۆری لەم مەسەلانە دەدوان:

-رۆڵی مامۆستا لە پێگەیاندنی نەوەی نوێ و پێشەوایەتی كردنی كێشەی رەوای كورد.

-تێكۆشان و هیممەت كردن بۆ خوێندن، هاندانی خەڵك بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی زانست.

-كێشەو گرفت و ماف و ئەركەكانی مامۆستایان.

-شێوازەكانی وانە وتنەوە.

-كەمیی خوێندنگاو كتێب و كەرەستەكانی دیكەی خوێندن و كێشەكانی دیكەی خوێندنگاو تەنانەت كێشەكانی خوێندكارانیش.

-رۆڵی مامۆستایان لە نێو شۆڕش و پێشمەرگایەتیداو هەروەها رۆڵی لە ناساندنی کێشەی کوردو مەسەلە رەواکەی و هوشیارکردنەوەی خەڵك.

لە نێو رۆژنامەگەریی کوردیدا، وێڕای ئەوەی بڵاوکراوەی تایبەتمەند بە مامۆستا هەبووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لە بڵاوکراوەی بوارەکانی دیکەدا بە تایبەتی پەروەردەیی و رووناکبیری و زانست و گشتیشدا فەرامۆش کرابێت، لە هەندێکیان رووبەرێکی زۆر بۆ لێدوان لە مامۆستا تەرخانکراوە، بە هەمان شێوە مەرجیش نییە ئەو بڵاوکراوانەی لەلایەن مامۆستاوە دەرکراون هەر بە ناوی مامۆستاو بۆ لێدوان لەبارەی مامۆستاوە دەرکرابن، بەڵکو گەلێکیان لەبارەی پەروەردە، قوتابی، زانست، کێشەی نەتەوایەتی و لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەرییش دواون. گرنگترین بڵاوکراوەکانی ئەم بوارە بریتین لە:

-نیشتمان: دەستەیەك مامۆستاو قوتابیی "دار المعلمین"ی سلێمانی لە ئاداری 1959 دەریان کردو هەر ئەو ژمارەیەشی لێدەرچوو.

-بڵێسە: سەندیکای مامۆستایان لقی سلێمانی لە ئابی 1959 دەری کردو کەمتر لە ساڵێك ژیا، هەرچەندە لەلایەن سەندیکای مامۆستایانەوە دەرچوو بەڵام باسی ئەدەب و ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوو و ئەو شتانەی دەکرد.

-دەنگی مامۆستا: ژمارە یەکی لە شوباتی 1971 دەرچووەو لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە"ئۆرگانی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان-لقی سلێمانی"ە.

-بۆ پێشەوە: ژمارە یەکی لە شوباتی ساڵی 1973 لە هەولێر دەرچوو، لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤاری یەکیەتی مامۆستایان لقی هەولێرە"، تەنها یەك ژمارەی لێدەرچوو.

-مامۆستایان: گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەت بووە، ساڵی 1965 ژمارە (1)ی دەرچووەو تا ساڵی 1970 لە دەرچوون بەردەوام بووە.

-ئامانج: كانوونی دووەمی ساڵی 1974 لە بەغدا دەرکراوەو لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە "گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەت"، چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچوو.
-خەباتی مامۆستا: گۆڤاری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەت بوو، ژمارە یەکی لە تشرینی یەکەمی ساڵی 1982 دەرچووەو ژمارە (9-10) کە لەیەك بەرگدایە، دوا ژمارەیەتی و لە ساڵی 1987 دەرچووە.

## بواری کرێکاران

کرێکاران توێژێکی دیکەی گرنگی نێو کۆمەڵن، ئەم توێژە هێزی کارکەری کۆمەڵگان، بە قۆڵ و بازووی ئەوان کۆمەڵگە بنیات دەنرێت، پایەیەکی سەرەکیی ئابووریی وڵاتن، بە هەمان شێوە سووتەمەنیی بەردەوامی سەرجەم بزووتنەوەو شۆڕشەکانن، بوونی کرێکار پەیوەندیی بە کات و قۆناغەکانی ژیانەوە نییە، بەڵام یەکێکە لە کۆنترین ئەو توێژانەی لە نێو میللەتاندا بوونی هەبووە، بۆیە هەر لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەرییەوە بایەخ بەم توێژە دراوە بەڵام بە ئاستی پێویست نەبووە چونکە هەردەم وا سەیری توێژی کرێکاران کراوە کە توێژێکی ئاست نزم و نەخوێندەوارن، بەڵام ئەوە تا شۆڕشەکانی کرێکارانی خایاندووە، دواتر لە زۆربەی جیهاندا کرێکار توێژێکی گرنگ بووە لە چاوی دەسەڵات و میدیاشەوە.

رۆژنامەگەریی تایبەتمەندی کرێکاران کە خۆی لەو بڵاوکراوە رۆژنامەنووسیانە دەبینێتەوە کە بۆ ئەو توێژە تەرخانکراوە، مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی کرێکاران و مافەکانیان و رۆڵیان لە بنیاتنانی کۆمەڵ و شۆڕش و هەستانەوەو بووژاندنەوەی ئابووری و بنیاتنانی وڵات و هەروەها چەندین لایەنی دیکەی پەیوەندیدار بە کرێکارانەوە دەکات.

رۆژنامەگەریی کوردی نەیتوانیوە وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی کرێکاران بکات ئەگەرچی کرێکاران توێژێکی دیاری کۆمەڵن و مافەکانیان وەك پێویست نەبووەو کێشەو گرفتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و خوێندەواریی زۆریان هەبووەو لە هەمان کاتیشدا یەکێك لە بزوێنەرەکانی شۆڕشەکانی کورد بوون، نە پێش ساڵی 1991 و نە دواتریش بایەخدانی میدیا بەم بوارە وەکو پێویست نەبووەو بە زۆری لە کاتی یادەکانی تایبەت بە کرێکاران بایەخ بەم توێژە دراوە، بە دەگمەنی لاپەڕەو پاشکۆی تایبەت بە کرێکاران هەبووە، هەروەك لە نێو بڵاوکراوە گشتییەکاندا بابەتێك یا چەند بابەتێك لەسەر کرێکاران هەبووە، ئەگەر بڵاوکراوەیەکی تایبەتیش بەم بوارە هەبووبێت، ئەوا لەلایەن فەرمانگەیەکی حکومەتی عیراق یا سەندیکاو رێکخراوێکی رەسمیی کرێکاران و یان حزبێکی چەپەوە دەرکراوە. دیارترین بڵاوکراوە لە بواری کرێکاراندا بریتین لە:

-هوشیاری کرێکاران: گۆڤاری "وعی العمال"، لە ژمارە 189-یەوە کە کانونی یەکەمی ساڵی 1972 دەرچوو بەشێکی بۆ زمانی کوردی تەرخانکرد، ئۆرگانی یەکێتی گشتیی کرێکارانی عیراقە.

-کاری میللی: لە تشرینی دووەمی 1968 دەرچووە، وەزارەتی ئیرشاد بڵاوی کردۆتەوە، شازدە ژمارەی لێدەرچووە، پاشکۆی کوردی گۆڤاری "العمل الشعبی"بوو.

## بواری ئابووری

ئابووری یەکێکە لەگرنگترین پێکهاتەکانی مرۆڤایەتیی، فەرامۆشکردنی ئەم بوارەش واتا فەرامۆشکردنی واقعێکی گرنگی پێکهاتەی مرۆڤایەتی. بواری ئابووری بوارێکی زۆر فراوانەو زاراوەیەکە بۆ سەرجەم ئەو کارو چالاکییانە بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندیی بە داهاتو قازانجو زەرەرو بازرگانییەوە هەیە.

ئابووری وەك چەترێکە بۆ زۆر بواری دیکە، پەیوەندیی بە بازرگانی، سامانی سروشتی، دامەزراوە پیشەسازییەکان، ریکلام، گومرگ، داهاتی کارە هونەرییەکانو وەرزشییەکان، بنیاتو بووژاندنەوەی کۆمەڵو کشتوکاڵو ئاژەڵداریو چەندینی تریشەوە هەیە.

بایەخێکی زۆر گرنگ بەم بوارە دەدرێت لە جیهاندا، هەموو یا زۆربەی مرۆڤایەتی بە مەسەلە ئابوورییەکانەوە خەریکن، بۆیە میدیا بەوپەڕی تواناوە بایەخ بەم بوارە دەدات، بەڵام لای کورد کەمترین بایەخ بەو بوارەو لایەنەکانی نێو ئەو بوارە دراوە، بە دەگمەن بابەتو بڵاوکراوەی تایبەت بەم بوارە دەبینرێت بە تایبەتی پێش ساڵی 1991، بەڵام دوای ئەو بەروارە بە رێژەی کەم تا رادەیەك زیاتر گرنگیی بەو بوارە دراوە.

جگە لەو بوارانە، لە هەندێ بواری دیکەی مێژوویی، کۆمەڵایەتی بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی هەبووە، وەك رۆژنامەی زبان کە لە ساڵی 1937 لەلایەن متەسەریفی ئەو کاتەی سلێمانی دەرچوو کە زۆر بایەخی بە مێژوو دەدا[52]، هەروەها رۆژنامەی ژیان-یش لە ژمارەکانی دوا دواییدا تەنیا بایەخی بە ئەدەبیاتو کۆمەڵایەتی دەدا.

## کۆتایی

هەژاریی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە چوارچێوە گشتیەکەیدا، هۆکاری سەرەکیی سستیی پەیدابوونی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەندە. ئەگەر تێبینی بکرێت لە ساڵی 1898-ەوە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی کوردستان-ەوە لە قاهیرە دەرچوو، بەڵام دوای تێپەڕبوونی نزیکەی شازدە ساڵ، ئینجا لە ئاستی کوردی عیراق گۆڤارێکی کوردی لە مانگی شوباتی 1914 لە بەغدا دەرچوو ئەویش "بانگی کورد"بوو کە ئەم گۆڤارە گۆڤارێکی ئەدەبی بووەو بابەتە ئەدەبیەکان بەسەر بابەتە سیاسییەکاندا زاڵ بووە تێیدا، دوای چوار ساڵیش ئنجا بڵاوکراوەیەکی کوردی لە ئاستی کوردی عیراق کە تێگەیشتنی ڕاستی بوو، لە سەر دەستی ئینگلیزو بە سیاسەتو ڕێبازێکی ئینگلیزەکان وەك کۆلۆنیالیستێك، لەبەغدا دەرچوو. سێیەم بڵاوکراوەش "پێشکەوتن" کە لەسەر خاکی کوردستان لە سلێمانی دەرچوو و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بوو لەکوردستانی عیراق، بە هەمان شێوە لەسەر دەستی ئینگلیزێك کە مێجەرسۆن بوو، دەرکرا. هێنانی یەکەمین چاپخانەش بۆ کوردستان کە سوودی بۆ کورد هەبووبێت لەڕووی چاپکردنی ڕۆژنامەو کتێبو بابەتی خوێندەواریی کوردی، لە ساڵی 1921 واتا دوای نزیکەی حەوت ساڵ لە دەرچوونی یەکەم بڵاوکراوەی کوردی عیراق، لەلایەن مێجەرسۆنەوە هێنرا بۆ سلێمانی، ئەم چاپخانەیە ئەگەرچی درەنگ هاتە کوردستان بەڵام لە ڕاستیدا بووە هۆی پێشخستنی بواری ڕۆژنامەنووسیو چاپەمەنی لە سلێمانی چونکە تا ساڵانێکی درێژ هەموو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەو کتێبەکانی سلێمانی بەم چاپخانەیە دەکرا.

هەنگاوەکانی پەرەسەندن و گەشەکردنی رۆژنامەگەریی لە کوردستانی عیراق زۆر خاو بوون، هەژاریی رۆژنامەگەریی کوردیی و درەنگ پەیدابوونی رۆژنامەگەریی لە باشووری کوردستان، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە گرنگترینیان نەبوونی شارەزایانی ئەو بوارە (بواری رۆژنامەگەریی)و هەروەها بواری چاپکردن بە تایبەتی کە چاپکردن ئەوکاتە کارێکی قورس و پێویستیی بە شارەزاییەکی باش هەبوو، هەروەها لایەنی ماددیی و نەبوونی هوشیارییەك بەو ئاراستەیە هۆکاری دیکە بوون، بەڵام بەهاتنی چاپخانە بۆ سلێمانی و هەوڵەکانی مێجەرسۆن بۆ فێرکردنی چەند خوێندەوارێك بە هونەری پیت رێکخستن و کارکردن لە چاپخانەدا، ئیتر وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بە ئاراستەی خزمەتکردن بە زمان و رۆشنبیریی کوردی هاتەئارا. بواری چاپکردنی بڵاوکراوەی رۆژنامەوانی و کتێبیش زۆر پێشکەوت و فراوان بوو. نەك هەر لە سلێمانی، بەڵکو هاتنی چاپخانە بۆ رواندز و هەولێر، زیاتر بووە مایەی فراوانبوونی بواری رۆژنامەگەریی لە کوردستان.

لەگەڵ پێشکەوتنی چاپ و بڵاوکردنەوە، رۆژنامەگەریی تایبەتمەندیش بە شێوەی تایبەتی خۆی هاتەئارا، زۆربەی ئەو رۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە تایبەتمەند بوون بە بوارێك، خۆی لە بوارەکانی دیکەش داوەو بەشێکی رووبەرەکەی بۆ بابەتی بوارەکانی دیکەش تەرخان کردووە، واتا لەسەدا سەد تەرخان نەکراوە بۆ بوارێك، بەڵام پشکی شێر بۆ ئەو بوارە بووە کە بڵاوکراوەکە پێی ناسراوە یا پێی تایبەتمەند بووە، گۆڤاری بانگی کورد کە لە 8ی شوباتی ساڵی 1914 لە بەغدا دەرچوو، یەکەمین بڵاوکراوەی رۆژنامەگەریی کوردی عیراق بووەو خەسڵەتی بڵاوکراوەیەکی تایبەتمەندیشی هەبووەو بایەخی بە ئەدەب داوەو زۆربەی زۆری بابەتەکانی ئەو چەند ژمارە کەمەی لێی دەرچوو، بریتی بوو لە بابەتی ئەدەبی بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا بابەتی سیاسییشی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها گۆڤاری پەیژە کە لە ساڵی 1927 لە بەغدا دەرچوو، یەکێکە لەو گۆڤارانەی بەمشێوەیە بووە، لەو تاقە ژمارەیەی کە دەرچوو،

کۆمەڵێك شیعرو وتار بڵاوکراونەتەوە، دوای ئەوەش چەند بڵاوکراوەیەکی تریش دەرچوون کە زیاتر بایەخیان بە بوارێکی دیاریکراو دەدا.

بە تێپەڕبوونی کاتو پێشکەوتنی زیاتری خوێندەواریو هونەری چاپکردن، بڵاوکراوەو کاری رۆژنامەگەرییش زیاتر پەرەی سەند، بۆیە وردە وردە رۆژنامەگەریی تایبەتمەندیش پەرەی سەند، بەڵام ئەو پێشکەوتنەی لە رۆژنامەگەریی تایبەتمەند هاتەئارا تا ساڵی 1991 چەند بوارێکی دیاریکراوو سنوورداری گرتەوە وەك: خوێندکارو لاوان، ئافرەتان، ئەدەبو رۆشنبیری، مامۆستایان، سەربازی، کشتوکاڵو جوتیار، کرێکار، هونەر، پەروەردەو زانستو منداڵان.

لەنێو ئەو بوارانەش بەپێی کاتو بارودۆخو گرنگیی بابەتو مەسەلەکان بەلای جەماوەری ئەو سەردەمەو هەروەها بەپێی پێویستیی قۆناغەکە چەند بوارێك زۆر زیاتر گرنگیان پێدراوەو بوونەتە بابەتی رۆژنامەگەریی تایبەتمەندو بڵاوکراوەی تایبەتیان بۆ تەرخانکراوە، گرنگترین ئەو بوارانەش بریتی بوون لە:

1-ئەدەبو رۆشنبیری: زۆربەی ئەوانەی کە لە سەرەتادا بڵاوکراوە رۆژنامەنووسییەکانیان دەرکردو بە کاری رۆژنامەگەرییەوە خۆیان خەریك کرد، ئەدیب بوونو لە چێوەی رۆشنبیریو فەرهەنگیی گشتیدا خۆیان دەبینیەوە، واتا کاریگەریی ئەم بوارەیان لەسەر بووەو زیاتر لەم چوارچێوەیەوە خزمەتی زمانو فەرهەنگو مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردیان کردووە. بابەتەکانی ئەم بوارە بە زۆری شیعر، چیرۆك، وتاری ئەدەبیو زمانەوانیو فەرهەنگی بووە.

2-خوێندکارو لاوان: لە کاتێکدا کە خوێندکارو لاوان هێزو بازووی هەموو کۆمەڵگەیەكو بزوێنەرو سووتەمەنیی هەموو شۆڕشو هەڵسانەوەو راپەڕینێکنو خوێن گەرمنو دەکرێ بە ئاسانی ئاڕاستەو رێنوێنی بکرێن، هەروەها لەبەرئەوەی خوێندن وەك مەسەلەیەکی زۆر گرنگ لێی دەڕوانرا کە دەروازەیەکە بۆ رزگاربوونی میللەت لە دەست جەهلو نەزانین، بە هەمان شێوە

به هۆی توانای خوێندکارو لاوان لە کارکردن لە بواری رۆژنامەگەرییدا، بۆیە ئەم بوارە بایەخێکی زۆری پێدراوە.

3–پێشمەرگەو سەربازی: ئەم بوارە بە تایبەتی لە دوای فراوانبوونی هێزی چەکداریی کوردستان و تەشەنەسەندنی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان هێزی چەکداریی کوردستان "پێشمەرگە"و هێزەکانی حکومەتی عێراق، گەشەی کردووە، زۆربەی ئەو بڵاوکراوانەی تایبەت بوون بەم بوارە خۆی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکیەکانی پێشمەرگەو هەروەها ستایش کردن و بەرز نرخاندنی رۆڵی پێشمەرگەو ناساندنی شەهیدەکان بینیوەتەوە.

4–مامۆستا: زۆر لە مامۆستایان کە توێژی تێگەیشتوو و رووناکبیری ئەو سەردەمە بوون، خۆیان بەشداربوون لە پرۆسەی رۆژنامەگەریی کوردستانداو هەروەها بەشدارییەکی کارایان هەبووە لە شۆڕشەکاندا، پەروەردەکاری نەوە یەك لە دوای یەکەکان بوون و رێزو پێگەو بایەخێکی زۆریان لەنێو کۆمەڵدا هەبووە.

**پەراوێزەکانی بەشی سێیەم:**

1– کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1978، لاپەڕە 49

2– د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی راستی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 30

3- نزار جرجيس علي، حرب الكلمة، اربيل، 1998، وزارة الثقافة لاقليم كردستان العراق، لاپەڕە 153

4- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 44

5- فاروق عەلی عومەر، رۆژنامەگەریی کوردی لە عیراقدا"بەراییەکان 1914-1939"، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001، لاپەڕە 67

6- کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 50

7- تێگەیشتنی راستی، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 56

8- عونی عبدالفتاح عزام، الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 1و 2

9-دليل الصحفي في العالم الثالث، البرت ل. هستر، واى لان، جى، تو، ترجمة كمال عبدالرؤوف، الدار الدولية للنشر والتوزيع، 1988، القاهرة، لاپەڕە 139

10- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 34

11- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 35

12-بڕوانە هەفتەنامەی بەیانی، ژمارە 13، 30-4-2006، لاپەڕە 9، بابەتی "لە سمود ژیان وەستاوە"، ریپۆرتاژی شنۆ عوسمان.

13- لە زۆربەی رۆژنامەکانی کوردستاندا، لاپەڕەی تایبەت بە ئافرەتو ژنان هەیە، ئەو لاپەڕانە کە دەچنە خانەی رۆژنامەگەریی تایبەتمەند بە ژنان بە تەواوی تەرخان کراوە بۆ قسەو باس لەسەر مەسەلەو لایەنەکانی تایبەت بە ژنان، مەرجیش نییە تەنها قەڵەمی ژن تێیدا بنووسێت، بەڵکو گەلێجار لەو لاپەڕانەدا قەڵەمی پیاویشی تێدایە کە باس لە لایەنێکی ژیانی ئافرەتان دەکات وەك چۆن لە بڵاوکراوە تایبەتمەندەکانی ژنانو ئافرەتانیشدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی لاپەڕەکانی دیکەی ئەو رۆژنامانەی کە لاپەڕەی تایبەتیان بۆ مەسەلەی ژنانو ئافرەتان تەرخانکردووە، قەڵەمی ژنان لە پاڵ هی پیاوان بەدیی دەکرێتو لە سەر زۆر مەسەلەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو

پەروەردەو ئەدەبیو هونەریو زانستیو میدیاییو چەندین بواری دیکە بەرهەمیان هەیە بە هەموو جۆرەکانی هونەری رۆژنامەوانییەوە هەر لە وتار، ریپۆرتاژ، هەواڵ تا دەگاتە چاوپێکەوتنو وەرگێڕان"بڕوانە رۆژنامەکانی کوردستانی نوێ، خەباتو هەروەها رۆژنامە حزبیەکانی دیکە".

14- رێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان لە کوردستان کە زۆربەیان سەر بە حزبەکانن، بڵاوکراوەی وەك گۆڤارو رۆژنامەی تایبەت بە بواری کاری خۆیان کە ئافرەتانو ژنانە دەردەکەن.

15- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، لاپەڕە 37

16- هەمان سەرچاوەی پێشوو، 39

17-د.راجية احمد قنديل، تشكيل الرأي العام حول قضايا المرأة، بحث، جامعة القاهرة، ايلول 2003

18-عواطف عبدالحميد، واقع المرأة العربية وصورتها في الصحافة النسائية، بحث، موقع المحيط، 11ی حوزەیرانی 2003

19-د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 244

20-نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەڕی رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2001، لاپەڕە 101

21- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 116

22- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 26

23-هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 25

24- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی-شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، لە پڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1978، لاپەڕە 257

25-نەژاد عەزیز سورمێ، رۆژنامەگەریی کوردی- چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنینكو هونەرەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر، کتێبی برایەتی 3، لاپەڕە 109

26- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی راستی-شوێنی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 242

26–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 244

27– ڕۆژنامەگەریی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، موسا ئەحمەد، هەولێر، لاپەڕە13

28-المرشد في علم الصحافة، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 190

29–هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 191

30- د. ادیب خضور، الاعلام المتخصص، سەرچاوەیەکی پێشووە، لاپەڕە 53

31– هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 56

32–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 58

33– فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەریی کوردی لە عێراقدا _بەراییەکان 1914–1939، وەرگێڕانی تاریق کارێزی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریانی، لاپەڕە 71

34-نزار جرجيس علي، حرب الكلمة، اربيل، وزارة الثقافة، لاپەڕە.157

35- د.مؤيد الخفاف، الاعلام المتخصص، بغداد، لاپەڕە 53

36–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە54

37–هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 41

38–هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو


هەروەها سوود لەم سەرچاوانەش وەرگیراوە:

سەرچاوە کوردییەکان:

1- گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە 1، 22–نیسان، 2000، سەرەتای ڕۆژنامەگەریی جیهانیو ڕۆشنایی بۆ سەر ڕۆژنامەگەریی فەرەنسیو بەریتانیو ئەمریکیو عەرەبی، ئامادەکردنی غەریب شێخ ڕەئوف، لاپەڕە 137–138

2–ڕووناکی، یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، ئامادەکردنو پێشەکی د.کوردستان موکریانی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2001

3–نەوشیروان مستەفا ئەمین، ژیان.. بە تەمەنترین رۆژنامەی کوردی، سلێمانی، 2001، لە بڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ

4–دیاری کوردستان (1925–1926)، ئامادەکردنی رەفیق سالح، لێکۆڵینەوەی نەوشیروان مستەفا ئەمین‌و سدیق سالح، سلێمانی، 2001، چاپکراوی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم

سەرچاوە عەرەبییەکان:

1- محمد ابو زيد، مجلات الاطفال في العالم العربي خارج نطاق الخدمة-عندما تصبح الكتابة للاطفال مهنة من لامهنة له، تحقيق صحفي، القاهرة، 2004، موقع المحيط

2-فاروق علي عمر، مفاتيح السلطة الرابعة.. كيف تصبح صحفيا في عالم متحول، بغداد، 2002

3-ناصر عراق، الصحافة الثقافية مشاكلها كثيرة وآفاقها في خطر، سبتمبر 2004، المؤتمر نيت

4-د.اديب خضور، المسألة الصحية في الصحافة السورية (صحيفة تشرين نموذجا دراسة في تحليل المضمون)، دمشق، 1999

ئەم بەرهەمە لەبنەڕەتدا توێژینەوەیەك بووە وەك پێداویستیی وەرگرتنی بڕوانامەی بەكالوریۆس لە بەشی ڕاگەیاندنی زانكۆی سلێمانی لەساڵی 2006، پێشكەشكراوە، لێرەدا دوای كۆمەڵێك دەستكاریی و گۆڕانكاریی كردن تێیدا، بە پێویستمانزانی بڵاوی بكەینەوەو بیخەینە بەردەستی ڕۆژنامەوانان و خوێنەری كورد بەو هیوایەی ببێتە مایەی سوود گەیاندن بەهەموو لایەك.

بڵاوكراوەكانی دیكەی نووسەر:

| | | |
|---|---|---|
| 1-ریپۆرتاژی رۆژنامەنووسی | وەرگێڕان | ساڵی 2001 |
| 2-ئازادیی لەرۆژنامەگەریی حزبیدا | رۆژنامەگەری | ساڵی 2002 |
| 3-هونەری رۆژنامەنووسی | رۆژنامەگەری | ساڵی 2004 |
| 4-بەر لەخۆرهەڵاتن | نۆڤلێت | ساڵی 2006 |
| 5-كڵاشەكانی باوكم | كۆمەڵە چیرۆك | ساڵی 2006 |

KARWAN ALI

# SPECIALIST JOURNALISM

